بارەگای بارزانی: سەرۆک بارزانی تێبینی لەسەر شێواز و بەرنامەی کاری عەللاوی و میکانیزمی دیاریکردنی کاندیدەکان هەیە

هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی کاندیدی بۆ پۆستە وەزارییەکان هەبێت

دوێنێ چوارشەمە 2020/2/26 بارەگای بارزانی لە بارەی هەڵوێستی سەرۆک بارزانی سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق، راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە: سەرۆک بارزانی تێبینی لەسەر شێواز و بەرنامەی کاری عەللاوی و میکانیزمی دیاریکردنی کاندیدەکان هەیە بۆ پۆستە وەزارییەکانی حکوومەتی عێراق. ئەو شێواز و میکانیزمە ڕەچاوی ماف و داواکاریی پێکهاتەکان و تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان ناکات. ئەمەش دەقی راگەیەندراوەکەیە:

ڕاگەیێندراوێک لە بارەگای بارزانییەوە

لەپاش ڕاسپاردنی بەڕێز محەمەد عەللاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق لە چەند میدیایەکی عەرەبی و کوردی وا بڵاوبووتەوە کە گوایە جەنابی سەرۆک بارزانی لەبەر کێشەی کەسی و دانانی هەندێ کەسی نزیک لە خۆی بۆ وەرگرتنی وەزارەتەکان کێشەی لەگەڵ بەڕێز عەللاوی و پڕۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی تازەدا هەیە.

لێرەدا بە گشت لایەک ڕادەگەیێنین کە ئەم بابەتە هیچ بنەمایەکی نییە و سەرۆک بارزانی تێبینی لەسەر شێواز و بەرنامەی کاری عەللاوی و میکانیزمی دیاریکردنی کاندیدەکان هەیە بۆ پۆستە وەزارییەکانی عێراق. ئەو شێواز و میکانیزمە ڕەچاوی ماف و داواکاریی پێکهاتەکان و تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان ناکات و بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی قووڵتربوونی قەیرانە سیاسییەکانی عێراق.

بەڵای سەرۆک بارزانییەوە ناوی کەسەکان ئەوڵەوییەت نییە بەڵکو ئەوەی گرنگە پابەندبوونی هەموو لایەکە بۆ ئەوەی بنەماکانی شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق لە پڕۆسەی سیاسی و حکوومەتی داهاتوودا ڕەچاو بگیرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەروەک چۆن هەندێ لایەن بەڕێز عەللاویان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کاندید کردووە، هەرێمی کوردستانیش مافی خۆیەتی کاندیدی بۆ پۆستە وەزاریەکان هەبێت و پێویستە ڕێز لەو مافەی هەرێمی کوردستان بگیرێت.

بارەگای بارزانی
26ی 2ی 2020



ڕاگەیێندراوێک لە بارەگای بارزانییەوە
ئەمساڵ ڕێوڕەسمی جەماوەریی یادەکانی وەفات و لەدایکبوونی جەنابی بارزانیی نەمر ئەنجام نادرێت

بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەی لەدوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەری عێراق و هەندێ شوێنی جیهان هاتووەتە ئاراوە، و لە پێناو پاراستنی تەندروستیی گشتیی خەڵک، پێمان باشە کە ئەمساڵ ڕێوڕەسمی جەماوەریی یادەکانی وەفات و لەدایکبوونی جەنابی بارزانیی نەمر ئەنجام نەدرێت. وێڕای سوپاسگوزاریمان بۆ هەست و سۆزی جەماوەری خۆشەویستی کوردستان بەڵام تەندروستیی هاوواڵتیان لە هەموو شتێک گرنگترە.

بارەگای بارزانی
26ی 2ی2020

سەرۆک بارزانی پەیامی ماتەمینی بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرۆکی پێشووتری میسر ئاراستەی کۆنسوڵخانەی میسر لە هەولێر کرد

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5942) پێنج شەممە 27ی شوبات 2020 «16» لاپەرە «500» دینار

ئەمڕۆ سەرۆک بارزانی 251 کتێبی بە زانکۆی هەڵەبجە بەخشی



لە چوارچێوەی کەمپینی کۆکردنەوەی کتێب بۆ کتێبخانەی زانکۆی هەڵەبجە، سەرۆک بارزانی 251 کتێبی سەرچاوەی جۆراوجۆری بە کتێبخانەی زانکۆی هەڵەبجە بەخشی. دوێنێ چوارشەمە بەسام عەلی، بەرپرسی لقی12ی پارتی، بە نوێنەرایەتیی سەرۆک بارزانی کتێبەکانی گەیاندووەتە زانکۆی هەڵەبجە و لەو بارەیەوە بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: لە چوارچێوەی ئەو کەمپینەی بۆ کۆکردنەوەی کتێب بۆ کتێبخانەی زانکۆی هەڵەبجە ڕاگەیەندراوە، ئەمڕۆ سەرۆک بارزانی 251 کتێبی سەرچاوەی جۆراوجۆری بۆ زانکۆی هەڵەبجە کردە دیاری.

دەشڵێ: سەرۆک بارزانی هەوڵی جێددی دا بۆ بەپارێزگابوونی هەڵەبجە و بنیاتنانی زانکۆی هەڵەبجە، بەردەوامیش ڕێنمایی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە بووە، کە چییان پێ دەکرێت بۆ هەڵەبجەی بکەن. عەلی زیاتر ڕوونی کردەوە: سەرچاوەکانی 251 کتێبەکەی زانکۆی هەڵەبجە هەمەجۆرن و میژووی شارستانییەت و هەروەها دیرۆکی بەشەریەتی تێدایە، جگە لەوەش چەندین سەرچاوەی تری میژوویی لە خۆ گرتووە و قوتابیان سوودی باشی لێ وەردەگرن، ئەمەش چەندەمین جارە سەرۆک بارزانی کتێب بە کتێبخانەی زانکۆی هەڵەبجە دەبەخشێت. ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: پێویستە تەواوی لایەنە سیاسییەکان و سەرۆکایەتییەکان دیاریی خۆیان پێشکەش بە کتێبخانەی زانکۆی هەڵەبجە بکەن، چونکە کتێبخانەکە پێویستی بە دەوڵەمەندکردن هەیە.



تەرمی دکتۆر حەمید ئاکرەیی گەیشتەوە کوردستان

2

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە هاوسەرۆکانی یەکێتی دەکات

دوێنێ چوارشەمە، 2020/2/26 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێزان بافڵ تاڵەبانی و لاهوور شێخ جەنگی، بەبۆنەی هەڵبژاردنیانەوە بە هاوسەرۆکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پیرۆزبایی لێکردن و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، وێڕای هیوای سەرکەوتن بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، باسی لە ڕۆڵی دیاری یەکێتی لە قۆناغەکانی خەباتی گەلی کوردستاندا کرد و جەختی لە گرنگیی پێگە و هەوڵەکانی یەکێتی لەپێناو تەبایی و یەکڕیزیی پێکهاتە و لایەنە کوردستانییەکاندا کردەوە، هەروەها هیوای خواست هەڵبژاردن و دەستبەکاربوونیان، خزمەت بەو یەکڕیزییە و ئاواتەکانی خوالێخۆشبوو جەنابی سەرۆک مام جەلال بکات.

بۆ بازرگانیکردن هیچ بەربەستێک لەبەردەم هەرێمی کوردستان نییە

بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانیی هەولێر، هێمن مراد حەسەن ڕایگەیاند کە هاوردەکردنی کاڵاکان زیاتر لە دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل-ەوە دەکرێت بۆیە بە وەستانی جموجۆڵی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، گرفتی گەورە لە بازاڕەکاندا ڕوو نادات. هێمن مراد حەسەن لە لێدوانێکدا گوتی: دوای ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ژمارەیەک ناوچەی ئێران بڵاوبوویەوە، بۆ ڕێککخستنەوەی جموجۆڵی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، سنوورەکان بەشێوەیەکی کاتی داخراون، چاوەڕوانی ڕێنماییەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین تا بزانین بە چ شێوەیەک جموجۆڵی بازرگانی ئەنجام بدرێت.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا 10کۆمپانیای ئێرانی نەیانتوانی لە دوازدەهەمین پیشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ بیناسازی بەشداری بکەن

هەرێمی کوردستان... نێرگەلەکێشان لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە دەکرێت

نەبەز عەبدولحەمید، قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، نێرگەلەکێشان لە شوێنە گشتییەکانی هەولێر قەدەغە دەکرێت. قائیمقامی هەولێر ڕاشیگەیاند، لە ڕۆژی یەکشەمەی داهاتووەوە بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت و هەر شوێنێکیش پابەندی بڕیارەکە نەبێت، شوێنەکەی دادەخرێت و سزا دەدرێت.

لە سلێمانیش، بەمەبەستی ڕێگریکردن و خۆپارێزیی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی ڕایگەیاند: بەمەبەستی ڕێگریکردن و خۆپارێزیی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەلایەن ئەنجومەنی باڵای بەزوترینکات بڕیاری داخستنی ئەو شوێنانە دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەشکر حەمید، سەرۆکی لێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی ڕایگەیاند: بەمەبەستی ڕێگریکردن و خۆپارێزیی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ڕوبەڕوبونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا بڕیاریداوە شوێنی کێشانی نێرگەلە و مەلەوانگە دابخرێت لەگەڵ ڕاگرتنی لایف موزیک لە شوێنە گشتییەکان و بڕیارەکە دەستپێدەکات لە دووشەممەوە و کۆمەڵایەتییەکان کە قەدەبالغی دروست دەکەن.

زیاتر لەلاپەرە شەش بخوێنەوە



ڤایرۆسی کۆرۆنا هەڕەشە لە یورۆی 2020 دەکات

زیاتر لەلاپەرە 15 بخوێنەوە

تەرمی دکتۆر حەمید ئاکرەیی گەیشتەوە کوردستان



دوێنێ چوارشەمە تەرمی دکتۆر حەمید ئاکرەیی لە نەمساوە گەیشتەوە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و لەلایەن بەرپرسانی بااڵ و هەڤاڵانییەوە پێشوازی لە تەرمی دکتۆر حەمید کرا.

جێی باسە، ئاکرەیی پێشمەرگەیەکی دێرینی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا ڕۆڵێکی باڵای لە دەڤەری ئاکرێ و شێخان هەبووە و، کەسێکی کوردپەروەر و خودان بیروباوەڕ بووە. لە دوای نسکۆی شۆڕش، دکتۆر حەمید ڕووی کردۆتە دەرەوەی وڵات و دکتۆرای ئەلکترۆنیاتیشی لە بەلجیکا بەدەستهێناوە، لە کاتی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵانیش، گەڕاوەتەوە نێو ریزەکانی پێشمەرگە و لەگەڵ هەڤاڵانیدا جارێکی دیکە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی دامەزراندۆتەوە. دوای ڕاپەڕینیش بۆتە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، هەروەها چەندین بەرپرسیاریەتی حزبی و حکوومی پێ سپێردابوو کە توانی سەرکەوتوانە و لەخۆبردوانە و دڵسۆزانە بەئەنجامیان بگەیەنێت.

محەمەدی حاجی مەحمود بۆ خەبات:

پێویستە کوردستان داهاتەکەی کۆبکاتەوە و چاوی لە مووچەی بەغدا نەبێ



سەرۆکی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان داوا دەکات، هەرێمی کوردستان داهاتەکەی خۆی کۆبکاتەوە و چیتر چاوی لەو بڕە پارەیە نەبێت کە لە بەغداوە وەک مووچە دەنێردرێت. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق، پێشتر بەهۆی گەندەڵییەوە فەرمانی گرتنی هەبووە.

محەمەدی حاجی مەحمود بە خەباتی ڕاگەیاند، عێراق بە دۆخێکی خراپدا تێدەپەڕێت، ئەو دەولەتە خاوەنی بڕیار و سەروەری نییە و لە دەرەوەی عێراقەوە بڕیارەکان دەدرێن، بۆیە واباشە کورد پێویستی بە بەغدا نەبێت، بە تایبەتیش لە ڕووی ئابووریییەوە، بەڵکوو "دەبێت ناوماڵی خۆمان ڕێک بخەینەوە، چونکە ئەوەی ئێستا ڕووددات لە شێوازی مامەڵەکردنی لایەنی عێراقی لەگەڵ کورد، دەرئەنجامی پەرتەوازەیی کورەد."

هاوکات بە پێویستی زانی کە هەرێمی کوردستان داهاتەکەی خۆی کۆبکاتەوە و هەوڵی زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات و کۆکردنەوەی (گومرگ، باج، داهاتی نەوت) و کەمکردنەوە و نەهێشتنی بەهەدەردان و گەندەڵی بدات، تاوەکوو بتوانێت خۆی پێویستییەکانی لە مووچە و خەرجییەکانی دیکە دابین بکات، گوتیشی: "مووچە ئەوەندە دەهێنێت تا ئێمە ئاوا بکەین بەرانبەر بە بەغدا؟."

محەمەدی حاجی مەحمود پێیوایە کە ئەو جموجۆڵانەی لەم دواییانەدا لەلایەن داعشەوە دەستیان پێکردووە، گومانەوین و بەغداش لەم ڕووەوە خەمساردە، چونکە "خۆیان کارئاسانی و زیندووکەرەوەی داعشن."

ئەوەش ناشارێتەوە کە دوور نییە هەندێک خەڵکی عەرەب بۆ وەدەرنانی کورد لەسەر خاکی خۆیدا، تەقە لە ماڵە کوردەکان بکەن و وانیشان بدەن کە چەکداری داعشن.

باسیشی لە قسەکانی موقتەدا سەدر لە دژی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان کرد و بە بەشێک لە بیروباوەڕی قەبوڵنەکردنی کورد لە عێراق وەسفی کرد. لەبارەی کاندیدی ڕاسپێردراویشەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق گوتی: "محەمەد تۆفیق عەاڵوی وەزیر بوو، لەبەر گەندەڵی ڕایکرد و فەرمانی گرتنی هەبوو، دواتر بووە ئەندامی حزبوڵا ."لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ، کاکە حەمە نەیشارەدەوە کە ئەو دۆخەکە بۆ کورد لە عێراق بە مەترسیدار دەزانێت و پێیوایە کە واباشە سەرۆک بارزانی لەمبارەیەوە "بێتە سەرخەت."

عەبدولحوسێن موسەوی داوای کرد کە ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە

سەرۆکی پارتی ئیسالمی کوردستان عەبدولحوسێن موسەوی داوای کرد کە ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە و ڕایگەیاند کە ئەمریکا بەردەوام هەڕەشەی لە عێراق کردووە.

موسەوی ئەمڕۆ لە کۆنگرەی پارتیەکەیدا لە هەولێر ڕایگەیاند کە ئەمریکا بەردەوام هەڕەشەی لە عێراق کردووە و ئەمەش بەرژەوەندی عێراق و هەرێمی کوردستان تێکدەدات.

موسەوی ڕایگەیاند کە ئەمریکا بەردەوام هەڕەشەی لە عێراق کردووە و ئەمەش بەرژەوەندی عێراق و هەرێمی کوردستان تێکدەدات.

عوسمان بایدەمیر: هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆیەوە دیوە

پێویستە لەسەر بنەمای ئاشتی و پێکەوەژیان و دانوستاندن قسە بکەین



سیاسەتمەداری دیاری کوردستان، عوسمان بایدەمیر ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان نمونەی جوانی ناوچەکەیە و بووەتە هێمایەکی جوان بۆ تەواوی کوردستانییەکان. عوسمان بایدەمیر لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاندووە، پێش دوو ساڵ هاتمە هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی جوان و ڕێکوپێک بوو، کەچی دوای دوو ساڵ جارێکیتر هاتمەوە، گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەوەش منی دڵخۆش کرد. بایدەمیر ڕاشیگەیاندووە ئەوەی لە هەرێمی کوردستانیش بەڕێوە دەچێت، نمونەیەکی جوان بوو، پەرلەمانی کوردستانیش هەموو پێکهاتە و ئایینەکانی لە خۆی گرتبوو، ئەوە جێگای سەرنجم بوو، کە دەزگایەکی گەورە لە وڵاتدا ببێتە چەتری هەموو لایەنە جیاوازەکان و هەموو دەنگ و ڕەنگەکان خۆیان لەو دەزگا گەورەیەدا ببینننەوە. بایدەمیر ئاماژەی دا: پێویستە هەموومان لەسەر بنەمای ئاشتی و پێکەوەژیان و دانوستاندن قسە بکەین بۆ ئەوەی بگەین بە مافەکانی خۆمان.

ئێران.. ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 19 و ژمارەی تووشبووانیش گەیشتە 139 کەس



لە ئێران چوار کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەست دا، بەوەیش ژمارەی ئەوانەی بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە، 19 کەس و ژمارەی تووشبوانیش 139 کەس.

بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە وەزارەتی تەندروستی ئێران، کیانوش جیهانپور ئاشکرایکرد کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، چوار کەسی دیکە گیانیان لەدەستداوە و لە پێرێوە 44 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە.

کیانوش جیهانپور ئەوەیشی خستەڕوو کە بەپێی دوایین ئامار ژمارەی ئەوانەی لە وڵاتدا بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ 19 و ژمارەی تووشبوانیش بۆ 139 کەس.

کیانوش جیهانپور هەروەها باسی لەوە کرد کە ڤایرۆسەکە بەزۆری لە پارێزگاکانی قوم و گیلان بااڵبووەتەوە.

لە الیەکی دیکەشەوە بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی سکای پرێس، وەزیری تەندروستی ئێران نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی وەزیری دەستەاڵتدارانی ئێران و ڕاگەیاندووە کە ناتوانێ کۆنترۆڵی بااڵبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بکات. هەمان سەرچاوە دەشڵێت: لە نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی وەزیری تەندروستی ئێراندا هاتووە: لەماوەی نزیکەی چل ڕۆژ لە بااڵبوونەوەی ڤایرۆسەکە، تا ئێستا 468 کەس گیانیان لەدەستداوەو نۆ هەزار 761 کەسیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

عێراق 800 هاووڵاتیی کە لە چین و ئێران گەڕاونەتەوە کەرەنتین دەکات

سەرچاوەیەکی پزیشکی لە عێراق ڕایگەیاند کە 800 هاووڵاتی کە لە ئێران و چینەوە گەڕاونەتەوە وڵات بەگومانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە کەرەنتین کراون و بۆ ماوەی دوو هەفتە دەخرێنە ژێر چاودێری وردی تەندرستییەوە.

ڕۆژی سێشەمە وەزارەتی تەندروستی عێراق ڕایگەیاندبوو، چوار حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەرکووک و یەک حاڵەت لە نەجەف تۆمارکراوە. سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە لێدوانێکدا گوتی: لەمیانی ئەم هەفتەیەدا، 800 هاووڵاتی لە ئێران و چینەوە گەڕاونەتەوە و لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بۆ ماوەی دوو هەفتە دەخرێنە ژێر چاودێری وردی تەندرستییەوە و پشکنینیان بۆ دەکرێت. ئاماژەی بەوەشکرد کە زۆربەی ئەو هاووڵاتییانەی کە گەڕاونەتەوە پێشتر لەچوارچێوەی گرووپە گەشتیارییەکاندا سەردانی شاری قوم و شارەکانی دیکەی ئێرانیان کردووە. لای خۆیەوە بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی ناوچەی کەرخ لە بەغدا، چاسب لەتیف لە ڕاگەیەندراوێکدا باڵویکردەوە کە 36 هاووڵاتی داوای گەڕانەوەیان لە ئێران لە نەخۆشخانەی فورات لە بەغدا، خراونەتەوە ژێر چاودێری وردی تەندروستییەوە.

چاسب لەتیف ئاماژەی بەوەیشکردووە کە تەندروستی ئەو کەسانە جێگیرە و نیشانەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لێیان بەدی نەکراوە و داوای دەرکەوتنی ئەنجامی پشکنینەکان حاڵەتەکانیان یەکالیی دەکرێتەوە.

هاوکات ئەندامی لیژنەی تەندروستی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عەبدولحوسێن موسەوی داوای کرد کە دەوامی قوتابخانە و زانکۆکان بۆ ماوەی یەک مانگ بکرێتە ڕاگرتووە. لەوبارەوە گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، نادر ڕوستی ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە: لەبەر پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، هاتنی گرووپە گەشتیارییەکان لە دوێنێ چوارشەمەوە تا کاتێکی نادیار بۆ شارەکانی هەرێم ڕاگیراوە. جێی باسە لەچوارچێوەی پێشگرتن لە باڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە پارێزگاکانی نەینەوا، سەاڵحەددین، دیالە، نەجەف، کەرکووک، هەولێر، دهۆک و سلێمانی ڕاگەیەنراوە.

12 حاڵەتی گوماناویی تووشبوون بە کۆرۆنا لە موسڵ هەیە

بەڕێوەبەری تەندروستیی پارێزگای نەینەوا بوونی 12 حاڵەتی گوماناویی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە سنووری پارێزگاکە ئاشکرا کرد. دوێنێ چوارشەمە دکتۆر فەاڵح ئەلتائی، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی پارێزگای نەینەوا بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، فەرمانگەی تەندروستیی نەینەوا 12 کەسی ڕاگرتووە کە گومان دەکرێت تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا بن.

ئەلتائی ئەوەشی ڕوون کردەوە کە ئەو 12 کەسەی ڕاگیراون، لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە سنووری پارێزگاکە و ئێستا لە نەخۆشخانەی (سەاڵم)ی گشتی لە موسڵ خراونەتە ژێر چاودێری پزیشکییەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە دوێنێ سێشەمە 25ی شوباتی 2020 وەزارەتی تەندروستیی عێراق بە فەرمی چوار حاڵەتی کۆرۆنای لە پارێزگای کەرکووک ڕاگەیاند لەنێو خێزانێکدا کە لە ئێران گەڕابوونەوە، پێشتریش حاڵەتێکی تووشبوون بە کۆرۆنا لە عێراق، پێویستە لیژنەی باڵا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ڕێوشوێنی خۆپاراستن بگۆڕێت بۆ ڕێوشوێنی ڕووبەڕووبوونەوە و پێشگرتن لە باڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە.

لەالیەکی دیکەوە دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە بەهۆی کۆرۆناوە، هاتنی گرووپە گەشتیارییەکانی لە ناوچەکانی عێراق بۆ شارەکانی هەرێم ڕاگرتووە. لەوبارەوە گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، نادر ڕوستی ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە: لەبەر پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، هاتنی گرووپە گەشتیارییەکان لە دوێنێ چوارشەمەوە تا کاتێکی نادیار بۆ شارەکانی هەرێم ڕاگیراوە. جێی باسە لەچوارچێوەی پێشگرتن لە باڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە پارێزگاکانی نەینەوا، سەاڵحەددین، دیالە، نەجەف، کەرکووک، هەولێر، دهۆک و سلێمانی ڕاگەیەنراوە پشووی فەرمی.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/2/27 ژمارە (5942)

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان گەشتی هاوولاتییانی پێنج ولاتی بۆ هەرێم قەدەغە کرد

وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گەشتی هاوولاتییانی پێنج ولاتی بۆ هەرێمی کوردستان قەدەغە کرد. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا دەڵێت، بڕیار دراوە کە پێدانی ڤیزا و هاتنە ژوورەوە بۆ هەڵگرانی پاسپۆرتی ولاتانی تایلاند، کۆریای باشوور، ژاپۆن، ئیتاڵیا و سینگاپور قەدەغە بکرێت.

هاوکات وەزارەتی ناوخۆ رایگەیاندووە هاوولاتییانی بیانی و عێراقیش کە سەردانی ئەم ولاتانەیان کردووە، رێگەیان پێنەدرێت سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن. وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها راشیگەیاندووە کە ئەو هاوولاتییانەی هەرێمی کوردستان کە سەردانی ئەم ولاتانەیان کردووە لەمیانی گەڕانەوەیان بەپێی رێنمایییەکانی وەزارەتی تەندروستی رەوانەی کەرەنتین دەکرێن.

هاوکات وەزارەتی ناوخۆ داواشی لە هاوولاتییانی هەرێمی کوردستان کردووە کە لە حاڵەتی زۆر پێویست نەبێت سەردانی کەرکووک و نەجەف نەکەن. داواشی لە تیمی پشکنینی وەزارەتی تەندروستی کردووە لە سەرجەم خاڵەکانی پشکنین لەنێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق جێگیر بکرێن و پشکنین بۆ هەموو ئەو هاوولاتییانە بکەن کە لە پارێزگاکانی تری عێراقەوە دێنە هەرێمی کوردستان.



سەرۆک بارزانی پەیامی ماتەمینی بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرۆکی پێشووتری میسر ئاراستەی کۆنسوڵخانەی میسر لە هەولێر کرد

پاش نیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە 2020/2/26 هێمن هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی سەردانی کۆنسوڵخانەی گشتی میسری لە شاری هەولێر کرد.

لە سەردانەکەیاندا هێمن هەورامی پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو محەمەد حوسنی موبارەک سەرۆکی پێشووتری کۆماری میسر لە رێگەی کۆنسوڵخانەی گشتیی ئەو وڵاتە گەیاندە بەرێز عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی کۆماری میسر و حکوومەت و گەلی میسر، هیوای خواست ئەمە دوا ناخۆشییان بێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە شاندێکی ژووری بازرگانی دیاربەکر کرد



دوێنێ چوارشەمە د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، لە دیوانی پارێزگا پێشوازیکرد لە شاندێکی ژووری بازرگانی دیاربەکرد کە پێهاتبوو لە (محەمەد کایە) سەرۆکی ژووری بازرگانی دیاربەکر و ژمارەیەک لە خاوەن کۆمپانیا و بازرگانانی شارەکە. لەدیدارەکەدا کە سەرۆکی ژووری بازرگانی کوردستان ئامادەیی بوو، شاندی میوان هیوایان خواست پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و پیشەسازییەکانی دیاربەکر و هەرێمی کوردستان زیاتر پەرەی پێبدرێ و ئامادەیی خۆشیان پیشاندا بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک لەگەڵ پارێزگای هەولێر.

لەلایەن خۆیەوە پارێزگای هەولێر، گوتی: وەکو پارێزگای هەولێر هەموو هەوڵێکی خۆمان دەخەینە گەڕ لە پێناو پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییە بازرگانی و ئابووری و پیشەسازییەکان و لەداهاتووشدا پلانمان دەبێت وەکو پێشتر چۆن ئەو پەیوەندییانە زۆر باش بوون و ژمارەیەکی یەکجار زۆر کۆمپانیایی تورکیا لە هەولێر کاریان دەکرد بەرەو پێشی دەبەین، هەروەها ئاسانکاری تەواویی یاسای و کارگێڕیش بۆ ئەو کەسانە دەکەین کە بێنە ئێرە و دەست بەکاربەکەن بۆئەوەی ئالۆگۆڕی بازرگانی زیاتر بەرەوپێش ببەین.

پاشان لەلایەن شاندی میوان قەلغانی ژووری بازرگانی دیاربەکر پێشکەش بە پارێزگاری هەولێر کرا و لەلایەن پارێزگاری هەولێریش قەلغانی پارێزگای هەولێر پێشکەش بە شاندی میوان کرا.

لەمەخموور 6 هاوولاتی بەتەقینەوەی دوو بۆمبی چێندراو بریندار بوون



بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایەدگەیەنێت، دوێنێ چوارشەمە لە گوندێکی سنووری قەزای مەخموور، بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێندراوەوە، شەش هاوولاتی بریندار بوون. عەبدولا تاهیر، بەرپرسی ناوچەی مەخموری پارتی لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ چوارشەمە 2020/2/26 بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێندراو لە گوندی عەلیاوای سنووری قەزای مەخموور، شەش هاوولاتیی بریندار بوون. گوتیشی: بۆمبە چێندراوەکان نوێن و کردەوەکە کردەوەیەکی تیرۆریستییە و لەلایەن داعشەوە بۆمبە چێندراوەکان لەسەر ڕێگاکان دانراون. جێی باسە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و داگیرکردنی ناوچە کوردستانییەکان لەلایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و نەمانی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە، سەقامگیریی ئەمنیی ئەو ناوچانە تێک چووە و هێزە عێراقییەکان توانایی دابینکردنی ئاسایشیان نییە و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی چەکدارانی تیرۆریستی داعشیش بووەتە مەترسییەک بۆ سەر گیانی هاوولاتیان.

بۆ بازرگانیکردن هیچ بەربەستێک لەبەردەم هەرێمی کوردستان نییە

بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانیی هەولێر: هەموو نرخەکان لەژێر کۆنترۆڵی چاودێریی بازرگانییە و بازاڕ ئاساییە

بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر، هێمن مراد حەسەن رایگەیاند کە هاوردەکردنی کاڵاکان زیاتر لە دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل-ەوە دەکرێت بۆیە بە وەستانی جموجۆڵی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، گرفتی گەورە لە بازاڕەکاندا روو نادات. هێمن مراد حەسەن لە لێدوانێکدا گوتی: دوای ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ژمارەیەک ناوچەی ئێران بڵاوبوویەوە، بۆ ڕێکخستنەوەی جموجۆڵی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، سنوورەکان بەشێوەیەکی کاتی داخراون، چاوەڕوانی ڕێنمایییەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین تا بزانین بە چ شێوەیەک جموجۆڵی بازرگانی ئەنجام بدرێت.

بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر، هێمن مراد حەسەن سەبارەت بە گۆڕانکاری لەسەر نرخی شتومەک و کاڵا لە بازاڕەکانی شاری هەولێردا دوای داخستنی سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران گوتی: لە هەولێر دۆخی بازاڕ سەقامگیرە، نرخی هیچ کاڵایەک گران نەبووە، چەند حاڵەتێک هەبوو لە بازاڕی سەوزە و میوە، لیژنەکانی چاودێری بازرگانی سەردانی شوێنەکەیان کرد و سەرپێچیکارانیان سزادا، ئێستا لە شاری هەولێر هەموو نرخەکان لەژێر کۆنترۆڵی چاودێری بازرگانییە و بازاڕ ئاساییە.

هێمن مراد حەسەن لەبارەی ئەگەری زیاتری خواستی هاوولاتییان لەسەر کڕینی کەلوپەل و کاڵاکان گوتی: کۆگای کۆمپانیاکان پڕن لە کاڵا، هەرێمی کوردستان زیاتر پشتی بەستووە بە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، زیاتر ئەو کاڵایانەی کە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت، خۆشبەختانە ئەو ڤایرۆسە لە تورکیا بڵاونەبووەتەوە، بۆیە هیچ کێشە و گرفتێک لە ڕووی بازرگانییەوە بەدی ناکەین.

بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر، هێمن مراد حەسەن ئاشکرایشی کرد کە پلانێکیان داناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێک بۆ رێگەگرتن لە بەرزبوونەوەی نرخ و دروستبوونی قەیران و گوتی: پلانێکی تۆکمەمان ڕێکخستووە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە پێداویستی ڕۆژانە بۆ خەڵک دابین دەکەن، خۆشبەختانە هیچ گرفتێک نەبووە کە بێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و پێداویستیەکانی هاوولاتیان.

هێمن مراد حەسەن لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی قۆرخکردنی بازاڕەوە سزا دراون گوتی: زیاتر لە هەشت لیژنەمان هەیە بۆ چاودێریکردنی هەموو جموجۆڵە بازرگانییەکان لە شاری هەولێر، دوای ئەوەی سنووری حاجی ئۆمەران جموجۆڵی سست بووبوو، زیاتر لە 10 نووسینگەی سەوزە و میوە سزای دارایی و یاسایی دراون و گەڕان و پشکنینیش بەردەوامە. بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر دڵنیایی داوەتە هاوولاتیان کە هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات و گوتیشی: دۆخەکە بەرەو ئاسایی دەچێتەوە و دڵنیایی دەدەینە هاوولاتییان کە هاوردەکان لە سنووری نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیلەوە دەکرێت بۆیە هیچ کێشەیەک ڕوونادات.





شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

گریمان کابینەکەی عەللاوی متمانەی وەرگرت

لە بنەڕەتدا محەمەد عەللاوی یەکێک لە لاوازترین کارەکتەرە سیاسییەکانی عێراقە و چانس دروستیکرد، ئەگەر ئەو دۆخە ئاڵۆزە سیاسییەی عێراقیش، عادل عەبدولمەهدی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە نەکردبوایە، ئەو پیاوە واتە محەمەد عەللاوی نەک هەر چانسی بوون بە سەرۆکوەزیرانی عێراقی نەدەبوو، ئیدی لە چانسی عەللاوییە، عەبدولمەهدی لە ئاست قەیرانەکان لەبری مانەوەی لە پۆستەکەیدا، پاشەکشەی کرد.

گریمان محەمەد عەللاوی توانی متمانەی پەرلەمان بۆ کابینەکەی وەربگرێت، لێرەدا ئەوە هەموو شت نییە، ئاخر ئەو لە دۆخێکدا کە عێراق لە تەنگەژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدایە و بەدیاریکراویش گرووپە مەزهەبییەکان ملیان لەملی یەکدی ناوە و بەهەموویان عێراقییان خستووەتە ناو چاڵێکی قوڵی کێشە و قەیرانی چارەسەر نەکراوەوە، بۆیە کابینەکەی عەللاوی دووچاری ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە، لە جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەمت و لە سەرووی هەموویانیشەوە هێشتا هیچ نەبووە نێوانی لەگەڵ هەولێردا تێکداوە، ئەگەر بەردەوامی بەو دژایەتییەی لەگەڵ هەولێریش بدات، حکوومەت و پێگەکەی خۆی دووچاری قەیرانی گەورەتر دەکات، ئاخر ئەگەر ئەو پیاوە سیاسییەکی وردبین بووایە بە وردی فۆکەسی دەخستە سەر چارەنووسی نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی کە لە دژایەتیکردنی هەولێردا ئەگەر خیانەتی ناوخۆیی گرووپێکی کوردی نەبووایە، هیچیان چنگ نەدەکەوت، سەرئەنجامیش خۆریان ئاوابوو.

محەمەد عەللاوی هێشتا هیچ نەبووە، چاڵی قوڵی بۆ خۆی و حکومەتەکەی هەڵکەندووە، بەوەی خەریکە کورد بکاتە نەیاری خۆی و بەشی زۆری سوننەکانیش بە راشکاوی دژایەتی دەکەن، ناوماڵی شیعەش ئەگەرچی لە دژایەتیکردنی کوردا یەکدەنگن، بەڵام لە ئاستی ناوخۆیی خۆیاندا، تەبا نین و بەردەوامیش بۆسە بۆ یەکدی دادەنێنەوە، وەکچۆن عادل عەبدولمەهدیان ناچار بە پاشەکشە کرد، دەبێ عەللاویش چاوەڕێی ئەو چارەنووسە بکات! بە تایبەتی ئەو ڕەوتە مەزهەبییانەی سەپۆرتی خۆپیشاندانەکان دەکەن، پرسی بەکارهێنانی شەقام بۆ خۆپیشاندان لە دژی حکوومەتەکانی عێراق و هەڵکوتانە سەر باڵەخانەکانی حکوومەت و لایەنە سیاسییەکان ئەگەری کراوەن لەبەردەم حکوومەتەکەی عەللاوی لە کاتی دەستبەکاربوونیدا، چونکە دۆخی عێراق ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێت.

وێڕای هەموو سەرنجەکانیش لەسەر عادل عەبدولمەهدی و هەڵوێستەکانی لە پەیوەست بە کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەڵام ئەو لە دوای ئەیاد عەللاوی باشترین سەرۆکوەزیرانی عێراق بووە، سەرەڕای ئەوە ئێنجا نەیتوانی کاروانی کابینەکەی بگەیەنێتە دوا وێستگەی یاسایی و دەیان و سەدان کێشەیان بۆی دروستکرد، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستانیش پاڵپشتی بوو و سوننەکانیش لێی ڕازی بوون، کەچی محەمەد عەللاوی هێشتا متمانەی وەرنەگرتووە، بە سیاسەتە خراپەکەی درزی خستووەتە نێوان پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و لەلایەکی دیکەشەوە سوننەکایش لێی ڕازی نین و قەیرانەکانی عێراقیش زۆر لەوە گەورەتر و قوڵترن تا ئەو پیاوە لاوازەی ناو مللانێکانی عێراق بتوانێت چارەسەریان بکات.

لەکاتێکدا خۆی باش دەزانێت بەکارهێنرێت بۆ دژایەتیکردنی گرووپەکانی ناوخۆییەکانی عێراق و لە سەرووی هەموویانەوە دژایەتی پێگەی هەرێمی کوردستان بکات، لێرەدا زۆرباشیش دەزانێت هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا سیاسەت دەکات و داوای جێبەجێکردنی دەستوور بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات، بە تایبەتی لەو پرسانەی بەغدا بە ئاشکرا دەیەوێ پێشێلکاری بکات، لێرەدا هەولێر چەندانجار رایگەیاندووە کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەسەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو تێرۆرانینە دیکتاتۆرییەی بەغدایە کە دەیەوێ پرسی کورد بچووک بکاتەوە و کێشە لەبەردەم مافەکانی کورد دروست بکات.

کاکەمین نەجارِ پێشوازی لە شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا دەکات



دوێنێ چوارشەمە لە بارەگای ئەنجوومەن کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پاریزگای هەولێر پێشوازی لە شاندێکی بالای حزبی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا کرد کە پێکهاتبوو لە بەهجەت بەشیر سکرتیری حزب و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردی سووریا.

لە کۆبوونەوەکەدا باس لە نوێترین پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکە و بارودۆخی نێو کوردانی سووریا و پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا کرا و کاکەمین نەجارِ ڕایگەیاند گەلی کورد لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان بۆ ئەوەی نەبێتە بەشێک لە ململانێی نێوان وڵاتانی ئیقلیمی بۆ پارسەنگی هێزیان، دەبێت یەکگرتوویی نێو مالّی خۆی بپارێزێت و بەرژەوەندی گەلەکەی لەسەروو هەموو ئامانجەکانی ترەوە بێت. هەروەها کاکەمین نەجار باسی لە بارودۆخی سیاسی نێو عێراق و ڕێککارەکانی بەردەم سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراق کرد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت کە تاکو ئێستا ڕێککەوتن لەگەڵ گەلی کورد و لایەنی سوننە نەکراوە بۆ ئەم مەبەستەش گفتوگۆکان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی بەغدا بەردەوامە و لایەنە کوردستانییەکان بە یەک هەڵوێست و بۆ دەستەبەرکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا لە گفتوگۆدان.

لەلایەن خۆیەوە بەهجەت بەشیر ستایشی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی کرد کە لەگەڵ سەرجەم تەنگەژە و ئاڵۆزییەکان دەرگایان والاّ بووە بۆ لە خۆگرتنی کوردانی ڕۆژئاوا و سوپاسی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد کە هەمیشە هاوکار و هەماهەنگی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بوون لە پێناو خزمەت گەیاندن بە دۆزی گەلی کورد.

خەیری بوزانی بۆ خەبات: هەتا ئێستا 360 هەزار کوردی ئێزیدی نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و لە ئاوارەییدا دەژین

خەبات - مەریوان نەقشبەندی: لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تازەترین داتای لەسەر بارودۆخی کوردانی ئێزیدی ئاشکرا کرد و تەئکیدی کردەوە کە دوای چەند ساڵێک لەداگیرکاریەکەی تێرۆریستانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) بۆ سەر شەنگال و ناوچەکانی تری کوردانی ئێزیدی هێشتا نزیکەی 360 هەزار کەس ئاوارەن و نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

خەیری بوزانی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە لێدوانەتایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەباتی گوتی: لەکاتی داگیرکردنی شنگال و ناوچە ئێزیدییەکان لەلایەن تێرۆریستانی داعشەوە 6417 کوردی ئێزیدی دەستگیر و بەدیل و ئافرەتانیش سەبی کراون بەم شێوەیە: 3548 کەسیان ئافرەت بوون و 2869 لەپیاوان بوون و زۆر لەئافرەتە ئێزیدییەکان لەلایەن تێرۆریستانی داعشەوە لەبازاری نخاسە کڕین و فرۆشیان پێکرا.

خەیری بوزانی هەروەها گوتی: نزیکەی 400 هەزار کوردی ئێزیدی بەهۆی ئەم داگیرکاری و تاوانەی داعش ئاوارەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات بوون کە بەداخەوە بەهۆی بوونی میلیشیای چەکدار و لەیاساباوک کەوتوون و لەلایەن خزم و کەسوکارەکانیانەوە بەخێودەکرێن. خەیری بوزانی سوپاسی نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی کرد بۆ پشتیوانی مادی و مەعنەوی بۆ بەهاناوەچوون و ئازادکردنی هەزاران ئێزیدی کە لەچنگ تیرۆریستانی داعش و هۆزە هاوسۆزەکانی داعش بوون لەعێراق و سووریا.



دەرچوو لەناوچە ئێزیدییەکان کە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقە، تائێستا نزیکەی 360هەزار کەس لە کوردانی ئێزیدی بەئاوارەیی و لەژێر خێمەکاندا ماونەتەوە و نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. گوتیشی بەهۆی تاوانەکەی داعش 2745 مندااڵی ئێزیدی بێ باوک یان بێ دایک یان بێ دایک و باوک کردووە.

ڕوونکردنەوەیەک لە پارێزگاری هەڵەبجەوە سەبارەت بۆ کۆڤید-19

پارێزگاری هەڵەبجە داوا لەو هاوواڵتیانەی سنووری پارێزگاکە دەکات کە لە وڵاتی ئێرانەوە گەڕاونەتەوە و تائێستا خۆیان پیشانی لیژنەی تەندروستی نەداوە، بەزووترین کات پەیوەندی بەهێڵی گەرمەوە بکەن بەمەبەستی ئەنجام دانی پشکنین. دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خاڵە سنوورییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتی ئێران بەڕووی گەشتیاراندا داخست، لە هەریەک لە مەرزە نێودەوڵەتییەکانی باشماخ و حاجی ئۆمەران یەکەی تەندروستی بۆ پشکنینی ئەو گەشتیارانە جێگیرکرد کە لەدوای بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید- 19لەو وڵاتە دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، هاوکات چەندین پشکنینی تەندروستی بۆ ئەو گەشتیارانە ئەنجامدرا بۆ دڵنیابوونەوە لە تەندروستییان، بەڵام ئەگەر هەیە هەندێک لە گەشتیاران دوای بلاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە وڵاتی ئێران گەڕابێتنەوە و پشکنینی تەندروستیان بۆ نەکرابێت، بۆ ئەو مەبەستەش، پارێزگاری هەڵەبجە داوا دەکات هەرکەسێک لە وڵاتی ئێران گەڕاوەتەوە و پشکنینی تەندروستی بۆ نەکراوە، بە زووترین کات پەیوەندی بەو هێڵە گەرمانەوە بکات کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراون بۆ ئەنجام دانی پشکنین بەپێچەوانەوە تووشی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێت.

لەڕاگەیەندراوێکدا کە پارێزگاری هەڵەبجە، ئازاد تۆفیق بلاوی کردووەتەوە تێیدا هاتووە: داواکارین لە سەرجەم هاوواڵتیانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە هەرکەسێک لە کۆماری ئیسلامی ئێران گەڕاوەتەوە و تا ئێستا خۆی پیشانی لیژنەی تەندروستی نەداوە و لە ماڵەوەیە، بەزووترین کات پەیوەندی بە هێڵی گەرمی خوارەوە کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەوە دانراوە (07501365007،0538852656) بکات، لە لایەن خزم و کەسییەوە لەبەر سەلامەتی خۆیان و هاوواڵتییان لە لیژنەکانی نەشارنەوە و بە پێچەوانەوە ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵدا دەکرێت.

عێراق.. عەللاوی داوا لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات متمانە بە حکوومەتەکەی ببەخشن



چاوەڕان دەکرێت ئەمڕۆ پێنجشەمە، دانیشتنی نائاسایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەنگدان لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەتی بدەن.

دوێنێ چوارشەمە محەمەد تۆفیق عەللاوی تویتێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئەوەی نووسیووە: ڕۆژی پێنجشەمە بە پشتیوانی خوا، دەنگ لەسەر یەکەم کابینەی حکوومەت دەدرێت کە وەزیرەکانی کەسانی سەربەخۆ، لێهاتوو و دەستپاکن و ماف بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین دەکەن.

دەنگ لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی حکوومەتەکەی بدەن.

دوێنێ چوارشەمە محەمەد تۆفیق عەللاوی تویتێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئەوەی نووسیووە: ڕۆژی پێنجشەمە بە پشتیوانی خوا، دەنگ لەسەر یەکەم کابینەی حکوومەت دەدرێت کە وەزیرەکانی کەسانی سەربەخۆ، لێهاتوو و دەستپاکن و ماف بۆ هەموو هاووڵاتیان دابین دەکەن.

گەل و شکۆ بۆ عێراق دەگێڕنەوە.

جێی باسە ڕۆژی سێشەمە ئەنجوومەنی نوێنەران داوای لە دەسەڵاتی دادوەریی کردبوو کە بەپەلە لێکۆڵینەوە لەو بانگەوازەی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی بکات کە ڕایگەیاندبوو، پیلانێک لە ئاراداییە بۆ ئەوەی حکوومەتەکەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران تێ نەپەڕێندرێت.

پێشتر ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی ئاشکرایکردبوو کە پیلانێک لە ئاراداییە بۆ ئەوەی حکوومەتەکەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران تێ نەپەڕێندرێت، ئەویش لەڕێگەی پێدانی بەرتیل بە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە هان بلاویکردەوە کە دوێنێ سێشەمە لەمیانی خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی خەلانی ناوەڕاستی بەغدادا، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوویدابوو. عەلی بەیاتی ئاشکراشیکردووە کە لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکاندا، هێزە ئەمنییەکان گوللەی ڕاستەقینە و گازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارهێنابوو کە لەئاکامدا، سێ خۆپیشاندەر کوژران و دەیانی دیکەش بریندارببوون.

ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، عەلی بەیاتی ئاماژەی بەوەشکرد کە هەر لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکاندا بە هۆی ئاراستەکردنی هەڵمەتی ئاسنینەوە و بەکارهێنانی چەکی ڕاوکردنەوە، بێ ئەوەی سەرچاوەکەی ئاشکرا بکات، 22 کارمەندی ئەمنی بریندارببوون. ڕۆژی سێشەمە سەرچاوەیەکی پزیشکی ڕایگەیاندبوو کە لەمیانی خۆپیشاندانەکانی ناوەڕاستی بەغدا، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوویداوە و بەهۆیەوە، یەک کەس کوژراوە و 17ی دیکەش بریندارببوون.

جێی باسە ڕۆژی سێشەمە لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەنجامدرا کە لەمیانیدا خۆپیشاندەران داوایان کرد، داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێت، هەروەها داواشیانکرد کە لە بری محەمەد تۆفیق عەللاوی، کەسێکی سەربەخۆ و لە دەرەوەی پارتەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردرێت.

عێراق.. ژمارەی قوربانییانی خۆپیشاندانەکانی بەغدا گەیشتە سێ کوژراو 57 بریندار




سەرچاوەیەکی پزیشکی ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی لەمیانی ڕووبەڕووبوونەو و پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا لە ناوەڕاستی بەغدا کوژراون بەرزبوونەتەوە بۆ سێ کەس، ژمارەی بریندارەکانیش گەیشتووەتە 57 کەس.

سەرچاوەکە کە لە فەرمانگەی تەندروستی ڕەسافە کار دەکات و نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە: ڕۆژی سێشەمە لەمیانی خۆپیشاندانەکانی ناوەڕاستی بەغدا ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان ڕوویداوە و بەهۆیەوە، یەک کەس کوژراوە و 17ی دیکەش بریندارببوون.

جێی باسە ڕۆژی سێشەمە لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەنجامدرا کە لەمیانیدا خۆپیشاندەران داوایان کرد، داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێت، هەروەها داواشیانکرد کە لە بری محەمەد تۆفیق عەللاوی، کەسێکی سەربەخۆ و لە دەرەوەی پارتەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردرێت.

بەهۆی تۆپبارانی تورکیاوە سێ ئەندامی مالّباتێکی عەفرینی بوونە قوربانی





لە ئەنجامی تۆپبارانی سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی سەر بەو وڵاتە لە سنووری عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان، سێ ئەندامی مالّباتێکی کورد گیانیان لەدەست داوە. لەمبارەوە ڕێکخراوی چاودێریکردنی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە عەفرین لەبەیاننامەیەکدا کەوێنەیەکی دراوەتە خەبات ، بڵاوی کردووەتەوە ، شەوی ڕابردوو سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی سەر بەو سوپایە گوندەکانی "تاقیبێ و سۆخانەکێ"ی ناوچەی "شێرەوا"ی سەر بە عەفرینیان تۆپباران کردووە و بەهۆی داڕووخانی چەندین خانووی هاووڵاتیان سێ ئەندامی مالّباتێکی کورد گیانیان لەدەست داوە.بەپێی هەمان سەرچاوە ناوی ئەو بنەماڵە کوردەی کە بوونەتە قوربانیی تۆپبارانی سوپای تورکیا بریتین لە: "حەسەن هەج زەت و هاوژینەکەی فاتمە و سروشت کچێکی تەمەن 12 ساڵ" بەهۆی داڕووخانی خانووەکەیان گیانیان لەدەستداوە. ئەو مالّباتە کوردە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی "بریمجە"ی ناوچەی "بامەتا"ی عەفرین بوون و لە کاتی داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیا و گرووپە چەکدارەکانەوە لە 18ی ئاداری 2018 ناوارەی گوندی "تاقیبێ"ی ی سەر بە نوچەی "شێرەوا" بوون. سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان زۆرێک لە ناوچەو گوندەکانی سەر بە عەفرینیان داگیر کردووە و بە چڕی سەرقاڵی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکەن و تەنیا 12 گوندی سەر بە ناوچەی "شێرەوا" ماونەتەوە نەکەوتنە ژێر کۆنترۆڵیان و ئەو گوندانەش بەردەوام لەژێر هەڕەشەی تۆپباران و بۆردومانداون.

کورد
لە نێوان ئایین و ئاژاوە



فارس قادر فەقێ عەبدوڵڵا*

ئەگەر بگەڕێینەوە دواوەوە بۆ مێژوو ، کورد بەر لە ئیسلامیش بە ئاگاترین میللەت بووە لەسەر ڕووی زەمین لە ڕووی خوانناسی و دوور بووە لە کولتووری خورافات و لاساییکردنەوەی نەتەوەکان لە بتپەرستی یان ئاژەڵپەرستی و بیرو بڕوای تری دواکەوتوو لەناو کۆمەڵگەکان، ئەگەرچی لێرەو لەوێ هەندێ کات کەوتووەتە ژێر کاریگەری میللەتانی تر، چ لە ڕووی تێکەوڵاوی ئابووری یان کۆمەڵایەتی و کولتووری یان سیاسی بە تایبەتی لەم چەند سەدەیەی ڕابردوویان، باشترواییە بڵێین لەنێوان مللانێی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بە تایبەت لە قۆناغی حوکمڕانی میرنیشینە کوردییەکان و دواییش لەنێوان جەنگەکانی ئەو سەردەم لە شەڕی چاڵدێرانەوە لە ساڵی 1514 بە دواوە تا کۆتایی هەردوو جەنگی دووەمی جیهانی و دابەشبوونی کوردستان بەسەر 4 دەوڵەتدا، ئەمانە هەموویان کاریگەریان هەبوو لەسەر ژیانی تاکی کورد، بەڵام کورد کولتووری خۆی وەک خۆی پاراستووە بە تایبەت کە دینداری کردووە بە جوانترین شێوەی کردووە و ئایینی ئاسمانی پەیڕەو کردووە و وەک خۆی پەیڕەوی کردووە و تێکەڵی بە مەزاج و مەبەستی تایبەتی کەسی و سیاسی نەکردووە ئایینی لە خزمەت نەتەوە دانەناوە، بەڵکو وەک نەتەوە خزمەتی ئایینی کردووە، کورد لە هەمو قۆناغەکان سەردەمیانە بووە واقیعبین بووە بە مانای ڕاستگۆیی لەگەڵ ئایینەکان ڕاستگۆ بووە، هەردەم خوای خۆی بە تاک و تەنیا ناسیوە و بینیوە و لە ڕێگای ئەو ناسینە دادپەروەری خوای پەیڕەو کردووە، شایانی باسە ئەوەی ئێستا هەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا وەک هاوردەکردن لەنێوان ئەو چەند دەوڵەتە داگیرکەرە، ئەوە لە ئەخلاق و ڕەوشتی کورد نییە و پێناسە و ناسنامەی کورد نییە لەناو ئایین و بە تایبەت ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئێمەی کورد (سوننە و شیعەمان) نەناسیوە، ئێمە ئیسلامان ناسیوە، ئیسلام لە لای کورد وەکخۆی ناسراوە لە پاش خوای گەورەش محەمەد (د.خ) وەک پێغەمبەر ناوی هاتووە و بەس و جاربەجار باسی عەلی و عوسمان و ئەبوبەکر و عومەر کراوە، بەڵام گرنگ نەبووە، ئەوانە کێن و کێ نین، کورد موسڵمان بووە بە قورئان نەک بە عومەر و عەلی، تەنها مامۆستایانی ئایینی چوونە ناو وردەکاریەکانی هەرچوار خەلیفەی موسڵمانان، ئەوانیش ناوی عەلی و عومەریان بە یەکەوە دەگوتەوە تا ئەو چەند ساڵەی دوایی کورد ئەوەی نەزانیوە کە دەگوترێ، چونکە کاری بە دەوروبەرەکەی نەبووە ، ئایینی بۆ دەسەڵات نەبووە ، ئەوەی کە هەندێ شیعە و سوننە لەسەر ئیسلام باس دەکەن و خۆیان دروستیان کردووە و دروستی دەکەن، کورد کاری بەو بێ حورمەتییە نییە و نەبووە.

بەڵێ، کورد بە کفری زانیوە قسەی ناشیرین بە خەلیفەکان و خانەوادەی پێغەمبەر (د.خ) بگوترێ و ئەوەی ئێستاش دەکرێ لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و ئیسلام نییە و کوردیش بڕوای پێ نییە ، ئەوانە هەمووی نێردراوی دوژمنانی کوردن و لە میژوودا تا توانیان شەڕی نەتەوەیان لەگەڵ کردین و ئێستاش دەیانەوێ بمانخزێننە نێو شەڕی تایفەگەری خۆیان، وەک ئەوەی کورد تازە کرابێت بە موسڵمان و چەند نەفامێک و تووندڕەوێکی مەزهەبی ڕێنمایی و ئامۆژگاری کورد بکەن، دەبێ ئێمەی کورد بگەڕێینەوە سەر حەقیقەتی ئایینەکەی خۆمان کە ئیسلامی ڕاستییە و ئیسلامی باوک و باپیرانە نەک ئیسلامی سەفەوی و عوسمانی وەهابی و ئیخوانی و فلان و فلان وەک ئەوەی هەریەکە لەوانە کۆمپانیایەک بێت و مارکەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆ نموونە چەند ساڵ پێش ئێستا گۆڕی شێخەکانیان لە هەڵەبجە تەقاندەوە ئێسک و پڕوسکی مردووانی سەدان ساڵیان دەرهێنا ، ئەمە ئەخلاقی کورد نەبوو ، ئایینیش نییە ، بەڵکوو سیاسەتی بەناو ئیسلامە خوانەناسەکانە و گرووپێکی تر لە ساڵی 1998 لە مانگی ئایار لە شاری هەولێر لەناو مزگەوتی خەیلانیان تەکبیریان لێدا و نارنجۆکیان فڕێدا ناو خەڵکی نوێژکەر لەکاتی خوتبەی هەینی، ئەمە ئەخلاقی ئیسلام نەبووە! هەفتەی دواتر لە مزگەوتی حاجی عەبدوڵڵا لە گەڕەکی تەیراوە، دیسان محاوەلەیان کرد، بەڵام شوکر بۆ یەزدان ئاسایش زوو کۆنترۆڵی کرد و ڕێگای پێ نەدان و سەری نەگرت و هەروەها ناوە بە ناوە چەند تونددڕەوێک لە ڕاگەیاندنەکان فەتوای دوور لە ڕەوشتی ئیسلامیان بەناوی ئیسلام دەدا بۆ جیهادی برایانی مەسیحی، ئەمە ئەخلاقی ئیسلام نەبووە! تا وای لێهات ئەم میٚشک وشکانە لەناو پەرلەمان ڕێزیان لە سروودی نیشتمانیی نەتەوەکەیان نەگرت بە تەئکید، ئەوەش لە ڕەوشتی ئیسلام نییە و نەبووە، چونکە ئیسلام زۆر گەورەترە لەم حقد و کینانە و پێغەمبەری خودا (د.خ) کاتێک جەنازەیەکی یەهودێک بە بەردەمیدا تێپەڕیبوو بە ڕێزلێنان لەبەری هەڵساوەتەوە و ڕێزی لە جەنازەی یەهودییەک گرتووە، ئەوڕۆ لەناو کورد کەسانێک دروستبوونە بۆ ڕێزلێنان لە سروودی نیشتمانی هەڵناستنە سەرپێ و ڕێز لە شعوری نزیکەی 50 ملیۆن کورد ناگرن، ئەمانە کورد نین، گەر بە ناسنامەش کورد بن و دەبێ کورد بیانناسێ، کە ئەوانە چین؟ ئیسلام ئاشتیخوازە پێغەمبەری ئیسلام فەرموویەتی مەچوونە ناو پەرستگاکانی گاوەرکان و ئازاریان مەدەن بتەکانیشیان مەشکێنن، چونکە گەر ئێوە وابکەن، ئەوانیش بەرانبەر بە ئایینی ئێوە بێ حورمەتی دەکەن وامەکەن ئەوانیش بێ حورمەتی بەرانبەرتان بکەت، کەچی ئێستا کەسانێک ڕۆژانە بەناوی ئیسلام هەڵەی گەورە دەکات، دوژمن بۆ ئیسلام دروست دەکات، ئەمە ئەخلاقی کورد نییە و ئیسلامیش نییە!

ماوەیەک بەر لە ئێستا لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستایانی ئایینی مەلایەک قسەی ناشیرینی بە کچە کوردێکی گۆزانیبێژ گوت لە ناوچەی هەورەمان و کە لێیان تونـد کرد بـە شـەرمەزاریـیـەوە داوای لێبـووردنی کـرد گـوتی هـەڵـەم کـرد لێی قبوول کرا بە داخەوە دەوڵەت و یاسا لێی بێدەنگ بوون بۆی چووە، سەر ئێستا بەناو مەلایەکی تر دەڵێت پیاو هەمووی (گەواەد) ، گەر ڕێگای ژن و منداڵ و کەسوکاریان بدەن، بە سفوری بڕۆنە دەرەوە! جارێکیتر دەڵێت من نیم و لە سۆشیاڵمیدیاکان بەناوی من گوتراوە! بەهەرحاڵ لە کوردستانیش خەریکە ئایینە خۆمالی و ڕەسەنە کوردییەکە لایەنە ڕاستەقینەکەی تێدا نەمێنێت و ببێت بە ئایینداری بازرگان و سیاسی دەوراپشتمان، بەڵێ بەر لە چەند ساڵێک لە هەولێر لە گەڕەکی کورانی ئەلبان لە بنەماڵەیەکی گەورەی ئایینی بیستم کە کورێک لە گەڕەکەکەیان پاش ئەوەی ماوەیەک هاموشوی مزگەوتێکی کردبوو، کە لەو مزگەوتە مەلایەکی هاوردەی هەبووە، لەو مزگەوتە گەنجەکانی فێرکردبوو بەوەی دەبێ بزانن ئەو مارەیی بڕینەی نێوان ژن و پیاو کە پێشووتر کرا و هەمووی بەتاڵە خانەوادە و هاوسەرانی پێشوو لە حەرام دەژین و بەم کورەشی گوتبوو تۆش باوک و دایکت مارەیان نەهاتووە و تۆش (وەلد) حرامی! دیارە پاش ئەوەی ئەو گەنجە دەچێتەوە ماڵ بە باوکی خۆی دەڵێت تۆ دایکم بە حەرامی لەگەڵ یەکتر ژیاون، باوکی سەری سوور دەمینێ و دەتاسێ و باوک گوێی لە کورِ دەگری و دەڵێ باشە کورم رازیم چۆن وایە بۆم باس بکە، دەڵێ مامۆستایەک هەیە دەینـاسم ئـەو پێی گـوتم، بـاوک دەزانی کورِەکەی تووشی مەلا هاوردەکانی سەردەم بووە، دەڵێ کورم باشە من دەمەوێت بچمە لای ئەو مامۆستا بەرێزە بۆ ئەوەی عیلاجم بکات، دیارە باوک مەبەستی دەبێ بە هێمنی و بە بێدەنگ و بەبێ ترس کورِەکەی ئەو منافقە بەناو مەلایەی پێ نیشان بدات، کە نیشانی دەدات، دەچێتە لای باوکەکە بە (مامۆستا هاوردەکە) دەڵێت: ڕاستە تۆ گوتوتە باوکت و دایکت لە حەرام ژیاون، مارەکردنی پێشووتر هیچی ڕاست نەبووە و گوناحبارن! دیارە مەلا هاوردەکە دەڵێ بەڵێ وایە، ڕاستە و من وامگوتووە کە گوێی لێ دەگری، دەبینێ لەو مەلا سەرلێشواو تونددڕەوانەی ئەو سەردەمەیە لە شارەکەی خۆی شاربەدەر کراوە، بەڵام لە هەولێر بووە بە (فەتواچی و قازی شار) و پێی دەڵێ مامۆستا دەتوانی تەلاقەکەم بۆم چاک بکەیتەوە، مەلا دەڵێ بەڵێ دەتوانم باوکەکە دەڵێ دەباشە ئەوە هی من تۆ چاکی دەکەی (ئەی هی باوکە بەدڕەوشت و دایکە فاحیشەکەت) کێ چاکی بکات، خۆ ئەوانیش هی سەردەمی کۆنن! مەلاکە دەزانێ ئەو باوکە بە ناگایە و شارەزایە لە ئایین، سەری شۆڕ دەکات و بێدەنگ دەبێت.

بەڵێ، ئەم چەند ساڵە حاڵی میللەتی ئێمە لە دەست ئەم بازرگانە جاسوسانەی وڵاتانی دەوراپشت زۆر پەرێشانە، بەڵێ شەڕی نەتەوەیە بەناوی ئایین، شەڕی جیاکردنەوەی میلیەتی کوردە لەنێوخۆ، جارێک بەناوی شیعە و جارێک سوننە و جارێک بەناوی زەردەشتی و جارێک بەناوی تەبشیری و جارێکیتریش یارسانی و تێکدانی نێومالّی برایانی کاکەیی و تێکەڵاوکردنی ڕەش و سپی، بە یەکەوە فەتوای ئایینی بەناوی جیا جیا و هەموشی لەژێر ڕێنمایی و سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان ئەنجام دەدرێ، یەکێک دەڵێ تۆ موسڵمانی، بەڵام ئەوەت کەمە ، ئەوەی تر دەڵێ تۆ شیعەی هەڵەی یان سوننەی و تابعی عومەری، کەواتە بێ دینی! ئەوەی تر دەڵێ تۆ کاکەیی، بەڵام ئیسلامیش نیت و عەلەوی وە ئیمام عەلی ئیسلام نەبووە، عەلی دوو عەلیە، هی کاکەیی جیایە! بەهەرحاڵ بازارێکی ئایینی وەک بازاڕی (نەوەی) چەکی ئەتۆمی بۆ کورد دانراوە، بێشک ئەوە ویستی کورد نییە! عەقڵی کورد نییە! ئایینی کورد نییە! کورد بۆ خۆی موسڵمانە ، بۆ خۆی جوان دەزانێ ئایینپەرستی بکات جا چ موسڵمان بێت یان مەسیحی چ عەلەوی بێت یان ئێزیدی، چ کاکەیی مەزهەب بێت یان یارسان و زەردەشتی، حەق نییە چیتر ڕێگا بدرێت شعوری ئەم گەلە بریندار بکرێت و چیتر بێ ئاگا و بێ دینەکان بەناوی دین فەتوای بدەن، ئەمە هەمووی دژی ناسنامەی کورد و کوردیش مەبەستە وەک نەتەوە ئەگینا کورد هەرچی ئایینێک بێ چ کێشەی دەوراپشتە، ئایین بۆ خوایە نەک بۆ بازرگانی و سیاسەت پێکردن یان بوون بە تەرەفی ئەو ئەوی تر کاری کورد نییە و ئێمە کوردین ئەوەی موسڵمانە یان ئایینی تڕە هەر کوردە نە سەفەوین نە عوسمانی و نە تەکفیرین و نە مەزهەبی تری سەردەم کورد هەر کوردە و لەسەر کوردایەتیش مالّوێرانین دەبێ بە ئاگابین لە ئاژاوەی بەناو ئایین ئێمە خواپەرستین، عەبد پەرست نین، لە خوا بەولاوە لەگەڵ نین، چونکە سووتەمەنی دەستی ئەو ئەوین.

*** ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتزگای هەولێر (پ.د.ک).**

سوپای عێراق کۆژرانی 39 چەکداری داعشی ڕاگەیاند

سوپای عێراق ڕایگەیاند کە 39 چەکداری سەربە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین کوشتووە کە دوانیان سەرکردەبوون لە ڕێکخراوەکەدا. شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە سوپای عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە هێزەکانی دژە تیرۆر بە پاڵپشتی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە ڕێکخراوی داعش، ئۆپەراسیۆنێکیان دژیە پاشماوەکانی داعش لە چیای خانوکە لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین ئەنجامداوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە ئۆپەراسیۆنەکە پشت بە زانیارییە هەواڵگرییەکان بۆ بەئامانجکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان ئەنجامدراوە کە لەو ناوچە خۆیان حەشاردراوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ئۆپەراسیۆنەکە، ماوەی 10 کاتژمێری خایاندووە و لەمیانیدا، 39 چەکداری سەربە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کوژراون کە دوانیان سەرکردە بوون لە ڕێکخراوەکەدا، بێ ئەوەی ناوەیان ئاشکرا بکرێت.

ڕۆژی سێشەممە دەزگای دژە تیرۆری عێراق، کوژران و دەستگیرکردنی 10 چەکداری سەربە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشی لە سنووری پارێزگای کەرکووک ڕاگەیاندبوو.


وێڕای ئەوەی کە سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی لە کۆتایی ساڵی 2017دا، سەرکەوتنی بەسەر ڕێکخراوی داعش و دەرهێنانی سەرجەم ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەو ڕێکخراوە ڕاگەیاند، بەڵام هێشتا پاشماوەکانی داعش لە ناوچە جیاجیاکانی سنووری پارێزگاکانی کەرکووک، سەلاحەددین و دیالە خۆیان حەشاردراوە و ناوە ناوە هێرش دەکەنە سەر هێزە ئەمنییەکان و خەڵکی مەدەنی.

لە سەدا 21ی دارستانەکانی ئوستڕالیا بوونەتە خۆڵەمێش

ڕێژەی لە سەدا پێنج لە دارستانەکان دەسووتێن. تەنها لە ئاسیا و ئەفریقا ڕێژەی سووتانی دارستانە بچووکەکان بۆ لە سەدا 8 تا 9 بەرز دەبێوە. بەڵام لە 2019 تا 2020 لە ئوستڕالیا تەنها لە یەک قۆناغدا سووتانی دارستانەکانی گەیشتە لە سەدا 21.

دوو لە ڕووسیا، دوو لە ئیسرائیل، دوو لە عومان، دوو لە نەمسا، یەک لە کرواتیا، یەک لە جەزائر، یەک لە نیپاڵ، یەک لە سریلانکا، یەک لە کەمبۆدیا، یەک لە بەلیجکا، یەک لە سوید، یەک لە سویسرا، یەک لە فینلەندا، یەک لە میسر، یەک لە لوبنان و یەک لە ئەفغانستان.

زیاتر لە 81 هەزار کەس لە سەرتاسەری جیهان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون




81 هەزار کەس لە سەرتاسەری جیهان، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Kovid-19) بوون کە بۆ یەکەمجار ئەم ڤایرۆسە لە شاری وهان ڕۆژهەلاتی چین، داکەوت. بەهۆی ئەم پەتایەوە تاکو ئێستا دوو هەزار و 762 کەس گیانیان لەدەستداوە کە دوو هەزار و 715یان لە چین و لە دەرەوەی سنووری وشکاوییە بەسەر ڕیەکەوەکانی چینیش، دوو لە هەرێمی کارگێڕی تایبەتی هۆنگ کۆنگ، 15 لە ئێران، 11 لە کۆریای باشوور، 11 لە ئیتاڵیا، پێنج لە ژاپۆن و یەک کەسیش لە هەریەک لە تایوان، فلیپین و فەڕەنسا گیانیان لەدەستداوە.

78 هەزار و 64 حاڵەت لە چین و لە دەرەوەی سنووری وشکاوییە بەسەر ڕیەکەوەکانی چین، 85 حاڵەت لە هەرێمی کارگێڕی تایبەتی هۆنگ کۆنگ و 10حاڵەتیش لە هەرێمی کارگێڕی تایبەتی ماکاو و 31 حاڵەتیش لە تایوان تۆمار کراون.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی وڵاتانەوە کۆکراونەتەوە تۆمارکردنی حاڵەتەکان لە وڵاتانی دیکە بەمجۆرەن؛ "هەزار و 146 لە کۆریای باشوور ، 861لە ژاپۆن ، 95 لە ئێران ، 91 لە سینگاپور ، 57 لە ئەمریکا ، 40 لە تایلاند ، 26 لە بەحرێن، 23 لە ئوستڕالیا ، 22 لە ماڵیزیا ، 17 لە ئەڵمانیا، 16 لە ڤییتنام ، 14 لە فەڕەنسا ، 13 لە بەریتانیا، 13 لە ئیمارات، 11 لە کەنەدا، نۆ لە کوێت، شەش لە ئیسپانیا، پێنج لە عێراق، سێ لە هیندستان، سێ لە فلیپین،

جەخت لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقدا کرایەوە



دوێنێ عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی گەلی تورکمانی کرد، لەلایەن عیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان و ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازی کرا. لە دیدارێکدا وێڕای نیگەرانیەکانیان لەسەر پرسی قایرۆسی کۆرۆنا، باسیان لە پاراستنی یەکڕیزی و پتەوترکردنی پێکەوەژیانی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەتکردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان و تایبەت شاری کەرکووک کردەوە، هەروەها بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق و دانوستانەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ راسپێردراوی سەرۆکی حکومەت و لایەنە عێراقیەکان و تیشکی خرایەسەر، هەردوولا تەئکیدیان لەهەماهەنگی و یەکگوتاری زیاتری لایەنە سیاسیەکان و تەواوی پێکهاتەکان کردەوە بۆ پاڵپشتی لە قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە پێکهێنانی کابینەی وەزاری حکومەتی عێراقدا.

لەلایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی رۆڵی پارتی گەلی تورکمان و تەواوی پارت و لایەنە تورکمانیەکانی بەرامبەر پرسە سیاسی و نیشتمانیەکان تەواوی هەنگاوەکان بەپایەخەوە هەڵسەنگاند.

بەرپرسی لقی 16: گەلەکەمان بەکەمتر لە داخوازی و مافە دەستوورییەکانی رازی نابێت



دوێنێ بەئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و یەکەئیداریەکان و جەماوەرێکی زۆری سنوورەکە لێژنە ناوچەی دارەتوو کۆڕێکی جەماوەری بەرفراوانی بۆ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سازدا. لەدەسپێکی کۆڕەکەیدا بڵند ئیسماعیل رۆشنایی خستەسەر دوێنێ رووداوو پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەتایبەتی سەردانە سەرکەوتووەکەی رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشداری و دیدارەکانی لەکۆنگرەی داڤۆس و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئیتالیاو پاپای فاتیکان و سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و گفتوگۆکردن لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێ ی عێراق کە هەوڵێکی تاکڕەوانە هەیە بۆ پشتگوێ خستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و ئەمەش لەلایەن گەلەکەمانەوە بەهیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵکردن نییەو گەلی کورد بەکەمتر لەمافە دەستوورییەکانی رازی نابێت.

هەر لەمیانی کۆڕەکەیدا ئاماژەی بەکۆبوونەوەی هەر سێ سەرۆکایەتیەکەو بەرپرسی هێزو لایەنە سیاسیەکان کرد لەپێناو یەکخستنی هەڵوێستی تەواو لایەنە سیاسیەکان کە لەم قۆناغەدا گەلەکەمان لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە یەکدەنگی و خیتابێکی سیاسی یەکگرتوو هەیە. لەکۆتایی کۆڕەکەدا لەلایەن ئامادەبووانەوە چەندین سەرنج و پرسیار خرانەڕوو لەلایەن بەرپرسی لقی16 بەتێرو تەسەلی وەڵامیان درایەوە .

وەزیری ئەوقاف سەبارەت بە نەخۆشیی کۆرۆنا لەگەڵ کۆمپانیاکانی تایبەت بە گواستنەوەی عومرەکاران کۆبۆوە

دوێنێ د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەگەڵ سەرجەم کۆمپانیاکانی تایبەت بە گواستنەوەی عومرەکارانی سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.

وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە وتەیەکدا رایگەیاند، بە هێزو بەرگری خۆمان دەتوانین ببین بە بەشێکی سەرەکی لە خۆپارێزیەکان بۆیە پێویستە لەسەر خاوەن کۆمپانیاکانی تایبەت بە گواستنەوەی عومرەکاران بەردەوام زانیاری نوێ و هۆشیاری تەندروستی بۆ عومرەکارانی هەرێمی کوردستان بخەنەروو، بەتایبەتی لە پاراستنی پاکوخاوێنی لە گەشتەکانیان دابینکردنی هۆتێلی کوالێتی بەرز لە ولاتی عەرەبستانی سعودیە. هەروەها کۆمپانیاکانی راسپاردە کە رۆژانە لەگەڵ عومرەکاران و هاوڵاتیان لە پەیوەندی بەردەوام دابن، ئەمەویرای پێویستی خاوەن کۆمپانیاکان بەوەدەستخستنی زانیاری تەندروستی و وەرگرتنی خۆپارێزیەکانی رۆژانە.

دواتر بابەتێکی هۆشیاری تەندروستی لەلایەن د. ابراهیم نوێنەری وەزارەتی تەندروستی بۆ خاوەن کۆمپانیاکانی عومرە پێشکەش کراو تیایدا بە وردی جۆرو شێوەی بڵاو بوونەوەو خۆپارێزیەکان لە نەخۆشی و ڤایرۆسی کۆرۆنا خرایەروو.



هەرێمی کوردستان... نێرگەلەکێشان لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە دەکرێت

خەبات ـ سەبریە یوسف، کوردستان 24:

نەبەز عەبدولحەمید، قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە کوردستان 24ی راگەیاند، نێرگەلەکێشان لە شوێنە گشتییەکانی هەولێر قەدەغە دەکرێت.

قائیمقامی هەولێر راشیگەیاند، لە رۆژی یەکشەمەی داهاتووەوە بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت و هەر شوێنێکیش پابەندی بڕیارەکە نەبێت، شوێنەکەی دادەخرێت و سزا دەدرێت.

لە سلێمانیش، بەمەبەستی ڕێگریکردن و خۆپارێزیی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی بەزوترینکات بڕیاری داخستنی ئەو شوێنانە دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەشکر حەمید، سەرۆکی لێژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی رایگەیاند: بەمەبەستی ڕێگریکردن و خۆپارێزیی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەلایەن ئەنجومەنی بالای ڕووبەڕووبونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا لە پارێزگای سلێمانی، دەسەلاتی زیاتری داوە بە لێژنە هاوبەشەکان بۆ سزادانی ئەو کەسانەی قۆرخکاریی و گرانکردنی نرخی کالاوشمەکەکان لەسەر هاوڵاتیان دەکەن. لە شارۆچکەکانی کەلار وکفری بە شارەدێکانیانەوەش تەواوی کافتریان داخران، ئەوەش لەپێناوی سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان و بۆبەرگری لە ڤایرۆسی کۆرۆنا. شەهاب ئەحمەد، قایمقامی کەلار، بەخەباتی ڕاگەیاند: لەکەلار و دەوروبەری تەواوی کافتریاکانمان داخستوە ،ئەوەش وەک هەنگاوێک بۆبەرگرتن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا. گوتیشی: ئەم بڕیارە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەگەرمی پێشوازی لێکراوە، چونکە ئەوشۆێنانەی کە قەرباڵغن مەترسی تەندروستیان هەیە.

هاوکات هەر دوێنێ قایمقامیەتی کفری بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان هەمان بڕیاری دەرکرد و گشتاندنی بۆکرد بۆشارەدێکانی سەربەکفری.

ئەو بڕیارە لە چوارچێوەی ڕێکارە تەندروستیە نوێیەکانە بۆ خۆپاراستن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رایدەگەیەنێت، تا ئێستا هیچ حاڵەتێک تۆمار نەکراوە، بەڵام ڕێکارە پێویستەکانیش گیراونەتەبەر.

ل دهۆکێ ماليپەرەکێ ئەلکترونی دێهێتە وەشاندن

ماليپەرەکێ ئەلکترونی ب ناڤێ noshnews.net ل پارێزگەها دهۆکێ دێ کەڤیتە کاری ب زمانێ کوردی. خودانێ ئیمتیازێ و سەرنڤیسەر حەمزە رەزیکی و ب زمانێ کوردی دێ هێتە وەشاندن و گرنگیێ ب بابەتێن ساخلەمیێ دەت. هەر کەسێ تێبینیەک لسەر هەبیت بلا پەیوەندیێ ب ڤێ هژمارێ بکەت 07507601199

بەرپرسی لقی 24 ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بەرزدەنرخێنێ



هیوا ئەحمەد مستەفا بەرپرسی لقی24ی سەفینی پارتی، پێشوازیی کرد لە د. عەبدوڵلا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و ئەندامان و بەرپرسی لقی شەقلاوەی یەکێتی زانایان.

لە دانیشتنێکدا بەرپرسی لقی24 ڕۆڵی مامۆستایانی لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بەرزنرخاند و تیشکی خستە سەر زەرورەتی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کە لەسەر دەستی باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد مەلامستەفای بارزانی دامەزرا و بە وەرچەرخانێکی مێژوویی و گرینگی لەقەڵەمدا.

لای خۆشیەوە سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، دووپاتی ئەو ڕاستیەی کردەوە کە مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە خزمەتگەیاندن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و قوڵکردنەوەی گیانی تەبایی و برایەتی لەناو کۆمەڵگاو وەستانەوە دژی فکری تووندئاژۆیی بە ئەرکی مامۆستایانی ئایینی زانی.

هەولێر.. چەند بەنزینخانەیەک داخران

خەبات ـ سەید فاتیح

بەرزبچی: بەهۆی سەرپێچی و پابەندنەبوون بەڕێنماییەکان و بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین لەنرخی ئاسایی خۆی چەند بەنزینخانەیەک لەشاری هەولێر و دەوروبەری لەلایەن قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر بەهاوکاری بەشی پۆلیسی شارەوانی داخران، ئەمەش لەکاتێکدایە چەند بەنزینخایەک دەستکاری نرخی ئاساییان کردبوو. بۆ ئەم مەبەستە ڕێکاری یاسایی گیرایەبەر دەرهەق بەخاوەن بەنزینخانەکان بەپێی یاسا کاردانەوەیان لەگەڵ کرا.



بەدواداچوون بۆ پڕۆژە تەواونەکراوەکانی نیشتەجێکردنی کرێنشینان و کەمدەرامەتەکان دەکرێت



تریش ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدارەکان کران بەمەبەستی بەدواداچوون و ئەنجامدانی کاری پێویست. دواتر لێژنە گفتوگۆی لەسەر ئەو یەکە نیشتەجێبووانە کرد کە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێم بۆ کرێنشینان و کەمدەرامەتەکان دروستی کردوون، بەڵام تائێستا تەواو نەکراون، دوای قسەکردن لەوبارەیەوە لێژنە بڕیاریدا سێ لێژنەی لاوەکی پێکبهێنێت بەمەبەستی بەدواداچوون و ئەنجامدانی کاری پێویست. لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا لێژنە بڕیاریدا میوانداریی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بەمەبەستی گفتوگۆکردن و تاووتوێکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی هاوڵاتیان کە ئاراستەی لێژنەکە کراون بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بەمەبەستی چارەسەرکردنیان لەلایەن وەزارەتەوە.

بەمەبەستی تاووتوێکردنی چەند پرسێکی پەیوەست بەکاری لێژنەکە، پێشنیوەڕۆی دوێنێ، لێژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی هاوڕێ مەلا ستار سەرۆکی لێژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لێژنەو بڕیاردەرو ئەندامان و ڕاوێژکارانی لێژنەکە کۆبوونەوە. دەستپێکی کۆبوونەوەکە سەرجەم ئەو نوسراو ڕاپۆرت و داواکارییانەی ئاراستەی لێژنەکە کرابوون خوێندرانەوەو دوای گفتوگۆکردنیان ئەوانەی پێویستییان بەوەڵامدانەوە هەبوو وەڵامدرانەوەو ئەوانەی پێویستیان بەزانیاری زیاتر هەبوو داوای لێکرا بۆ جارێکی تر بۆ لێژنەکە بنێردرێتەوە.

هێڵی گەرم بۆ پەیوەندیکردنی خێزا

هاوکات وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هێڵی گەرمی پەیوەندیکردنی 24 کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان ڕادەگەیەنێت، لەکاتی هەستکردن بە هەر حاڵەتێکی گومانباوی بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارانەوە لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا پەیوەندی بکەن.

دیوانی وەزارەتی تەندروستی
07508169991
07714448100
هەولێر
07503987429
سلێمانی
07718204444
07718205555
دهۆک
07514025338
07514342938
هەڵەبجە
07501365007
07731915151
0538852656
گەرمیان
07480207442
ڕاپەڕین
07705694040
07501613933
کۆیە
07501202218
07701414633

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا 10کۆمپانیای ئێرانی نەیانتوانی بەشداری بکەن

دوازدەهەمین پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ بیناسازی کرایەوە

کۆمپانیا تورکییەکان 70٪ی پیشانگاکە پێکدێنن و 8 وڵات بەشداریان تێدا کردووە





خەبات: هەولێر

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، ئاگرین عەبدوڵڵا گوتی: ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری هەبوو لەسەر ڕێژەی بەشداریکردنی کۆمپانیا ئێرانییەکان، ئەگەرنا سەرەتا ژمارەیەکی زۆر ناونووس کرابوون بۆ بەشداریکردن، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەوە 10کۆمپانیا بەشدار نەبوون.

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، دوازدەهەمین پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە و وزە و کارەبا و پێداویستییەکانی شارەوانی کرایەوە و ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت.

لە پیشانگاکەدا کۆمپانیاکانی هەشت وڵات بەشداریان تیایدا کردووە و کۆمپانیا تورکییەکان 70٪ی پیشانگاکە پێکدێنن، هەروەها چەندین کەرەستە و کەلوپەلی جۆراجۆر نمایشکراون و بازرگانان و کارسازان دەتوانن لەماوەی ئەو چوار ڕۆژەدا، چەندین دیداری بازرگانی و مامەڵەیان جۆراوجۆریان هەبێت.

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، ئاگرین عەبدوڵڵا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: "ئەم پیشانگایە لەم کاتەدا مایەی بەردەوامی بیرۆکەکانی ئاوەدانی و گەشەپێدانی زیاتری کوردستانە لە ڕێگەی کۆمپانیا جیهانییەکانەوە کە 90کۆمپانیا بەشداری ئەم پیشانگایە بوون و چەندین کەرستەی پێشکەوتوو نمایشکراون".

ئاگرین عەبدوڵڵا گوتیشی: "وێڕای بوونی بارودۆخێکی نائاسایی دەبینین 90 کۆمپانیا لە هەشت وڵاتی جیاوازەوە هاتوون بەشداری پیشانگاکە دەکەن و دەڕگا کراوەیە بۆ هاوواڵاتیان و خەڵکانی تایبەتمەند، لەمیانی گەڕانێکماندا بەناو پیشانگاکە کۆمەڵێک شتی باشمان بینی کە چەند کەرەستەیەکی باشی تێدایە و دەتواندرێت بۆ ئاوەدانکردەوە سوودی لێ وەربگیرێت".

بڕیاربوو لەم پیشانگایەدا 100کۆمپانیا بەشداربێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی تەندروستیی و داخستنی سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، 10 کۆمپانیا نەیانتوانی بەشداری پیشانگاکە بکەن و لەمبارەیەوە ئاگرین عەبدوڵڵا گوتی: "بەداخەوە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە کاریگەری هەبوو لەسەر ڕێژەی بەشداریکردنی کۆمپانیا ئێرانییەکان، ئەگەرنا سەرەتا ژمارەیەکی زۆر ناونووس کرابوون بۆ بەشداریکردن، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەوە 10کۆمپانیا بەشدار نەبوون".

70٪ی بەشداربووان کۆمپانیاکانی تورکیان، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دیاربەکر، محەمەد کایا بۆ ئاژانسی ئانادۆلۆ گوتی: "بوونی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی پەرەسەندنی بازرگانی نێوان دوولایەن، سااڵی ڕابردووش بەشداربووین لە پیشانگایەکی هاوشێوە، بەڵام ئێستا دوو ئەوەندەی سااڵی ڕابردوو بازرگانان بەشداریان لەم پیشانگایەدا کردووە، هەیە لەگەڵ کەرتی تایبەت و بێگومان بازرگانان دێنە ئێرە و لەگەڵ خەڵکی ئێرە ئاشنا دەبن و دواتر کاردەکەن".

محەمەد کایا گوتیشی: "پیشەسازی تورکیا، پیشەسازییەکی پێشکەوتووە و دەتوانێت کاریگەری باشی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت، لەچوارچێوەی ئەم پیشانگایەشدا سبەی هەندێک چاوپێکەوتنمان لەبارەی پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانیش، محەمەد کایا گوتی: "ئەوە بۆ ئێمە زۆر گرنگە کە هەوڵێکی هاوبەشی بازرگانی نێوان هەولێر و دیاربەکر دەدەین، ئەمڕۆش حەوت کۆمپانیای دیاربەکر بەشداریان لەم پیشانگایەدا کردووە، بە گشتی 50کۆمپانیای تورکیا بەشدارن کە 70٪ی پیشانگاکە پێکدێنن".

محەمەد کایا گوتیشی: "دەمانەوێت پەرە بە پەیوەندییە ئابووریەکانمان بدەین، بێگومان خواستێکی زۆر لەسەر بازرگانی تورکیا هەیە، وەبەرهێنەرانی ئێرە دەیانەوێت بەخێرایی دەستیان بە بەرهەمەکان بگات، بۆیە وەکو ژووری بازرگانی دیاربەکر دەتوانین کارئاسانی پێویستیان بۆ بکەین و بەردەوام لەگەڵ خەڵک لە پەیوەندیدابین".

لەم پیشانگایەدا 90 کۆمپانیا لە 8وڵاتی جیاوازەوە بەشدارن کە بریتیین لە کۆمپانیاکانی وڵاتانی؛ عێراق، تورکیا، ئێران، بولگاریا، هەنگاریا، میسر، سعوودیە و ئیمارات و بڕیارە ماوەی چوار ڕۆژ بخایەنێت.





بە پێچەوانەی سەرپێچیکاران..
لە شاری سلێمانی هاوواڵاتییەک چەند کەوێک ئازاد ئەکات

لە سنوورەکانی شارباژێڕ و سیتەک چەند چالاکییەک بۆ پاراستنی ژینگە ئەنجامدرا

خەبات: سلێمانی

لە 24کاتژمێری ڕابردوودا لە سنوورەکانی شارباژێر و سیتەک بە هۆکاری بڕینی داری دارستانەکان و ڕەژووکردن و ڕاوکردن، هاوواڵاتییەک دەستگیرکراو و ڕووبەڕووی یاسا کرایەوە.

لە ماوەی تەنیا 24کاتژمێردا لە سنوورەکانی شارباژێر و سیتەک بە هۆکاری بڕینی داری دارستانەکان و ڕەژووکردن و ڕاوکردن، هاوواڵاتییەک دەستگیرکراو و ڕووبەڕووی یاسا کرایەوە.

مەفرەزەیەکی بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سیتەک دەرچوون بۆ سنووری گوندی شارستێنە، دوای گەڕان و پشکنینێکی زۆر لە ئەنجامدا توانیان دەستبگرن بەسەر کورەیەکی ڕەژووکردن کە لەلایەن هاوواڵاتییەکەوە بە شێوەیەکی نایاسایی ڕەژووی تێدا دەکرا، هەروەها دەستگیرا بەسەر بڕێکی زۆر لە داری بڕاوە، بەڵام پێش گەیشتنی مەفرەزەکە بۆ شوێنی مەبەست تۆمەتبارەکە هەڵاتبوو.

لەلایەکی ترەوە لە سنووری گوندی عەزەبانی سەربە ناحیەی سیتەک لەلایەن مەفرەزەیەکی بنکەی پۆلیسی دارستانی سیتەک دەستگیرا بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە داری تەڕی بڕاوە کە لەلایەن سەرپێچاکارانەوە بڕابوونەوە.

لە راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانیدا ئاماژە بەوە کراوە کە لەچالاکییەکی تریاندا لە ئەنجامی دەرچوونی مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی شارباژێر بۆ سنووری قەزای چواتا لە گوندی گۆڕەدێم، هاوواڵاتییەک دەست گیرکراوە بە تۆمەتی ڕاوکردنی بااڵندەی کێوی هاوکات دەستگیراوە بەسەر یەک بااڵندەی کەو، یەک چەکی جۆری تاپڕو 10 فیشەک تاپردا . پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ سەرجەم سەرپێچیکاران کراوەتەوە.

بە پێچەوانەی سەرپێچیکاران لە شاری سلێمانی هاوواڵاتییەک چەند کەوێک ئازاد ئەکات

لە راگەیەندراوەکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانیدا ئاماژە بەوە کراوە، لەکاتێکدا هەندێک هاوواڵاتی بەبێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و تەنها لەپێناو ئارەزوویەکی تایبەتی و کاتی ڕاوی ئاژەڵ و بااڵندە کێوییەکان دەکەن و لەو چوارچێوەیەدا هاوواڵاتییەک لەشاری سلێمانی لەڕێگەی بەشی پۆلیسی دارستانی سلێمانی، چوار چوار بااڵندە (کەو)یان ئازاد کرد و ئامانجی ئەم هاوواڵاتییە زیادکردنی ژمارەی بااڵندەی کێوییە لەناو سروشت و پەیامێکیشە بۆ ئەو کەسانەی هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن تا چیتر ئاژەڵ و بااڵندەکان ڕاو نەکرێن و پارێزگاریان لێبکرێت.






رۆڵی شۆڕشگێڕانەی شەهید (سەفەری دۆڵەمەڕی) لە شۆڕشی گوڵاندا

(مەنیژا) هاوسەری شەهید: هاوسەرم، شەهید سەفەری دۆڵەمەری پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ و ماندوونەناس و خۆنەویست بوو

لیوا(شەوکەت حەسکۆ): شەهیدی فەرمانده (سەفەری دۆڵەمەری) فەرماندەیەکی دیار و چاونەترس بوو لە شۆڕشی گوڵان، بە چەکێکی سادە و ئیرادەیەکی پۆڵایین، ترسمان خستبووە ناو دڵی دوژمنەوە



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

لە کاروانی بەرخودان و خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستاندا زۆر رۆڵەی ئازاو تێکۆشەری بە توانا هەڵکەوتووە کە لە مێژووی پرشنگداری ڕێبازی کوردایەتیدا بوونەتە نمونەیەکی دیاری ناو شۆرش و پێشمەرگایەتی و لەپێناو خزمەتکردنی نەتەوەو نیشتمانەکەیان تۆمارێکی پڕ لە ڕێزو شانازیان بۆ خۆیان و گەلەکەیان لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژوودا نووسیوەتەوە. یەکێک لەو تێکۆشەرە ئازاو نەبەردانە شەهیدی فەرمانەر (حەسەن سلێمان لێلۆکی) ناسراو بە سەفەری دۆڵەمەری بووە.

شەهیدی فەرمانده(حەسەن سلێمان لێلۆکی) بە یەکێک لە سەرقۆڵە هەرەچالاکەکانی مەفەرزە تایبەتەکانی شۆڕشی گوڵان ناسراو بووە. شەهیدی فەرمانده ناسراو بە سەفەری دۆڵەمەڕی لە ساڵی **1953** لە بنەماڵەیەکی کوردپەروە و شۆڕشگێڕ لە گوندی لێکۆکی سەربە دەڤەری بارزان لە دایکبووە، لە تەمەنی لاویەتی دا هەزری شۆڕشگێڕی لە ناو ناخی دا وەک و گەرکان دەتەفیتەوە ودواتر دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ شەهیدی فەرمانده عومەرئاغا دۆڵەمەری لە بارەگای بارزانیی نەمر لە بالەکایەتی خزمەت دەکات لە ساڵی **1975** دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران دەبێت و لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی گوڵان لە ساڵی **1976** دەبێتە پێشمەرگە و لە بەر ئازایەتی و لیهاتووی دوای چەند عەملیات دەبێتە فەرماندەی مەفەرزەکانی تایبەت سەر بە قوەتی بارزان ، شەهیدی فەرمانده سەفەری دۆڵەمەری کەسێکی باوەڕ پێکراو و خۆشەویستی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و سەرکردایەتی پارتی بووە،دەتوانین بڵێین فەرماندەیەکی مەیدانی و مەفەرزەکانی تایبەت بە هێزەکی بچووک توانی دەیان داستانی نەبەردی و قارەمانێتی تۆمارکردووە. شەهید سەفەری هێرشبەرێکی ئازا و چاونەترس بووە و بە دەیان جار هێرشی سەرکەوتوانەی کردۆتە سەر بنکە و بارەگایەکانی دوژمن لە دیانا و میرگەسۆر و سیدەکان و هتد..و هەروەها سەدان جار بۆسە و کەمینی بۆ دوژمن داناوە و چەندین سەرکەوتنی مەزنی تۆمارکردووە. شەهیدی فەرمانده سەفەری دۆڵەمەری لەشۆڕشی گوڵاندا **5** جار بەسەختی بریندار بووە، ئینجا دوای خەبات و تێکۆشانێکی دوور و درێژ شەهید سەفەری لە ڕێکەوتی **2-7-1990** لە داستانی بەناوبانگی خواکورک لە پێناو ڕێبازی بارزانیی نەمر شەهید دەبێت و گیانی خۆی دەکاتە فیدای کورد و کوردستان و ڕێبازی بارزانی. بۆ یادکردنەوە و خستنەڕووی یادەوەرییەکانی شەهیدی فەرماندە، ئێمە لە ڕۆژنامەی خەبات بە پێویستمان زانی سەردانی خانەوادەی شەهید و هەڤاڵ و هاوسەنگەرەکانی شەهید بکەین، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە یادی شەهید سەفەری بکەین و خوێنەرانی ئازیز ڕۆژنامەی خەبات بە ئازایەتی و خەبات و کۆڵنەدانی شەهید ئاشنا بکەین .

لە شارۆچکەی پیرمام سەردانی خانەوادەی شەهیدی فەرماندە سەفەر مان کرد کە بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەی خەبات وەک یەکەم دەرگای ڕاگەیاندن چوونە

لەوسفەکانی هاوسەریشەهیدی گوتی: ئاخرین سەفەری بە منی گوت: ئەگەر شەهید بووم کە شەرەفە بۆمن، تۆ دە بێ ئاگاداری منداڵەکان بی و گەورەیان بکەی و فێری خۆشەویستی کوردستان بکەی کە ئێمە هەموو ئاواتمان ئەوەیە بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیمان دەگەڕێنەوە کوردستان، ئەو بەسەربەرزیەوە شەهید بوو لە داستانی خواکورک.

دوای شەهید بوونی هاوسەرم لە زێدە ماینەوە وە ئەرکی بەخێو کردنی منداڵەکانم لەئەستۆ گرت کە زۆر بچووک بوون و ژیانێکی سەخت و دژوارمان بینی کە دوای ڕاپەڕین گەڕاینەوە کوردستان لە گوندی خۆمان لێکۆکی سەربەدەڤەری بارزان نیشتەجی بووین، ئەمڕۆش مااڵیان وچاوەمان بە خانەواده و کەسوکاری شەهید کەوت.

خاتوو(مەنیژا سیستۆ هاوسەری شەهیدی فەرمانده (سەفەری دۆڵەمەری) کە ئەویش بەهۆی بریندارییەوە زۆر نەخۆشە و مانگانە چارەسەری نەخۆشیەکەی دەکات و ئەویش کچی قارەمان و فیداکار(سیستۆ لێلۆکی) و پرازای شەهیدی فەرماندە(عومەر ئاغا دۆڵەمەری) کە خانەوادەیان خاوەن دەیان شەهیدن وئەویش بۆ یاد و بیرەوەرییەکانی هاوسەری گوتی: بنەماڵەی شەهید سەفەر بەشێکن لە خەباتی کوردایەتی، ئێمە یەک بنەماڵەینە کە خاوەن دەیان شەهیدین لە شۆڕشەکان و هەتا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە ، هاوسەری شەهیدم لە تەمەنی لاویەتی بوویتە پێشمەرگە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ باوک و مامی ئازیزم شەهیدی فەرمانده عومەر ئاغا دۆڵەمەری دابووە، لە ئاوارەییدا لە ئێران ژیانی هاوسەرگیرم لەگەڵ پێکهێناوە چونکە ئەو قارەمان و مرۆڤێکی بەردەوم وبەوەفا وئامۆزابووین لە یەک بنەماڵە، بۆیە ژیانمان پێکهێنا، هاوسەرم هەموو ئاواتی خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر بووە، هیچ ئیستراحەتێکی نەبووە و بەردەوام لە خەبات و خزمەتکردن دابووە و یەکێک لە فەرماندەی مەفرەزەکانی تایبەت لە شۆڕشی گوڵان دا ناسراوە لەدەڤەری بارزان ، دەتوانن بە خۆتان بچن سەردانی هاوسەنگەر و ئەو قارەمانەی لەگەڵ هاوسەرم شەهید سەفەر دابووین و یاخۆد خەڵکی دەڤەری بارزان بکەن و بزانن کە شەهید چ ڕۆڵ و قارەمانیەتی هەبووە کە چەندین ئەرک و فەرمانی شۆڕش سەرکەوتنەی ئەنجامداوە و بەشداری لە چەندەها شەڕ و داستانی شۆڕشگێڕانە کردووە، ئەو زۆر خۆشەویست بووە لای هەموو پێشمەرگەکان.

لە درێژە قسەکانی دا خاتوو (مەنیژا) لە بارەی هەندێک سۆپاس بۆ خوا لە سایەی خوێنی هاوسەری شەهیدم و شەهیدانی کوردستان و خەباتی پێشمەرگە خاوەن کوردستانێکی ئازادین و تەمەنی جەنابی سەرۆک بارزانی درێژ بێت کە 2کوڕم پێشمەرگەنە و هەروەها 3کچم کە ئەوانیش لە خولی دایکە شەهیدان لە پاشتان چوونە دەورە ئەوانیش بوونە پێشمەرگە بۆ کوردستان و ئامادەنە لە پێناو ڕێبازی باوک و بنەماڵەی شەهیدەکەمان خۆیان فیدای کوردستان بکەن. سوپاس بۆ ئێوەی ئازیز و کوڕە شەهید هەردەم بۆ بەسەرکردنەوەی خانەوادەی شەهیدان.

لە هەوڵێر چاومان فەرماندەی تێکۆشەر و خاوەن هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر لیوا(شەوکەت حەسکۆ) کەوت کە ڕۆژانی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی گوڵان هاوسەنگەری شەهیدی فەرماندە(سەفەر دۆڵەمەری) بووە، فەرماندە (شەوکەت حەسکۆ)چەندین جار بریندار بووە و لە ڕاپەڕین ڕۆڵێ هەبووە و ئەندامی فەرماندەیی بارزان بووە، کە چەند ساڵە لەبەر خەبات و تێکۆشانی خانەشین کرا، بەڕێزیان لە یادەوەرییەکانی لەگەڵ شەهید سەفەری دۆڵەمەڕی لە بارەی ئەو داستان و نەبەردانەی کە شەهیدی فەرماندە سەفەری دۆڵەمەری زەربەی لە دوژمن داوە و چەندین دەسکەوتیان هەبووە کە بەخۆی لەگەڵی دا بەشداربووە و ئەوەی کە لە یادی دەهاتەوە ،

گوتی: 1980 23-3 هێرشمان کرده سەر ڕەبیعەی دوژمن لە مەزنێ ، ڕێکەوتی **4-6-1980** لە زیلی عەسکەری دوژمن لەڕێگای نێوان دیانا-میرگەسۆر، **2-4-1980** لەڕەبیعەی دوژمن لە خۆشکان- باوەمان دا ، لە ڕێکەوتی **12-4-1980** تۆپ بارانی مەعسکەری دوژمن میروزێان دا، لە ڕێکەوتی **27-5-1980** کەمینکەمان بۆ دوژمن دانەوە لە جادەی هاوەدیان- برادۆست لە ئەنجامدا **3**سەیاری عەسکەریان سوتاند لەگەڵ کوژراندنی چەند عەسکەر، ڕێکەوتی **9-6-1980** بە ئارپیچی و بیکەیسی لە دوژمنمان دا لە قشلی مەزنی، لە ڕێکەوتی **21-7-1980** لە ڕێگای نێوان میرگەسۆر دیانا بە کەمینەیەک بۆ دوژمنمان دانا لە ئەنجامدا **29** عەسکەرمان کوشت، لە ڕێکەوتی **27-7-1980** مەعسکەری دوژمن لە میرگەسۆرمان تۆپ باران کرد، ڕێکەوتی **1-8-1980** دەست ڕێژیان کرده سەر ڕەبیعەیی دوژمن لە شێروان مەزن ، **31-8-1980** مەفرەزیەک بووین لە ناوچەی بارزان لە نزیک جسری ڕێزان لە عەسکەرمان دا لە ئەنجامدا **8**عەسکەر کوژان، ڕێکەوتی **20-11-1980** فەوجی دوژمن لە ئەشکەوتوانمان تۆپ باران کرد، ڕێکەوتی **25-12-1980** چووینە ناو قەزای میرگەسۆر لە بنکەی ئەمنی ڕێژمی بەعسمان دا لە ئەنجامدا **7** ئیستخباراتی دوژمن کوژران، ڕێکەوتی **28-1-1981** لە گوندی خۆشکان ژ باوە کەمینێکمان داناوە بۆ دوژمن لە ئەنجامدا **3**سەیارەی عەسکەری کەوتنە بۆسەکەوە وە هەر **3**سەیارەمان سوتاند وە دەست بەسەرداگرتنی ڕەبیعەیی باوە و لە ئەنجامدا کوژراوانی دوژمن **50**عەسکەر بوون، ڕێکەوتی **21-2-1981** دەست ڕێژیان کرده سەر ڕەبیعەیی دوژمن کرکەمۆی و شێروان مەزن ، ڕێکەوتی **21-3-1981** ئێوارە دەست ڕێژیان کرده سەر ڕەبیعەیی دوژمن لە شێروان مەزن، **11-4-1981** لە کاتژمێر 6ی ئێوارە مەعسکەری میرگەسۆرمان تۆپبارانکرد، لە ڕێکەوتی **20-4-1981** کاتژمێر 6ی ئێوارە لە 3 جێپ قیادەیی دوژمنمان دا لە گوندە سەدەر ، ڕێکەوتی **2-5-1981** دەست ڕێژیام کرده سەر ڕەبیعەیی دوژمن لە گۆزە. دوژمن لەڕێگای نێوان دیانا-میرگەسۆر، **2-4-1980** لەڕەبیعەی دوژمن لە خۆشکان- باوەمان دا ، لە ڕێکەوتی **12-4-1980** تۆپ بارانی مەعسکەری دوژمن میروزێان دا، لە ڕێکەوتی **27-5-1980** کەمینکەمان بۆ دوژمن دانەوە لە جادەی هاوەدیان- برادۆست لە ئەنجامدا **3**سەیاری عەسکەریان سوتاند لەگەڵ کوژراندنی چەند عەسکەر، ڕێکەوتی **9-6-1980** بە ئارپیچی و بیکەیسی لە دوژمنمان دا لە قشلی مەزنی، لە ڕێکەوتی **21-7-1980** لە ڕێگای نێوان میرگەسۆر دیانا بە کەمینەیەک بۆ دوژمنمان دانا لە ئەنجامدا **29** عەسکەرمان کوشت، لە ڕێکەوتی **31-5-1981** بۆسەیەکمان بۆ دوژمن دانا لە کانی سوارە- حەسەن بەگ جادەی سیدەکان ژدیانا ئامیر لیوایەک لەگەڵ دوو ئامیر فەوج وە **3** سەیارەی عەسکەری لە ئەنجامدا هەموویان هاتنە کوشتن وە ئێمە تا کاتژمێری **8**ی شەو معاسرە بووین دواتر دوژمنمان شکاند و دوژمن **68** کوژراوی هەبوو بە ئامیر لیواوە. لە ڕێکەوتی **25-5-1981** لە کاتژمێری **6**ی ئێوارە دەست ڕێژیان کرده سەر ڕەبیعەیی دوژمن لە ببێل ، ڕێکەوتی **10-12-1981** تۆپبارانی فەوجی دوژمن لە ئەشکەوتوان و ببێل مان کرد، ڕێکەوتی **12-12-1981** تۆپبارانی مەعسکەری دوژمن لە میرگەسۆر، ڕێکەوتی **20-12-1981** چوونە ناو قەزای دیانا بە ئارپیچی وە چەکی سوک لە دائیرەی ئەمنی ڕژێمی بەعسمان دا، لە ڕێکەوتی **1-1982** لە کاتی تەرحیل کردنی شێروان مەزن بە تۆپ و دۆشکە و چەندەها جۆرە چەک لە دوژمنمان دا وە لە ئەنجامدا





لیوا(شەوکەت حەسکۆ)

زیانێکی زۆرمان بە دوژمن گەیاند، لە ڕێکەوتی **27**و **28-6-1982**- چووینە ناو قەزای میرگەسۆر لە ڕەبیعەیی دوژمن لە قەنتەر و سەیتەرەکەمان دا و زیانی زۆر بە دوژمن گەیاند، لە ڕێکەوتی **21-3-1982** بە تۆپ و دۆشکە لە ڕەبیعەکانی دوژمن شێروان مەزنداڕا، لە ڕێکەوتی **19**و **18-3-1982** لە نزیک دیانا- بادلیان لە فەوجی دوژمن لە بادلیانماندا زیانێکی زۆریان بەرکەوت، لە ڕێکەوتی **21-3-1982** لە ڕەبیعەیی دوژمن لە خوار شێرۆکیانماندا، لە ڕێکەوتی **21-3-1983** هێرشمان کرده سەر ڕەبیعەیی دوژمن لە کانیەلینج لە ئەنجامدا ڕەبیعەکەمان گرت. ڕێکەوتی **3-10-1983** لە بێرکم گردی شەماشە ناوچەی سیدەکان دوژمن بە فڕۆکە هێرشی هێنایە سەرمان ئێمە هێزیکی زۆر بووین وە زۆر بە تووندی تێکمان شکاندن، لە ڕێکەوتی **8-10-1983** زیاتر لە گەڵ **200** پێشمەرگە هێرشمان کرده سەر **5**ڕەبیعەیی دوژمن لە سیدەکان ئەنجامدا زیاتر لە **80**عەسکەر کوژران، ڕێکەوتی **9-4-1984** هێرشمان کرده سەر ڕەبیعەیی دوژمن لە گەری سور لە ئەنجامدا زۆر لە دوژمن کوژران، لە ڕێکەوتی **29-3-1985** هێرشمان کرده سەر ڕەبیعەی دوژمن لە لێلۆک مان دا ، لە ڕێکەوتی **10-5-1985** هێرشمان کرده سەر ڕەبیعەیی دوژمن لە بانی شێخ سێدا خوار میرگەسۆر زیانێکی زۆرمان لە دوژمندا، لە ڕێکەوتی **21-3-1986** تۆپبارانی سریەی دوژمن لێلۆک و گەلی سور و ناومیرگانمان ، لە ڕێکەوتی **26-4-1986** دوژمن هێرشی کرده سەر ناوچەی دەشتی بەرازگر پاش دوو ڕۆژ شەڕ دوژمن تێکشکا زیانێکی زۆری پێگەیشت، لە ڕێکەوتی **5-7-1988** هێرشمان کرده سەر ڕەبیعەی دوژمن لە شاخی پشت گوندی کەکلە لە ئەنجامدا هەموو ڕەبیەکانمان گرت و بەداخەوە **15**شەهید و بریندارمان هەبوون، لە ڕێکەوتی **3-8-1988** دوژمن بە **3** هەزار عەسکەر و جاش هێرش کرده ناوچەکەمان چەند ڕۆژ شەڕمان کرد وە زیانێکی زۆریان پێگەیشت، لە ڕێکەوتی **7-8-1988** کەمینیکمان بۆ دوژمن دانا لە گوندی خەروان لە دەشتی بەرزاگر لە ئەنجامدا **9** عەسکەر کەوتنە کەمینە هەموویان کوژران، لە ڕێکەوتی **13-8-1988**دوژمن هێرشی گەورەی کرده سەر گوندی گیزە پانک و سیرۆ بەڵام نەمان هێشت بێنە پێش، لە ڕێکەوتی **18-8-1988** دوژمن هێرشی کرده سەر چیایی کتکین نەمان هێشت بێنە پێش و خۆم لەگەڵ **3**هەڤاڵی تر بریندار بووین. لە ڕێکەوتی **19-8-1988** دوژمن هێرشی هێناوە سەر چیایی کتکین و ناوچەی برادۆست کە شەڕێکی سەختمان لەگەڵ کرد، زیانێکی زۆریان پێ کەوت، لە ڕێکەوتی **29-8-1988**دوژمن هێرشی کرده سەر ئێمە لە دۆڵە ڕەش لە ناوچەی خواکورک پاشان زیانێکی گەورەمان لە دوژمن دا، لە ڕێکەوتی **4-9-1988** دوژمن بەیانی هێرشی کرده سەر ئێمە لە دۆڵە ڕەش لە ناوچەی خواکورک پاشان زیانێکی زۆرمان لە دوژمن دا ولە ئەنجامدا تێکشکا، لە ڕێکەوتی **5-9-1988** کۆتا ڕۆژی شەڕی خواکورک پاش شەڕێکی سەخت لەگەڵ دوژمنمان کرد وە سەرکەوتنی گەورەمان بەدەست هێنا .

من شەهید سەفەری هەردەم بە فەرمانده و مامۆستای خۆم دەزانم چونکە لە ئەو فێرە کوردایەتی و ڕەوشت بەرزی و ڕاستی بوومە چونکە جگە لە ڕزگاری و سەربەخۆی کوردستان هیچ شتێکی تر لە خەیالی ئەو مرۆڤە مەزنە دا نەبوو ئێستاش من ڕۆژانە بەیاد و یادەوەری و قارەمانیەتی ئەم فەرماندەو هاوسەنگەرانی ترمان شەهیدانی تری هەڤاڵمان زیندووم و هەر ساتێک لە ناو میشک و دڵم دا بە زیندووی دەمێنیتەوە.

پێویستە راسپێردراوی سەرۆکایەتی حکومەتی نوێی عێراق هەڵەکانی پێشوو بەرامبەر هەرێمی کوردستان دووبارە نەکاتەوە

خەبات: تریفە ئازاد

دیسانەوە عێراق وەکو هەمیشە کەوتەوە نێو ئاستەنگ ملمالانێی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، ئەمە لەکاتێکدایە کە ولآت نغرومی قەرانەکانی هەژاری و بێکاری و گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری و هەژموونی بێگانە بووە هەرووەها عێراق بۆتە گۆڕەپانی ناکۆکی و ملمالانێی نێوان ئەمریکا و ئێران. لەلایەکی دیکەشەوە نزیکە **4** مانگە هەموو خەڵکی عێراق دژی حکومەت و لایەن سیاسی و مەزهەبی و ئەجندا و هەژموونە بیانییەکان و لەپێناو چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانە رژاونەتە سەرشەقام و ناخوازن ئەم حکومەت و بەرپرس و کەسایەتییە بەشداربووەکانی حکومەتی ئێستا و پێشوو بەشداری حکوومەتی نوێی عێراق بکەن. لەکاتێکدا خودی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت یەکێکە لە بەشداربووانی حکومەتی پێشوتر و دەخوازێ زوو زوو دژی خواست و مەرجەکانی خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان حکومەتی نوێ لە بەرژەوەندی ئەجندایەکی تایبەت پێک بهێنێت، لێردەدا هەوڵدەدەین راوبۆچوونی شارەزایان لەم رووەوە بۆ خوێنەرانی رۆژنامەی خەبات بخەینەروو.

بەغدا چاوەڕێی هەوڵێرە لە کابینە نازەکەی د. ڕێبین سەلام، مامۆستای زانکۆ لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

هەڵوێستی ڕوون وئاشکرای کوردستانیان لە ڕێگەی وەفدی دانوستانمان لە بەغدا لەگەڵ بەرێز (محمد توفیق علاوی) کردیەکارێک کاندیدی نێوزەندکراو بۆ دامەزراندنی کابینەی نوێ ی عێراق نەیتوانی لەبەردەم ڕەوایەتی وخاس بێژی وەفدەکەدا هیچ بڵێت جگە لە ملدان بۆ داواکاریەکان ولەسەر داوای وەفدی کوردستان دەنگدانی کابینەکەی عێراق لە ڕۆژی دووشەمەوە دواخرا بۆ پێنج شەمە بە مەبەستی گەرانەوەیان بۆ لای سەرکردایەتی کوردستان وناچارکرا کونیەی وەزیرەکان و بەرنامەی کارەکەی بخرێتە بەرچاوی ئەنجومەنی نوێنەران و لەکارنامەکەشدا بەرواری هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری بکرێت وەزیرەکانی کوردستان بێ پرس وراکردن بە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان تێنەپەرێت جارێکی دیکە بەغدا چاوەڕێی هەولێرە کابینەکەی بۆ تێپەڕێنی. لە چەند ڕۆژی ڕابردوو پاش مشت ومالکردنی وورد لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان لەلایەک وئەنجومەنی وەزیران وپەرلەمان لەلایەکی دیکە، جەنابی سەرۆکی هەرێم بەیاننامەیەکی پێنج بڕگەیی بڵاوکردەوە کە پێک هاتبوو لەمانەی خوارەوە و دەبێتە بنەما و نەخشەڕێگایەک بۆ کارکردنمان لەم قۆناغەی بەغدادا:

1- کار بۆ پێکهێنانی حکوومەتێک دەکەین کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای عێراقی هەبێت و کاری جددی بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بکات

د.ڕێبین سەلام: پێویستە کار بۆ پێکهێنانی حکوومەتێک بکرێت کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای عێراقی هەبێت و کاری جددی بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بکات

نیشتمانی و هاوسەنگی و وەیادهێنانەوەی بابەتێکی گرنگی لەیاد کراو کە بریتیە لە بەرژەوەندی بااڵی عێراق وئەو دۆخە ئاڵوزەی ناوچەکەی تێدایە، هەروەها بڕوای چەسپاوی سەرکردایەتی کوردستان بە دانوستان ومێزی بازنەیی ومامەڵەکردنێکی عەقڵانی لەگەڵ دۆخی لەکۆل هاتووی ناوچەکە ئەرکێکی نیشتمانی.

5- لەپێناو هێنادی ئەم ئامانجانەدا، شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بەردەوام دەبێت. پاش خوێندنەوەی وردی هەر بڕگەیەکی سەرەوە هەڵسەنگاندن دەکەین بۆ هەریەکێکیان

ڕووکردنە هەر کەس و لایەنێکی دیکە جگە لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم شەرعی نییە

هەروەها د.ڕێبین سەلام بۆ خەبات دەڵێت: کارکردنمان لەگەڵ حکومەتێکدا دەبێت بتوانێت کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات نەک قوڵکردنەوەی ونامانەوێت بەشێک بین لە شکستی کابینە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق، ئامانجان چارەسەری کێشەیە نەک وەرگرتنی پۆست، واتە پلەوپۆست لای کورد (ئامرازە) نەک (ئامانج)، تێبیمان لەسەر شێوازی کارکردنی نێوزەند کراوە نەک لەسەر خودی خۆی کە نە کورد ونە زۆربەی پارت ولایەنە سیاسیەکانی عێراق لەم حکومەتە رازی نین وناکرێت بەم شێوازی پشتگوێخستن وخۆسەپاندنە پێک بێتەوەووکردنە هەر کەس ولایەنێکی جگە لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم شەرعی نییە بۆ پرسی دامەزراندنی کابینەی نوێ هەژمارکردنی هەرێمی کوردستان وەک حزبێک هەڵەیەکی سیاسی گەلێک مەزن وکوشندەیە بۆ هەر لایەنێکی عێراق وا بیربکاتەوە وەیادهێنانەوەی بابەتێکی گرنگی لەیاد کراو کە بریتیە لە بەرژەوەندی بااڵی عێراق وئەو دۆخە ئاڵوزەی ناوچەکەی تێدایە، هەروەها بڕوای چەسپاوی سەرکردایەتی کوردستان بە دانوستان ومێزی بازنەیی ومامەڵەکردنێکی عەقڵانی لەگەڵ دۆخی لەکۆل هاتووی ناوچەکە ئەرکێکی نیشتمانی.

نەدا مێرگەسۆری: عێراق لەسەر پرەنسیپی (شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق) بنیادنرایەوە، ناکرێت، هەر چۆنێکیان بوێت مامەڵە لەگەڵ کیانێکی دەستوری و نەتەوەیەکی سەرەکی بکەن

4- ئێستا عێراق ڕووبەڕووی تەحەدیاتی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی بۆتەوە و بە وەرچەرخانێکی مەترسیداری میژوویی تێدەپەڕێت، بۆیە داوا دەکەین کە پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لەسەر میزی گفتوگۆ دابنیشن و بگەنە بڕیارێکی یەکگرتووی هاوبەش لەسەر ئەو هەڕەشە گەورانەی کە ئێستا ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەموو ناوچەکە تووشی دەکەن و ڕێگە بە هیچ هێزێک نەدەین کە بیەوێت عێراق بکاتە مەیدانی ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەکە بکاتە مەترسی بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری نێودەوڵەتی.

6- ئێمە پابەندین بە دەستوری عێراق و ڕێز لە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەگرین، بەڵام پێویستە هەموو لایەنەکان ڕێز لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بگرن کە ڕێگە بە هیچ لایەنێک نادات کە بەتەنها بڕیار لەسەر چارەنووسی خەڵکی عێراق بدات، بەڵکو پێویستە هەموو لایەنەکان بەشداری ڕاستەقینە بکەن لە بڕیارەکان و ڕێگە بە هیچ لایەنێک نەدەن کە بیەوێت بەتەنها بڕیار بدات.

7- ئێمە پابەندین بە ڕێکارە دەستوریەکانی گۆڕینی حکوومەت و دەرکردنی متمانە لە سەرۆک وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم ڕێکارانە بە تەنها بەس نین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو پێویستە ڕێکارەکانی دەستنیشان کردنی (محەمەد توفیق عەلاوی)کاندیدی ڕاسپێردراو، ڕێکاری نادەستووری بوون کە سەرۆک کۆمار پێی هەستا، چونکە لە ماوەی ئەو **15**ڕۆژەی کە دەستوور داینراوە بۆ دەستنیشان کردنی کاندید، لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە موماتلەی زۆرکراو ماوەکە تێپەڕبوو کە ڕاسپێردرا، ئەم جگە لەوەی کە بابەتی کوتلەی گەورەش سەرپێچییەکی دیکەی دەستووری بوو کە ئەنجام درا کاندیدی راسپێردراو پێویستە هەڵەکانی (عەبادی) و (مالیکی) دووبارە نەکاتەوە لە مامەڵە کردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسییەکەی، چونکە عێراق لە سەر سێ پرنسیپی(شەراکەت و هاوسەنگی و تەوافوق) بنیانرایەوە، ناکرێت، هەر چۆنێکیان بوێت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات. هەرێمی کوردستان کیانێکی دەستوریە و ناکرێت کەسێک لە بەغدا کە خۆی لەبەرشیعە بوونی بۆ ئەو پۆستە ڕاسپێردراوە بیت و لە جیاتی هەرێم و سەرکردایەتییەکەی بڕیار بدات، ئەمە پێشینەیەکی مەترسیدارەو کێشەکانی عێراقی پێ ئاڵۆزتر دەبێت. ئەوانی پێش ئەویش وەک (مالیکی و عەبادی) شتی لەو بابەتانەیان زۆر ئەنجام دا، بەڵام بینیمان سەرکەوتوو نەبوون و خۆیان زەرەریان کردو گەلی کوردستان بەهێزتر بوو. نەک کورد، بەشێکی زۆری سوننەکانیش و بگرە هەندێک پارتی شیعەییش لەم جۆرە میکانیزمەی ئەو نارازین. بۆیە پێناچێت کە بتوانێت لەم جۆرە مامەڵە کردنەی بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی سەرکەوتوو بێت، گرفان هەر پێداگر بوو لەسەرئەوەی بەو میکانیزمەی خۆی کابینەکەی پێشکەشی پەرلەمان بکات و توانی نیسابی یاسایی پێویستیش بۆ دانیشتنی پەرلەمان کۆبکاتەوە، بەڵام دڵنیابن کە حکومەتەکەی سەرکەوتوو نابێت، نەک ناتوانێت ئەو **11** مەلەفە هەستیارانە چارەسەر بکات کە لەیەکەم دەرکەوتنی لە ڕاگەیاند بەڵێنی چارەسەریانی دا. بەڵکو عێراق بەرەو لێواری هەڵدێرانیش نزیک و نزیکتردەکاتەوەو داهاتوویەکی نادیارتر بەرۆکی عێراق دەگرێتەوە. بۆ بیرهێنانەوەش وەک پسپۆرێکی یاسایش دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات. هەرێمی کوردستان کیانێکی دەستوریە و ناکرێت کەسێک لە بەغدا کە خۆی لەبەرشیعە بوونی بۆ ئەو پۆستە ڕاسپێردراوە بیت و لە جیاتی هەرێم و سەرکردایەتییەکەی بڕیار بدات، ئەمە پێشینەیەکی مەترسیدارەو کێشەکانی عێراقی پێ ئاڵۆزتر دەبێت. ئەوانی پێش ئەویش وەک (مالیکی و عەبادی) شتی لەو بابەتانەیان زۆر ئەنجام دا، بەڵام بینیمان سەرکەوتوو نەبوون و خۆیان زەرەریان کردو گەلی کوردستان بەهێزتر بوو. نەک کورد، بەشێکی زۆری سوننەکانیش و بگرە هەندێک پارتی شیعەییش لەم جۆرە میکانیزمەی ئەو نارازین. بۆیە پێناچێت کە بتوانێت لەم جۆرە مامەڵە کردنەی بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی سەرکەوتوو بێت، گرفان هەر پێداگر بوو لەسەرئەوەی بەو میکانیزمەی خۆی کابینەکەی پێشکەشی پەرلەمان بکات و توانی نیسابی یاسایی پێویستیش بۆ دانیشتنی پەرلەمان کۆبکاتەوە، بەڵام دڵنیابن کە حکومەتەکەی سەرکەوتوو نابێت، نەک ناتوانێت ئەو **11** مەلەفە هەستیارانە چارەسەر بکات کە لەیەکەم دەرکەوتنی لە ڕاگەیاند بەڵێنی چارەسەریانی دا. بەڵکو عێراق بەرەو لێواری هەڵدێرانیش نزیک و نزیکتردەکاتەوەو داهاتوویەکی نادیارتر بەرۆکی عێراق دەگرێتەوە. بۆ بیرهێنانەوەش وەک پسپۆرێکی یاسایش دەمەوێت ئەوە بڵێم کە


تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەشداری سیاسی کورد ڕوژی پێنجشەمەم بۆ دەنگدان لە سەر پێکهێنانی کابینەی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی محەمەد تۆفیق عەلاوی لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە نابێت سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان ڕازی بێت لە سە ئەوەی کە عەلاوی وزیرەکان بو هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات چونکە ئەمە بە زەوت کردنی ئیرادەی سیاسی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت ئەمە لە لایەک وە لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بتوانێت مافە دەستوریەکانی هەرێمی کوردستان زامن بکات لە گەڵ حکومەتی نوێی عێراق بەشداری کردنی کورد لە دەنگدانی ڕۆژی پێنجشەمەی داهاتوو شتێکی باش دەبێت بە مەرجێک یەکەم کورد دەبێت بە یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی ڕوو لە بەغدا بکات و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە سەر بنەمای چارەنوسمان یەک چارەنووسە هەڵسوکەوت بکەن و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بخەنە سەرووی بەرژەوەندییە تەسکە حزبیەکان و تاکەکەسیەکان وە لە هەمان کات دا زەمانەتێک وەربگیرێت وە وا باشە لایەنی سێیەم بوونی هەبێت بۆ گەرەنتی کردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا چونکە ئاماژە سەرەتاییەکانی سیاسەتی عەلاوی باش نین و جوڕێک لە تاکڕەوی پێوە دیارە بۆیە کورد دەبێ بە شێوەییکی عەقڵانی و لۆژیکی مامەڵە لە گەڵ ڕەوشی سیاسی ئێستای ئەم وڵاتە دا بکات لە کۆتایی دا دەگەینە ئەم ئەنجامە لێردەدا یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان وەک زەورەتێکی حەتمی دەردەکەوێت چونکە لە یەکترارانی سیاسی هەمیشە بۆ کورد نەهامەتی و مالوێرانی بەدوای خۆیدا هێناوە و نەیارانی کوردیش ئەو پەڕی سودیان لێ بینیوە بو لاواز کردنی پێگە و سەنگی هەرێمی کوردستان کەواتە یەک هەڵوێستیمان لە پێناو بەژوەندیە باڵاکانی گەلی کوردستان یەکسانە بە زالبوغان بە سەر ئەجندای سیاسی دوژمنان و ناحەزانمان بە گشت.

سەلاح بەیتولا: یەک هەڵوێستیمان لە پێناو بەژوەندیە باڵاکانی گەلی کوردستان زامنی زالبونمان بە سەر ئەجندای سیاسی دژ بەکوردستان

کیانێکی دەستووری و نەتەوەیەکی سەرەکی بکەن. یان بیانەوێت بە هەڕەشەو تاکڕەوەی ئیدارەی دەوڵەت بکەن.

کورد دەبێ بە شێوەیێکی لۆژیکی مامەڵە لە گەڵ ڕەوشی سیاسی عێراق بکا

سەلاح بەیتولا ئاکرەیی، نوسەرو چاودێری سیاسی لە لێدوانێکی



کاروان محەمەد سینو

پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بەبێ تەوافق و شەراکەت و هاوسەنگی هەوڵێکە بۆ قورغکردنی دەسەڵات

شاراوە نییە کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئاین و فرە مەزهەبە، هەروەها شاراوەش نییە کە ڕێژەی دانیشتوانی عەرەبە شیعە مەزهەبەکان زیاترە لە ڕێژە دانیشتوانی کورد و سوننە و نەتەوەکانی دیکەی عێراق. ساڵی **2003** ڕژێم و حکومڕانی دیکتاتۆری فاشی و ڕەگەزپەرستی سەددام حوسێن ڕوخێنرا و سەرلەنوێ عێراقێکی نوێی فیدراڵی بونیاد نرایەوە، کە دەتوانم بڵێم ئەوکات کورد و سیستەمی حوکمڕانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەوێنی بونیادنانەوەی عێرقی نوێ بوو، لەبەر ئەوەی کوردستان ئەوکات ئەزموونی **12** ساڵەی **2003-1991** حوکمڕانی دیموکراسی و فرە لایەن و پێکهاتەی هەبوو. هەر لەسەرەتاوە و بە نیازێکی پاک و هیوابێکی نوێ، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە هەموو توانا و ئەزموونی (**12** ساڵەی خۆی) بووە فاکتەرێکی کارا بۆ پێکهێنانی عێراقی نوێ. بەم شێوەیە و بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی خاک و خەڵکی و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاین و ئاینزاکان، عێراقی نوێی فیدراڵی بونیاد نرایەوە کە وەکو باسمانکرد کورد فاکتەر و هۆکاری سەرەکی ئەم بونیادنانەوەی عێراقی نوێ بوون لەسەر سێ پرەنسیپ و بنەمای سەرەکی کە لەهەمانکاتدا بریتین لە سێ هۆکار و فاکتەر زامنی هێمنی و ئارامی و بوونی عێراق وەکو دەوڵەتێک. ئەو سێ بنەمایەش بریتین لە (تەوافق و شەراکەت و هاوسەنگی)، ئەگەر بێتو بەوردی لەم سێ پرەنسیپە ورد بینەوە، ئینجا دەزانین کە حیکمەتی چی بووە؟! لە پەڕەوکردنی ئەمسێ پرەنسیپە لە بونیاد نانەوەی عێراقی نوێ، هەڵبەت تایبەتمەندی لە پێکهاتەی خاک و خەڵکی و ئاین و ئاینزاکانی عێراق هۆکاری پێویست و سەرەکین لە پەیڕەوەکردنی ئەم سێ پەرنسیپە وەکو زامنێک بۆ هێمنی و ئارامی و بوون و بەردەوامبوونی عێراق وەکو دەوڵەتێک. لەبەرئەوەی هەروەک لەدەسپێکدا باسمانکرد کە ڕێژەی عەرەب و لە نێویاندا شیعە مەزهەبەکان زیاترە لە نەتەوە و مەزهەبەکانی دیکەی عێراق، واتا هەرپرۆسەیەکی دیموکراسی (هەڵبژاردن و زۆرینەی ناو پەرلەمان) بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەرسێ پرەنسیپی (تەوافق و شەراکەت و هاوسەنگی) دەبێتە ئەگەری قۆرغکاری بڕیاری و دەسەڵات و تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی عەرەبی شیعە مەزهەب. لەبەر ئەوەی عەرەبی شیعەمەزهەب لە عێراقدا زۆرینەن و هەموو هەڵبژاردن و پەسەندکاری نێو پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوان (عەرەبی شیعەمەزهەب) یەکلاکەرەوەیە، بەم شێوەیەش هەر پرۆسەیەکی دیموکراسی بەبێ لەبەر چاوگرتنی هەرسێ پرەنسیپی (تەوافق و شەراکەت و هاوسەنگی) دەبێتە پرۆسەیەکی قورغکاری دەسەڵات لە بەرژەوەندی عەرەبی شیعە مەزهەب بەرلەوەی دەستپێبکات!!. بۆیە پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق بەبێ تەوافق و ڕاپرسی و هاوسەنگی لە پلە و پایەکاندا هەوڵکی تاکەڕەوانە و دیکتاتۆریانە و قورغکارییە و قابلی قبوڵ نییە.



ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگای هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی کافتریا بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦. جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر بکات لەماوەی (٣٠) سێ ڕۆژدا کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە. لێك زیادکردنەکە لە سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی بەبڕی ٢٠٪ یەدەگی پێ بێت لە بڕی خەملێنراو. گشت خەرجیەکانی بەکرێدانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
***
دادگای کەتن لە شەقلاوە
ژمارە/ ٤/د/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو رفیق عبدالطیف حمدامین
ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەم دادگایە بریاری دا بە دادگایی کردنی بەشێوەیەکی پاشەملە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادانی عێراقی بۆ ئەمەبەستە ئاگاداری دەکەینەوە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی پێویستە لەسەری ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/٢٩ بۆ دادگایی کردنی وە ئەگەر ڕۆژی دادگایی کردنەکە کەوتە پشوو ئەوە یەکەم ڕۆژی کارکردن دوای پشووەکە دەست نیشان دەکرێت بۆ دادگایی کردن ئەگەر ئامادە نەبن یاخود خۆی بەدەستەوە نەدەن بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو کاتەدا کاری یاسایی دەرهەق بە پاشەملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر
***
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف
منطقة كركوك/گرميان
محكمة الاحوال الشخصية في كفري
اعلان
المدعية: وفا محمد نوري
المدعى عليه: يونس محمد عثمان / مجهول محل اقامة
لدعوي زوجتك المدعية اصدرت هذه المحكمة قرارها بالدعوي المرقم ٣٠٢/ش/٢٠١٩ بتاريخ ٢٠٢٩/٢/١٨ بالتفريق للهجر بينكما و لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين يوميتين للحضور بنفسك او من ينوب عنك قانونا للطعن بالقرار والا سيكتسب درجة البتات اصوليا.
القاضي/ فريدون عبدالله محمد شفيق
***
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف
منطقة كركوك/گرميان
محكمة الاحوال الشخصية في كفري
اعلان
المدعية الاولي: عائشة عثمان فياض
المدعية الثانية: نضال ابراهيم حياد
المدعي عليه: مشعل حميد عبد / مجهول محل اقامة
لدعوي زوجتك المدعية الاولي اصدرت هذه المحكمة قرارها بالدعوي المرقم ٢٩٧/ش/٢٠١٩ بتاريخ ٢٠٢٠/٢/١٨ بالتصديق الزواج بينك و بين المدعية الاولي لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين يوميتين للحضور بنفسك او من ينوب عنك قانونا للطعن بالقرار والا سيكتسب درجة البتات اصوليا.
القاضي/ فريدون عبدالله محمد شفيق
***
مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة أربيل
الواقعات
الرقم: ٣٢٢١
التاريخ: ٢٠٢٠/١/٢٣
اعلان
قدم المواطن (بابه شيخ احمد احمد) طلب في هذه مديرية لتسجيل لقبه (خۆشناو) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه مديرية خلال خمسة عشر يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية وبعكسه فسوف تنظر هذه المديرية في الدعوى وفق احكام المادة ٢٤ من قانون البطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة ٢٠١٦.
ع/اللواء الحقوقي/نشأت إبراهيم شلال
مدير العام للمديرية الاحوال المدنية و الجوازات و الاقامة/وكالة
***
دادگای باری کەسی سۆران
ژمارە/ ٨٥/ش/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٣
بۆ داوالێکراو وجدان نبی مقدید شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠١٧/٥/١٦ لە داوای ژمارە ٨٥/ش/٢٠١٧ بەپاشملە بریاری داوە بە پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی نێوان داواکار کوردو یاسین حمدامین و داوالێکراو وجدان نبی مقدید لە ٢٠١٧/٢/٢٨ و تەلاقەکە بە بائن بینونە صغری دانراوە و بریارەکەش شیاوی ناڕەزایی و پێداچوونەوەیە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە دادگا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت دەکاتەوە بە بریارەکە بۆت هەیە لەماوەیی یاسایی تانەی لێبدەیت ئەگینا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ محمد عبدالرحمن قاسم
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ٩/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٥
ئاگاداری
لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١) شوێنی بینایەیی (کوشتارگەی قوشتەپە) مولکی شارەوانی لەسەر بەشێك زەوی خزمەت گوزاری ژمارە (٧/٢٩ ك ١٠١ قوشتەپە) بەرووبەری (٤٥٠م٢) وە بەکرێی ساڵانەی خەملێندراو (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار بۆ (١م٢) بۆ ماوەی (٣) ساڵ ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ناشکرا با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی قوشتەپە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٢٥ / م / ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٥
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ میلاد ماجد دنحا
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (ڕغد قریا قوس ریشو) داوای ژمارە ٢٥ / م / ٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (بطلان زواج) ئەم دادگایە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٥ بریاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بە (پەسندکردنی هەلوەشاندنەوەی گرێ بەستی هاوسەرگیری) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گوندی لوبنانی بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت بە بریارەکە بۆ دەربچێت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لەماوەی یاساییدا نارازیبوونی خۆت یان تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
***
دادای باری کەسێتی لەکەلار
ژمارە : ٤٧ / ش / ٢٠٢٠
ئاگاداری
ب داوا لەسەر کراو / بکر جهال مام قادر داواکار (شرمین فرج عبدالله) داوای ژمارە (٤٧ / ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت و تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات .بەپێی مادەی (٤٠) لە یاسای باری کەسێتی ، لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە، بەپێی ئەشعاری ئەنجومەنی / سلێمانی / گەرەکی کانی سبیکە بۆیە ئەمدادگایە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەڕێگەی دووڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی،بەمەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەمدادگایە بۆڕۆژی (١ / ٣ / ٢٠٢٠) کاتژمێر (٩:٠٠) ی بەیانی بۆیە پێویستەلە ڕۆژی دیاری کراودا ئامادەبیت یان بریکارێك لەجێگات ئامادەبێت بە پێچەوانەوە ئەوا دادبینی بەشێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجامدەدرێت .
دادوەر/ پروین علی احمد
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٩/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٦
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣٤٢٠١٦/هەولێر – تایبەت) جۆری (تویوتا یارس) مۆدیل (٢٠١٢) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (سعدی خضر حمشین) لە ڕۆژی (١٨/٣/٢٠٢٠) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٧,٢٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (BIL DELAR) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی کەل و پەلی یەدەکی بەکارهاتوو و کۆن و نوێ ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناو و چالاکی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (BIL DELAR) بۆ کۆمپانیای (التحسین) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (ئایزون) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بڕیاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ ئاکام عباس محمود
نانیشان/ هەولێر – زیلان
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٤٩٤٩٧٥

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٣٧٣٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (ئایزون) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (ئایزون) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٤) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەڕێز پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ئاکام عباس محمود) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠٢٠/٢/٢٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (BODY SPORT – بۆدی سپۆرت) بۆ (بازرگانی گشتی و پێداویستی وەرزشی و خۆراکی وەرزشی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ محمد خالص سیاح
نانیشان/ هەولێر – ئازادی
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٣٤٨٠١٨
ئیمیل: mad_kh@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ١٠٥
ڕێکەوت /٢٠٢٠/١/٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (نوڤارو / بۆ بازرگانی گشتی هاوردە وهەناردە / سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٧
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (HARMANCONCRET) بۆ (بازرگانی گشتی - هاوردە وهەنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / دلدار وعد یوسف
ناڤ ونیشان / دهوك - ئالوکا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٧٢٦٣٦٣

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٦٤١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (BODY SPORT – بۆدی سپۆرت) بۆ (بازرگانی گشتی و پێداویستی وەرزشی و خۆراکی وەرزشی/ سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (BODY SPORT – بۆدی سپۆرت) بۆ (بازرگانی گشتی و پێداویستی وەرزشی و خۆراکی وەرزشی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/١٩) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەڕێز پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد خالص سیاح) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠٢٠/١/٢١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ دهشتی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٥/انابە/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٢/١٦
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهشتی هەولێر مولکی ژمارە ١/٨ ك ١٣٧ پالانی کە کەوتوەتە قوشتەپە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار شرکة لاژە للانتاج زراعی کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی مصرف اربیل بەبڕی/ ١,٠٣٥,٦٦٠,٠٠٠ دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرپارە.
جێبەجێکاری داد / شێرزاد خضر دزەیی
١ – شوێن و ژمارەی/ ١/٨ ك ١٣٧ پالانی
٢ – ڕەگەزو جۆری/ زەوی کشتوکالی
٣ – سنوورو ئاگاداری/ لەتۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ خشتەی هەبووەکان و دامەزراوەی قەرزار ناوی هەبووەکان و دامەزراوەکانی کۆمپانیای لاژە ١- سێ خانووی یەك نهۆمی لەسەر دروستکراوە ٢- یەك خانووی دوونهۆمی لەسەر دروستکراوە ٣- خانوێکی کۆنی ٣ ژووری بۆ نیشتەجێی کرێنادان ٤- دوو کۆگای (١٠٠)م٢ کە لەگەل کەل و پەلی کارەبایی کۆنیان تێدایە ٥- ١٢ کۆگای گەورە و درێژ بۆ مریشکی هێلکەکەر بۆ وەبەرهێنان ٦- دوو مۆلیدەی گەورەی ٢٥٠ KV ٧- یەك کەرەڤانە ٨- دوو تانکی ئالیك بەدابەشکردنی بۆ جووجەڵەکان ٩- کارگەی ئالیك ١٠- شەش تانکی ئاو (١٤) بەرمیلی ١١- دوو بیری ئیرتوازی ١٢- خانوێکی چوارژووری بۆ پاسەوان ١٣- پێنج هۆلی بەتاڵ سێ هۆڵیان دەکەونە خواری پرۆژەکە ١٤- یەك تانکی گاز (٢٨) بەرمیلی.
٥ – ڕووبەرەکەی/١٥٩ دۆنم دەکاتە ٦١٣٢٠٠٥٦٨٣٢ پشکی کۆمپانیای لاژە
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ خاوەن مولك تێیدا نیشتە جێیە .
٨ – نرخی قرساو/ ٦,٥٥٩,٨٦٠,٨٨١ شەش ملیار و پێنج سەد و پەنجا و پێنج ملیۆن و هەشت سەدو شەست هەزار و هەشت سەد و هەشتاو یەك دینار.
***
دادگەها کاروباری کەسایەتی زاخو
ژمارە / ١١/کاروبار/ ٢٠٢٠
مێژوو / ٢٠٢٠/٢/٢٦
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (زیدان خدر اسماعیل) جهێ ئاکنجیبینا بەڕێ شیخان / ناحیە باعدری , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە داواکار (یابانە زیاد رشو) داوا ژمارە (١١/کاروبار/٢٠٢٠) ل سەر تە تومار کریە وتێدا داخازا پەسەندکرنا ژێك جودابینا دەرەکی دکت , ژبەرکو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە لدیڤ نڤیسارا بەشی پولیسین قەزا شیخان ژمارە (٢٨٦) ل ڕێکەفتی (٢٠٢٠/٢/٢٤) , وهەڤپێچ دگەل ڕوونکرنا هەلبژیری گەرەکا گوندی کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی تومار کریە د تومارا مەدا بەلێ نوکە ئەم نزانین لکیڤە یە وجهی ئاکنجیبینا وی نە دیارە)) , ژبەر نە دیاربینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٢/٢٤) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە بێت نافخویی و ڕۆژانە دا پالپشت ب مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی (٢٠٢٠/٣/١٢) ل دەمژمێر (٩:٣٠) ێ سپێدێ و بەرۆفاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشملە ئێتە ئەنجام دان .
دادوەر/ یوسف الیاس سدن
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:٢٦٢٣/ب/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/٢٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (جوان عثمان طه)
داواکار (سروە ڕەئوف کریم) داوای ژمارە (٢٦٢٣/ب/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (جوان عثمان طه) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری (گەرەکی موفتی) لە ٢٠٢٠/١/١٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠٢٠/٣/١٧) کات (١٠)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٣
ژمارە: ٤٧٣١/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٢/١٦
ئاگانامە
داواکار/ بەرهەم کەال محمد
داوالەسەرکراو/ فریشتە نادر محمود
داواکار (بەرهەم کەال محمد) داوایەکی بە ژمارە (٤٧٣١/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت لەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری) جیابوونەوەی دادوەری بەهۆکاری زیانگەیاندن) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/٤/٢٢) سەعات (٩:٠٠)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر بارام فتاح
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٦٧ / ب / ٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٦
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ ١- محمد جاسم مطر ٢- زانا نیازی طاهر – بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی شرکة العمرانیة- سەرەڕای کارەکەی شوێنی نیشتەجێبوون نادیار. داواکار (عبدالخالق عبدالله علی) داوای ژمارە ٦٧ / ب / ٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (گەرانەوەی پارە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری بەختیاری و عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٤/٦ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٢٦
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (حەمشریف علی عارەب) لە بەروار ٢٠٢٠/٢/٢٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداوە لە (پ.باشور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- دوو دانە جاروشەی دروستکردنی عەلەف بێ ژمارەن دروستکراوی خۆمالین جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠*٢.
٢- مۆلیدەی کارەبا بێ ژمارە دروستکراوی ئینگلیزی جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٤
***
فەرمانگەی دادنووسی (بەحرکە)
ئاگاداری
ژمارە: ٥٧
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٢٥
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (پ/ سمیح ابراهیم سلیم بریکاری هڤال ثابت محمد امین بەپێی بریکارنامەی گشتی ٦٩٦٥١/٣٤٦ لە ٢٠١٩/٩/٤ لە دادنووسی هەولێر/ ئێواران دەرچووە) ناوبراو داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە لە بەروارى ٢٠٢٠/٢/٢٥ بەمەبەستی دانانی بەراد (ساردکەرەوە) وئێستا دانداوە لە (بحرکە/ ناوچەی پیشەسازی) و وسفەکانی لە کۆنووسی پشکنینی هاوپێچ دیاریکراون, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ پێشەمەرگە قادر قادر
ئامێرەکان:
١- ئامێری ساردکەرەوە + پارچەی ژووڕەوە ژمارە/ ٨٠٧٣-١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠٤.١٠,٠٠٠,٠٠٠ تێبینی/.
٢- ئامێری ساردکەرەوە + پارچە ژووڕەوە ژمارە/ ٨٠٧٣-٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠٤.١٠,٠٠٠,٠٠٠ تێبینی/.
***
فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە
ژمارە/ ٥٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٣
ئاگاداری
بۆ (سندس جاسم کاظم) پاش ئەوەی دەرکەوت شوێنت نادیارە بەپێی نووسراوی بنکەی پۆلیسی حدیاب ژمارە ٤٤٧ لە ٢٠٢٠/١/٣٠ بە گوێرەی ئیشعاری موختاری هەرشەم ١ نۆبل و بیابان و پانك بۆیە بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە بۆ ئاگادار بوونت بەو پێی هۆشداری ژمارە ٩/١٧٨٩ لە بەرواری ٢٠١٩/١/٢٩ لە فەرمانگەکەمان دەرچووە کە بریکارەدر (راکان یعقوب اسکندر بریکاری گشتی داود ادریس داود) ئاراستەی کردوویت بۆیە ئاگادارتان دەکەینەوە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ ئامادەبیت بۆیە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی فەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
دادنووسی عەنکاوە/ هێمن عبدللطیف مجید
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٢٠٧/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٦
ڕاگەهاندن
بۆ داوالێکراو/ یاسین محمد خالد
ل دیف داخازیا داواکار (انتصار عواد محمود) و کێشا ژمارایێ ل سەری دیارکری تێدا داخازیا بریارا تفریق للهجر کری و ژ بەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا هەلبژێریّ تاخێ زەری لاند ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠٢٠/٣/٩ یان بریکارەکی پێش خوڤە ئامادە بکە و بەرۆفاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشە ملی هێتە کرن.
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٣٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢١
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو/ احمد رشت رشید/
جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە
بریار هاتەدان ژ لای ڤی دادگەهێ د کێشا ژمارا وی ل سەری دیارکری ب قەرەبووکردنەوەی تەلاقی دەرەمەکی (تعویض عن الطلاق التعسفی) ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تە و داواکار بان شاکر محمود و ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە لدویڤ ئاگەهداریا هەلبژێریا و دەستەکا قەزا سێمێلی – کۆمەلگەها ئەڤرو ستی ئەڤ بریار بەلاڤکر و تە مافێ نەرازیبوونێ و پیداچونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوەی ١٠ دەھ ڕوژا ژ بەلاڤکرنا ڕوژنامێ بەرۆفاژی بریار دێ دومایهیك ئیت دەرهقی تە دا ل دیف یاسایی.
دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگای بەرایی هەولێر/ ٢
ژمارە/ ١١١/ب/٢٠١٥/٢ استملاك
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٧
جاردان
بۆ مستملك منهم / سلیم صالح و ئاشتی یونس شریف و بیاض حسین و صلاح یونس شریف و رفعت یونس شریف و زکو سلیم/ شوێنی دانیشتنیان نادیارە.
مستملك سەرۆکی شارەوانی هەولێر داوای ژمارە/ ١١١/ب/٢٠١٥/٢ استملاك لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر ئێوە و مستملك ڕۆوف صابر کە تیایدا داوای استملاك کردنی مولکی ژمارە ١/٩١ ك عرب کردووە بۆیە لە ئەنجامی دادبینی ڕووبەڕوو وە پاشملە و ئاشکرا ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢ بریاریدا بە نزع ملکیە عموم الملك المرقم ١/٩١ ك عرب و تسجیلها ملکا صرفا بأسم المستملك (رئاسە بلدیە اربیل) استبدالا بالعرصات المرقمات ٢٠١٧ و ٢٠١٩ و ٧٣٨ و ٧٣٩ / ٢ ك ٨١ گرەسور و تسجیلها ملکا صرفا بأسم المستملك منهم باعتبار ٩٦٧٦٨٠ سهما:
منها ١٧٢٨٠ سهم ل سلیم صالح
و ٣٤٥٦٠ سهم ل زکو سلیم
و ٧٢٠٠٠ سهم ل بیاض حسین
و ٣٠٢٤ سهم لکل واحد من رفعت و صلاح ولدی یونس شریف
و ٤١٨٨٩٦ سهم لکل واحد من قنجیل و نریمان بنتی رؤوف صابر
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنیان نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری گەرەکی عارەبان اسامە غانم محی الدین بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندن بە ڕێگایەك لە ڕۆژنامەی ناوخۆیی و لە ماوەی یاسایی دا مافی تانە و پێداچوونەوەتان هەیە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای کەتن لە شەقلاوە
ژمارە/ ٣٣/د/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٨
بۆ تۆمەتباری نادیار سیامەند قادر معروف
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە حوکمی دەرکردووە بە ژمارە/ ٣٣/د/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١٢/٢ لە سەری بە حبس بۆ ماوەی ٦ مانگ بەپێی مادەی ٢٣ لە یاسای هاتووچۆ بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە بریار درا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێی ڕابگەیێندرێت مافی تانە لێدانتان هەیە لە بریارەکە بەڕێگای نارەزایی بوون و پێداچوونەوە و لە ماوەی ٣ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ کەنار طاهر قادر
***

خۆپارێزییەکان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا


دەستەکانت بە سابوون و ئاو بشۆ بۆ ماوەی ٢٠ چرکە


دەست لە دەم و لوت و چاو مەدە


لەکاتی سڵاوکردندا بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆت لەگەڵ کەسدا نەبێت


لەکاتی دابەزینی تادا پشوو بدە


لەو کەسانە نزیك مەبەرەوە کە هەورکردنی سییەکان هەیە و تایان دابەزیووە


لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لوتت دابپۆشە


دوای بەکارهێنانی کلێنس ڕاستەوخۆ لەناوی بەرە و دەستت بشۆرەوە


بەبەردەوامی ژوورەکان پاك بکەرەوە


سەوزە و میوەکان جوان بشۆرەوە


خۆت بەدوور بگرە لەبەریەککەوتن لەگەڵ گیانەوراندا


خۆت بەدوور بگرە لە دەستلێدان لەهەموو جۆرەکانی گۆشت


سەردانی پزیشك بکە لەکاتی هەستکردن بە کۆکە و پژمینی زۆر لەگەڵ تەنگەنەفەسیدا

www.xebat.net
پێنج شەمە 2020/2/27 ژمارە (5942)
خەبات

سەردەمی بێ مانابوونی ڕۆمان!



سەدیق سەعید ڕواندزی

بە درێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی و دوای سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی کە مێژوویەکی هێندە درێژی نییە، هەمیشە لە گشت قۆناغە ئەدەبییەکاندا، چەند ڕۆمانووسێک دەرکەوتوون و ڕۆمانیان نووسیوە. بەشێک لەو ڕۆمانانە، وێرای زەمەنێکی درێژ لە نووسینیان، کەچی هێشتا چێژ و جوانی خوێنەر لای خوێنەر ماوە. وەک: گەلە گورگ و تەنیایی و پاییزە خەون و ڕێگا و چەندانی تریش. بێگومان لەو قۆناغانەدا، هەموو کەس بوێری ئەوەی نەبووە ڕۆمان بنووسێت، چونکە ڕۆمان نووسین هونەرێکی ئاڵۆزە و وردەکاریی و پاشخانێکی گەورەی ڕۆشنبیری دەوێت. کەچی ئێستا بە داخەوە خەریکە ڕۆمان نووسین و دەست بردن بۆ نووسینی ڕۆمان لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا دەبێتە دیاردە. بێ ئاگا لەوەی جیاواز لە هەموو ژانرەکانی تر، ڕۆمان پاشخانێکی هزری گەورە و ڕۆشنبیرییەکی فراوانی دەوێت. ڕۆمان زاڵبوونە بە سەر زمانی نووسین.

لە نووسینی ڕۆماندا، نووسەر ئاگایەکی گەورەی هزری دەوێت تاکو نەکەوێتە ئەو هەڵانەی کە زۆرجارخۆشی درکی پێ ناکات. خوێنەر کە ڕۆمان دەخوێنێتەوە، هەر تەنها بۆ چێژ و جوانی نییە، بگرە بۆ ئەوەشیتە لە پەراوێزی ئەو ڕۆمانەوە، بە ژیانی سیاسی و کولتووری کۆمەڵگەکانیش ئاشنابێت. ڕۆمان ڕۆشنبیرییە، زانینی زمانە، بەرجەستەکردنی هونەرێکی بااڵیە لە گێڕانەوە و گوزارشتکردن. بەاڵم کاتێ سەرنج لە بەشێکی زۆری بە ناو ڕۆمانی ئێستای کوردی دەدەین، دەبینین ئەو ئستاتیکا و هونەرکارییە نابینێ کە دەبێ ڕۆمان هەڵگرێبێت. زۆرجار کە ڕۆمانێک دەخوێنینەوە، وا هەست دەکەین وتارێک دەخوێنینەوە. بەشێکی زۆری ئەم ناهونەرییوونە، پەیوەستە بە نەبوونی ئەزموونی ڕۆمانەوە. واتە نووسەر لە بنەڕەتدا شاعیرە، بەاڵم ڕۆمان دەنووسێت، دەروونناسە بەاڵم ڕۆمان دەنووسێت، شانۆکار و دەرهێنەری شانۆییە، بەاڵم ڕۆمان دەنووسێت. ئەمانە و زۆر بواری دیکەش. کاتێ نووسەرێکیش ڕۆمان شوناسی سەردکی و نووسەر بوونی نەبوو، یاخود هەر بۆ خۆ دەرخستن ڕۆمانی نووسی، ئەوا ئەوەی دەیبنووسێت بە ناو ڕۆمانە. ئەم دیاردەیە، بە زۆری لای نووسەرە گەنجەکانی ئێمە کە هەڵپەی زوو ناسینیان هەیە، بوونی هەیە. بەشێکی زۆریان، ڕۆمان بە بیرۆکە و گێڕانەوە دەزانن. بڕوایان وایە، گێڕانەوەی ڕووداوێک (ئەگەر هیچ مانایەکیشی نەبێت) بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی ببیتە ڕۆماننووس. لە کاتێکدا لە پشت هەر گێڕانەوەیەکدا، پەیامێک هەیە. چونکە بۆ گێڕەرەوە، دەرەنجام لە پەراوێزی گێڕانەوەکاندا دەگاتە خاڵی کۆتایی. لە بەشێک لە ڕۆمانی گەنجەکاندا، گێڕانەوە نەک هیچ هونەرکارییەکی تێدا نییە، بەڵکو جۆرێک لە ئاڵۆزیی و ناهارمۆنیبوونی ڕووداوەکان دروست دەکات. لەو ڕۆژانەدا، ڕۆمانێکم خوێندەوە بە ناوی (ڕۆژێک لەو ساڵانە هەڵدەگرم). بنووسی ڕۆمانەکە، چونکە نەیتوانیوە مامەڵەیەکی هونەرییانە لەگەڵ ڕووداو، کارەکتەرەکان، زەمەن و گێڕانەوە بکات، ئیدی کە خوێنەر لە ڕۆمانەکە دەبێتەوە، نازانێت ئەوە چی بوو خوێندییەوە. ئەو ڕۆمانە باسی چی دەکات. بێگومان زۆر ئاسایی لە دوو تەوێ ڕۆمانێکدا، زۆرتر لە کارەکتەرێک، گێڕانەوە و ڕووداوێک بوونیان هەبێت. وەلێ دواجار هەموو ئەم ڕەگەزانە، دەبێ بینای هونەری دەقەکە پێک بێنن. لە ڕۆماندا کاتێ ڕووداوەکان لە گرێچنەوە دەستپێدەکەن، ئیدی وەک هێلێکی درامی درێژ دەبێتەوە تا خاڵی کۆتایی. لەو ڕۆمانەدا، ئەم هێلە درامیەی گێڕانەوە بوونی نییە. بنووسی ڕۆمانەکە، لە یەک کاتدا باسی چەندین کارەکتەر دەکات، باسی چەندین ڕووداو دەکات، بەبێ ئەوەی دواجار خودی ئەو ڕووداوانە لە گۆشە نیگایەکەوە بگەنە خوێنەر. بۆیە خوێنەر کە لە خوێنەوەی ڕۆمانەکە دەبێتەوە، نازانێ بنووسی ڕۆمانەکە باسی چی دەکات و مەبەستی چییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان. بۆ نموونە: لە سەرەتای ڕۆمانەکەیدا، باسی (سەدا) دەکات، کە کچێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە و ڕۆمانەکە، ئەمجارەیان سەدای بیر دەچێتەوە و باسی باوکی سەدا دەکات. کە کەسێک بووە پەیوەندی نهێنی بە شاخەوە هەبووە، شەوان دروشم دەنووسێت و بەیاننامە بااڵو دەکاتەوە، پاشان دەگیرێت و دەکوژرێت. لە کۆتایی ڕۆمانەکەی، ئەمجارەیان سەدای بیر دەچێتەوە و باسی باوکی سەدا دەکات. کە کەسێک ئەلف و بێی نووسینی ڕۆمان شارەزا بێت، دەبێ بزانێت کە نابێ لە یەک ڕۆماندا سێ پاڵەوان بوونیان هەبێت. بەڵکو شاکەس و کارەکتەری لاوەکی کاتدا لەو ڕۆمانەدا، خوێنەر لە بەردەم سێ پاڵەوان دایە. بێگومان هەر کەسێک ئەلف و بێی نووسینی ڕۆمان شارەزا بێت، دەبێ بزانێت کە نابێ لە یەک ڕۆماندا سێ پاڵەوان بوونیان هەبێت. بەڵکو شاکەس و کارەکتەری لاوەکی هەن. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ کەسایەتی لە ڕۆماندا، نیشانەی بێ ئاگایی و شارەزایی نەبوونە لە نووسینی ڕۆمان. هاوکات لە میانەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، خوێنەر بەر پارادۆکسی سەیر دەکەوێت. بۆ نموونە: باوکی سەدا و سەفین، بە نهێنی پەیوەندی بە شاخەوە هەیە، ئامێرێکی چاپی لە ماڵ شاردۆتەوە، شەوانە بەیاننامە بااڵو دەکاتەوە دروشمی سیاسی لە سەر دیوارەکان دەنووسێت. ئەم پیاوە چوار جار لەاڵیەن دەزگاکانی ئەمنەوە دەگیرێت، کەچی کۆمێدییاکە لەوە دایە بنووسی ڕۆمان دەنووسێت: (گیرانەکەی زۆربەی کات پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو . 80 وەک ئەوەی لەسەر هەبێت.هەر لەو ڕۆژانەدا، ڕۆمانێکی دیکەم خوێندەوە بە ناوی (سەر زەمینی زیکزیکە). ئەم ڕۆمانە، باسی نەهامەتی ئەنفال و چیرۆکی مەرگەساتەکانی دوای ئەنفال دەکات. لە سەرەتای ئەو ڕۆمانەدا، خوێنەر لە بەردەم گێڕانەوەیەکی هونەرییانەی یەکجار جوان و سەرنج ڕاکێش دایە. بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە نێو ڕۆژە شوومەکانی ئەنفال، جارێکی تر ئەو تراژیدیایەی دێتەوە بەرچاو. کەچی لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، نووسەر دەکەوێتە گێڕانەوەی باسی دیمەنەکانی پۆڕنۆ و سێکسی نێوان کوڕێکی گەنج و بێوە ژنێک، باسی ئەندامەکانی زاوزێیان دەکات، باسی دەست بازی و خەیاڵی سێکسییانەیان دەکات. واتە خوێنەر لەو پەڕی دیمەنێکی تراژیدی و مەرگەساتاوییەوە، دێتە سەر سێکس و جووتبوون و شەهوەت!. لێرەوەش هەموو ئەو ڕووداوانەی لە سەرەتاوە دەیخوێنێتەوە، هیچ بەهایەکی ئەدەبی و میژوویی نامێنێت. چونکە تۆ ڕووداوێکی سەد و هەشتا پلە تراژیدی دەگێڕیتەوە، ئیدی باسکردنی پەیوەندی سێکسییانەی نێوان ژن و پیاوێک، چ مانایەکی هەیە جگە لە ئاگانەبوون لە بەستنەوەی ڕووداوەکان بە یەکتری! ئەم شێوازە لە نووسینی ڕۆمان لای نووسەرە گەنجەکانی ئێمە، دەاڵلەتی ئەوە دەگەیەنێت کە چۆن کەسانێک نەشارەزاییانە ڕۆمان دەنووسن و ڕووداو دەگێڕنەوە. چونکە ڕەگەزەکانی ڕۆمان، دواجار هەمووبان بەیەکەوە، بینای هونەری ڕۆمان پێکدەهێنن. کاتێ نووسەرێک فۆکسی خوێنەر لە سەر بابەتێکی ئەوپەڕی تراژیدی و غەمگین، دەگوازێتەوە سەر بابەتێکی تەواو پۆڕنۆیی، ئەوا مانای وایە لە بیناکردنی هونەرییانەی ڕۆمان نەگەیشتووە. بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە، کە لە هەموو هیوای دایک و باوک و براکەی ئەوەیە، کە چۆن ژیانی سەدا لەو نەهامەتییە ڕزگار بکەن و چارەسەری بکەن. تا ناوەڕاستی ڕۆمانەکە باسی ئەو کارەکتەرە دەکات و دەیکاتە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی، لە ناوەڕاستی ڕۆمانەکەدا، نووسەر ئەمجارەیان سەفین دەکاتە پاڵەوانی ڕووداوەکان و کۆتا بەشی ڕۆمانەکەی بۆ ژیانی نەهامەتی ئەو تەرخان دەکات. تا دواجار فلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیانی دروست دەکەن. واتە لە یەک شتی تر گیرابێت!. ئەم بەیەک نەبەستنەوەی ڕووداوەکان، دەرەنجامی بێ ئاگاییە لەو هێلە درامییەی کە دەبێ لە ڕۆماندا هەبێت. بێ ئاگاییە لەو پەیوەندییە ئۆرگانیکییەی کە لە میانەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، دەبێ لە زماندا دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ من کە دەترسا لە بیابانەکانی باشووردا، لە شەوێکی قەترانی گیانکێشدا تەنها بە یەک گوللە نوغرۆی زۆنگاوە چڵکنەکەکانم بکەن، دەترسا جارێکی تر گوێی لە ئێرە دەنگی کوردستانی عێراقە نەبێتەوە، بۆ ئەوەش دەگریا کە توانای دەربڕینی ئەو خۆشییە لە ناکاوەی نەبوو، بردمیەوە ماڵ، بانگی چەتۆ و دایکی چەتۆی کرد و موژدەی پەیدا بوونی منی پێدان، سەری کۆت کرد، دوو جار ئحمی کرد و گوتی ئەوجا نانێکمان بدەنێ ، تا پڕ بە دڵی خۆم ژەمە نانێکی ئاسوودە بخۆم، نان خورا، پاڵمان داوەو سەربردەی خۆمان بۆ یەکتر گێڕاوە، ئاوەڵ پەیدا بوو، کاک خورشید شێرە و مەال عەزیز و ئەحمەد دەشتی و برا ئاوارەکانی تر وردە، وردە لێمان کۆ دەبوونەوەو کۆڕ گەرمترو چیرۆکی ئەو چوار ساڵەی لێکدابڕانمان هەر تەواو نەدەبوو ، ئای کە نەزانن دەست لێکبەردانی عاشقانی ئازادی و لێکدابڕانی هاوسەنگەرانی خەبات چەند پڕ لە ئێش و حەسرەتە، وەکو جاران، وەکو پێشوو لەگەڵ کاک حەسەن ژ دا لەیەکتر نزیک بووین، خۆ ماوەیەکی دوور و درێژیش هەر بە ڕاست دراوسێی یەکتر بووین، هەستان و دانیشتن و پیاسەی نێو بازاردا زۆربەی هەرە زۆری بەیەکترەوە بووین، سیاسەت و قسەی نەستەق و چیرۆک گێڕانەوەو بەسەر هاتەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گێڕانەوەی مەسەلە گرنگەکان، شەوچەرەی شەوانی یەڵداو ڕۆژانی ئاوارەییمان بوو، ڕۆژێک باس هاتە سەر شەهید کردنی سەرکردەی ناوداری دەشتی هەولێر شەهید سەعدی گچکە، هەردووکمان غەمێکی قوواڵ دایگرتین، حەسەن گریا ، هۆن ، هۆن فرمێسک لە چاوەکاڵەکانیدا هاتنە خوار، پێشنیارم کرد، ئەرێ کاکە حەسەن دەکرێ من وشەکانی ژیان و بوێری و خەبات و ئەو داستانەی سەعدی تێدا شەهید بوو ، لە چەند دێرێکی خەم ئامێزدا کۆکەمەوەو تۆ بیکەیتە لاوکێکی حەزین ؟

گوتی دەبنووسە خوا کەریە.

نووسیم، بە ڕاستی جوان بوو داخەکەم لە ئاوارەیی و گواستنەوە لەم خانوو بۆ ئەو خانوەی عەجەمەکان لێم ون بوو،کە وشەکانم وەک کۆمەاڵ پەپوولەیەکی باڵ ڕەنگین خستمە مستی، دوو جاری پێ خوێندمەوە، ئیتر جارێکی تر دەستی بە گریان کردەوەو گوتی: کاکە وامن بە خوێندنەوەی تۆ خۆم پێ ڕانەگیرێ جا چۆن دەتوانم بیکەم بە لاوک.

بە داخەوە ئەوە دوا وتەی حەسەن و لاوکی ئەم هونەرمەندە بوو، کە لە دایک نەبوو، هەروەها بووە بەردێک لەسەر پەڕەی دڵم تا ئەمڕۆکەش ئازارم دەدا، کاک حەسەن، بەم دووایییەدا دوو چاری نەخۆشی تەنگەنەفەسی هاتبوو، هەمیشە پەمپەکەی دەگیرفانی دابوو، دەوەرە سەیری سەربوورەی ئەم خەباتگێڕە نەفەس دێژە بکە، جا کوڕم دەوێ بتوانێ ناخی پڕ لە کەف و کول و کۆڤانی بخوێنێتەوە، حەسەن بەم تەمەنەی، بووە یەک پارچە عاتیفە، وەک پەڕەی گوڵ دڵی ناسک بوو، لێرەو لەوێش هەر خولیای پەیداکردنی لوقمەیەکی چەور بوو بۆ منداڵەکانی، بەر لە شەهید بوونی بە یەک ڕۆژ سەیارەیەکی پەیدا کرد بوو، بەڵکو خواو ڕاستان لە ڕێگەی ئەو سەیارەوە گیرو گرفتی هەمەاڵیەنەی هەردوو خێزانەکەی چارەسەر بکات، بەاڵم هەزار حەیف و مخابن لە ڕێگەی ورمێ- وە لەکاتی هاژوشتنی سەیارەشدا دڵە گەورەو پڕ لە خەم و کۆڤانەکانی ڕادەوەستێ و بە وەرگەڕانی سەیارەکەشی دوو جار شەهید دەبێتەوە، شەهید بوونی کاکە حەسەن بۆ هەولێرییەکان، تایبەت بۆ من و دۆستە نزیکەکانی لە ئاوارەکانی ئێران، بووە کارەساتێکی لە ناکاو، من بەش بە حاڵی خۆم چەندی دەمکرد باوەڕم نەدەکرد مردبێ، ئەوکات من لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق- دا کارم دەکرد، چی بنووسم، چۆن بتوانم ژیان و خەباتی ئەم هونەرمەندە پێشمەرگە لە چوار چێوەی بەرنامەیەکدا بەرجەستە بکەم، قەڵەمەکەم لێوی تەتڵەی دەکرد، لەگەڵ چاوەکانم بە لێزمە فرمێسکیان دادەباراند، نووسیم تا توانیم، یەک پارچە سۆز و غەم و کۆچ و کۆچباری کوردان و ژیانی غوربەتی و نەبوونی و دەستکورتی و شەوانی بێکەسی و ڕۆژانی پێشمەرگایەتی پتر لە 3ساڵی کاکە حەسەنم کردە وتارێک، کە خوێندمەوەو هەواڵەکەشم بە کوردستان ڕاگەیاند، خۆم پێ ڕانەگیرا، گریام، وەک باوک کوژراوێک دەنووزامەوە، کە هەستم ڕاگرت هەموو پەناهەندە کوردەکانی ئێران و کوردستان و هونەرمەندان، وەک من مات، کپ، بێ دەنگ، بێ گفتوگۆ، گوێیان بۆ من هەڵخستبوو، بەڵکو خوا بکات ئەم هەواڵە ڕاست نەبێ، بەاڵم هەیهوو، حەسەن چووە دونیای جاویدانی و هونەرەکەشی لە فراوانترین دەرگای میژووەوە چووە نێو قەشەنگترین لاپەڕەکانی کولتووری کوردی، شاد بێ گیانی کاک حەسەن حەیران، بە حەیرانی دەنگ و خەبات و مێر خاسی حەسەن بم.

حەسەن حەیران
حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری



بەشی دوازدەهەم

جەماڵ گردەسۆری


لە دوای شکستی شۆڕش، ئەو پەڕاگەندەی ناوچەی ژ کرمان- ی ئێران و من بۆ گەرمای فەلوجەی پارێزگای ڕوومادی دوورخرامەوە، من دەست بەسەرو گیان لە خەتەر، ئەو ئاوارەو دڵشکاو، هەردوکمان وێنەی بێکەسی و سواریکی لەسەر ئەسپ گاڵودا، هەردووکمان دوو ڕووی کارەساتێکی مەزن و غەدرێکی میژوویییمان نیشان دەدا، کە بە پێی پیالنێکی نێو دەوڵەتی دژی شۆڕشی کوردستان ئەنجام درا بوو، هەردووکمان دوو پێشمەرگەی هەناسە درێژی لە پشتەوە پێکراو، لەنێو ژان و ئازاری کوشندەی برینەکانی خۆماندا، بێ کەس و تەنها، وەک مار جینگلمان دەداو بە دوای تیشکی خۆرێک دەگەڕاین ئومێدمان پێ ببەخشی، تا بڵێسەی شۆڕش.



جارێکی تر لەسەر دووندی چیای مەتین و قەندیل- دا هەزاران دڵیان ڕۆشنکردەوەو بە نەعرەتەی- کوردستان یان نەمان- ڕوو لە شۆڕشگێڕەکانی کوردی لەنێو تەپ و تۆزی بێتادیدا ڕاچەڵەکاند و زایەڵەی دەنگی دوژمن تۆقێنەری پارتی و بارزانیی نەمر، هەتڕەشی دوژمنانی برد و پێی سەڵماندن کە تا چیاکانی کوردستان لەسەر پێ بن، شۆڕش و پێشمەرگە بە هەزاران پیالن و زەبرو زەنگ لەناو ناچن، من لە سەرەتای بەهاری 1979دا، بە پانتۆڵ و کراسێکی لەنگەوە، گلۆڵەی ڕێگای پر □اە کۆسپی باشۆرم هەڵدەوێزی و هێدی، هێدی پێم لە جەرگی خۆم دەناو جارێکی تر ماڵ و منداڵ و کەس و کارو خێرو خۆشی خۆمم بە قوربانی ئەو تروسکە ڕووناکییە دەکرد، کە لە شاخەکانی کوردستانەوە کزە ئومێدێکی پێ دەبەخشیم، بڕینی دەیان بازگەی دوژمن و سەدان مۆلگەی سەربازی و هەزاران سەنگەری دەور بەمین چنراو هەروا سووک و ساده نەبوو، باران جار، جار نمە نم و جارو باریش بە لێزمە دایدەکرد، بە هێمنی لە نزیک سەنگەرەکانی دوژمن تێدەپەڕیم، ئای دزم لە حەرەسەکان دەکرد، ئای چەند کاتێکی ترسناک بوو کە لە ئاسمانەوە بڕووسکەیەک دڵی زەوی شەق دەکرد، دەترسام لەوەی بە بۆنەی ئەو بڕووسکەوە ئاشکرا ببم، دەربەندی ڕایات یەکەم قۆناغ و دوا قۆناغی من بوو تا ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دا، نێوان سەنگەرەکانی دوژمن ئەوەندە نەبوو، مڕۆ تەنها بە ئازادیش پشووێک بخواتەوە، دوای دوو سەعات ڕێ کردن، دوو سەعات دڵ لە مست و بێ چرپە ڕۆیشتن، تواڵمێ سەنگەرەکانی دەوری دەربەند ببڕم و بەرەو گردەمەندیل هەڵکشێم، لە کانیلەکەی- شکان-دا چوڕە ئاوێکی ساردم خواردەوە، شەوەو ترس لە هەموو الیەکەوە دەوری داوم، لەگەڵ هاژەی ڕووبارو چرتە چرتی دڵۆپە ئاوەکانی سەر تیشە بەردەکانی شاخ و لەگەڵ ترپەی دڵی خۆمدا ڕاپەڕیم، بیرم لەخۆم دەکردەوە، گریان بەرۆکی بەرنەدام، منداڵەکانم، گڕوگاڵیان، پێکەنینیان، شەڕو ئاشت بوونەوەیان وەک شریتێکی سینەمایی لەبەر چاوم ڕا دەبوورین، کە هەستم ڕاگرت، لە خۆم و پەلە هەورەکانی ئاسمانی سەر قەندیل و چەند وڵاغێکی بەرەڵاێ ناوچەکە، کە لە دەست سەربازەکانی دوژمن یاخی ببون و نیانتوانیبوو لەگەڵ خاوەنەکانیاندا سواری زیلیان بکەن و بەرەو باشوور ڕایان بگوازن، شتێکی دیکەم بەدی نە دەکرد، ئەوەی دڵی خۆش کردم، هەناسەی ئازادی خۆم بوو، ڕزگار بوونم بوو لە ستەم و نەشتەری ژەهراوی سیخوڕەکانی ڕژێم، لە دۆزەخی باشوور و بینینی تەرمی کوردانەوە بەرەو کوێستانی بەفرین و مەتەڕێزی پێشمەرگەکان هەنگاوم دەنا، بەرە بەیانێکی زوو، هێشتا تفەنگ سێرەی نەدابوو گەیشتمە سەر دوا تابلۆی ئاقاری عێراق- ئێرانداا، ڕاوەستام ، وێستم تۆزێ دانیشم وپشوویەکی حەسانەوە بدەم، گیانم شەڵاڵی ئاوو ئارەقە بوو، کە گەڕام، شوێنێکی وشکم نەدۆزیەوە، لەسەر تاتە بەردێکی زلّ وەستام، تەنها هێلکەیەکی کوالّو و دوو نانە ڕەقەم پێ بوو، خواردم، پێم وایە خۆشترین خواردنم بوو، چونکە پڕ بە دڵ و بێ ترس و دوور لە سێبەری جەللادەکانی ڕژێم و لەسەر ترۆپکی ژ کۆدۆ- دا بۆ یەکەمین جار دوای چوار ساڵ ترس و لەرز، یەکەمین لوقمەم بە ئازادی نۆش کرد، دونیا سارد بوو، وردە، وردە لەرزێک خۆی نیشان دەدام، ئازاری پێ و، ئەو دڕکە زیانەی لە گیانم ڕوو چوو بوون وەک مار دەیانگەزتمەوە، بوارم نەدا چیتر سەرما کارم تێ بکا، بەرەو دۆڵی- حاجی برایم- شۆڕ بوومەوە، لەگەڵ یەکەمین گزنگی خۆردا، یەکەمین هەنگاوی ئازادانەم بەرەو گوندی- کۆنە لاجان- ی کوردستانی ڕۆژهەاڵت بوو، دوای چوار ساڵ لێکتر دابڕان و چوار ساڵ غەم وئەسارەت، لە شاری- نەغەدە- بە کاک حەسەن حەیران شاد بوومەوە، گرتمی، وەک منداڵ لە باوەشی خۆیدا گوشیمی، ماچی کردم، جارو باریش تێم ڕادەماو لە ئاکامدا دەستی بە گریان کرد، گریا بەاڵم چۆن، وردە، وردە هێور دەبۆوە، فرمێسکەکانی مژدەی خۆشیان پێ دەبەخشیم، هەناسەی سۆز و بەرائەتی

www.xebat.net
پێنج شەمە 2020/2/27 ژمارە (5942)

من و هونەر سەلیم و ڤۆدگا لیمۆن



حەیدەر عەبدولڕەحمان

هونەر سەلیم لەڤۆدگا لیمۆن دا سەربوردەی(نینا) ی بێوەژن و(هامۆ) ی ڕەبەن و بەسالاچوومان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەگوندێکی لاپەڕی ئەرمینیا، دوای تێک شکانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران ژیان بەسەر دەبەن، لەو کەشو هەوا قەوقازییە شەختە بەندو ساردەدا، کە بەتارای سپی بەفر داپۆشراوە ئەو دوو کۆست کەوتووە هەموو جارێ لەگۆڕستانێکی خامۆشی گوندەکەیاندا یەکتر دەبینن کەچەند کیلۆمەترێک لەگوندەکەوە دوورە.

هامۆ دوو ساڵێک دەبێت ژنە خۆشەویستەکەی مالئاوایی لەدنیادا کردووە، هەر جارەی بەتەنیایی و جلی ماتەمینیەوە دەچێتە سەر گۆڕەکەی، تۆپەڵە بەفرەکانی سەر وێنەی ژنەکەی لەسەر کێلی گۆڕەکەی بەئەسپایی لادەبات، بۆ ئەوەی بەبینینی وێنەی سەرگۆڕەکەی، کەمێک فەرامۆشی بەدڵە خامۆشەکەی خۆی ببەخشێت.



(نینا)ش بەهەمان شێوە بەجلی ڕەشی ماتەمییەوە هاوکات لەگەڵ (هامۆ) ی ڕەبەن و تەنیا بە بێ دەنگی لەسەر گۆڕەکە ڕوو دەنیشێ و سەیری وێنەی مێردە سەربازە کوژراوەکەی دەکات.

لەو گۆڕستانە تەنیایەدا کە تەنها ئەو ژن و پیاوە کۆست کەوتووە دەگێڕێتە خۆی، (نینا) دوور بەدووری و ناوە ناوە ئاوڕ لەو پیرەمێردە خەمبارە دەداتەوە، کە هەروەک زیندوویەک قسە لەگەڵ ژنە مردووەکەی دا دەکات و نامەی کوردەکەیانی بۆ دەخوێنێتەوە کە چۆن گوندی جێ هێشتووە و ئێستا لەهەندەران لەشاری پاریس دا دەژیت، ناوە ناوەش خۆی بۆ ناگیرێ و بەهێمنی دەگڕی و دەیەوێت حەسرەتەکانی خۆی بەهەڵپشتنی چەند دڵۆپە فرمێسکێ هەڵڕێژێ، یاخود زەردەخەنە وەک شنەبایێکی ناوەختە بەسەر ڕوخساریدا هەڵدەکات و سەراپای دەم و چاوی داگیر دەکات و شنەبای زەردەخەنەکانی ئاوێزانی شەپۆلی فرمێسکەکانی دەبێت.

ئەو دوو بنیادەمەی گۆڕستانەکە، هەموو جارێک بێ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن بەیەکەوە دێنە سەر گۆڕستانەکەو بەیەکەوەش بەسواری کۆنە پاسێک دەگەڕێنەوە شار کە لەزۆربەی گەڕانەوەکاندا هەر ئەو ژن و پیاوە هەڵدەگرێ ..

لە نێو ئەو ڕووداوە لەسەرخۆ ڕیتم هێورو هێمنانەدا کە بێجگە لەبڕە بڕی دەنگی پاسەکە نەبێت هیچ بزووتنەوەیەکی دیکە بەروخساری ئەو ژیانە خامۆشەوە نابینی کە ئەوانی تێدا دەژیت، بینەر چاوەڕوانی ئەنجامێک دەکات، ڕەنگە مەزەندەی ئەوەی لەلا گەڵاڵە بێت کە بێ شک ئەو کەشو هەواو ڕووداوە هێورانە ئێستا نا ئێستا بەڕەو ئاکامێکت دەبات، ئەو چاوەڕوانییە چێژێکی دەروونی بەبینەر دەبەخشێت کە نەتوانێت دووچاری سارد بوونەوە بێت، درک بەوە دەکات کە ڕووداوەکان دێمەن دوای دێمەن بەڕەو هەڵچوون دەچن و چێژی بینەریش لەچاوەڕوانی ڕووداوەکاندا لە زێدە بوون دا دەبێت.

دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە پێناسێکی وردی ژیان و ڕابوردووی پاڵەوانەکانی خۆی بکات، بە تایبەت کارەکتەرە سەرکییەکانی، ئەوتا بینەر ئاشنا بووە بەوەی کە چۆن پیرەمێرد جاران عەسکەرتارێکی سوپای سوور بووە، بەڵام پێش چەند ساڵێک خانەنشین کراوە ، کەچی تا ئەو ماوەیەش جلە سەربازییەکانی هەر مابوون، تا ئەو ڕۆژەی دەست کورتی و نەداری بە شێوەیەک تەنگی پێ هەڵچنی کە ئەستێرەکانی سەر شانی فڕی بداو بەنرخێکی هەرزان بیانفرۆشێ، تەنانەت ئەو بارە ئەوە دەکەن کە کورە پەناهەندەکەی لەدەرەوە کۆمەکی دەکات، بۆیە هەرکات تەلەفون دەکات خەڵکەکە لەچاوەڕوانی ئەوە دان ئاخۆ کورە چ هەواڵێکی دڵخۆشکەری پێیە بۆ باوکە کلۆڵەکەی، کەچی هەموو جارێ پیرەمێرد چ لە تەلەفۆن و چ لە نامەکاندا خەونەکانی لەبار دەچن و هەناسە سارد دەبێت.

بێوەژنیش (نینا) تەنها خۆی و کچێکی تاقانەی پیانوو ژەنی هەیە، ئەو خۆی لە کەشکێکی ڤۆدگا فرۆشتن دا لەسەر ڕێگای وێرانە دێیەکدا ڤۆدگا دەفرۆشێتە ڕێبوارانو و کچەکەشی لە هوتێلێکی شاردا بەنان و سک خزمەتکارە، بەڵام موچەی دایکەکە ئەوندە کەمە تەنانەت بەشی خۆی و کچەکەی و چوونە سەر گۆڕستانیشی ناکات، بۆیە چەند جارێک بەقەرز دەچێتە سەر گۆڕستان و پارەی پاسەکەی نیە، تا وای لێ دێت شوفێری پاسەکە لێی بێتاقەت بێ ئاگایی بێوەژن هەموو قەرزەکانی بۆ دەداتەوە.

ئەم هەڵوێستەی هامۆن وا لە نینا دەکات زیاتر لێی نزیک بێتەوە و پەیوەندییان لەو کەشو هەوا ساردەدا گەرم بێت.

ڕیتم لەو ساتانەدا ڕیتمێکی ئاسایی نیە ،بەڵکو ئاوێزانی ڕووداوو بزووتنەوەی کامێراو مۆنەسیراتی دیکەی دەنگ دەبێت، ئەو ڕیتمە پڕ لە نهێنییەیە وا دەکات کە وێڕای هێوری و لەسەرخۆیی ڕووداوەکان، بەڵام بینەر لەکەشوو هەوایێکی شەختەبەندی فیلمەکەدا دەستی لە دیمەن و ئاوێتە بوونی ڕووداوەکاندا بەرنەبێ، ئینجا ئەگەر ڕووداوەکان تراژیدی یا سووکە کۆمێدی بن، یاخود ڕۆمانسی وەک ڕۆمانسیەتی ڤۆدگا لیمۆن، ئەوتا ڕیتمی کامێرا لەدیمەنی سەرەتاییدا دەگاتە تڕۆپ، کاتێ پیرەمێردێکی خاوەن ماتەم لەسەر پشتی قەڕوێلەیەکدا بەڕەو گۆڕستان لێڕ دەبێتەوە.

دەکرێ بڵێین هونەر سەلیم ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەشێوازیکی زۆر سادەو بێتاقەت و ڕێگەی پێ نادات سواری پاسەکە بێت، بەڵام دواتر(هامۆ) ی پیرەمێرد بەهانای دێت و بەبێ ئاگایی بێوەژن هەموو قەرزەکانی بۆ دەداتەوە.

ئەم هەڵوێستەی هامۆن وا لە نینا دەکات زیاتر لێی نزیک بێتەوە و پەیوەندییان لەو کەشو هەوا ساردەدا گەرم بێت.

ڕیتم لەو ساتانەدا ڕیتمێکی ئاسایی نیە ،بەڵکو ئاوێزانی ڕووداوو بزووتنەوەی کامێراو مۆنەسیراتی دیکەی دەنگ دەبێت، ئەو ڕیتمە پڕ لە نهێنییەیە وا دەکات کە وێڕای هێوری و لەسەرخۆیی ڕووداوەکان، بەڵام بینەر لەکەشوو هەوایێکی شەختەبەندی فیلمەکەدا دەستی لە دیمەن و ئاوێتە بوونی ڕووداوەکاندا بەرنەبێ، ئینجا ئەگەر ڕووداوەکان تراژیدی یا سووکە کۆمێدی بن، یاخود ڕۆمانسی وەک ڕۆمانسیەتی ڤۆدگا لیمۆن، ئەوتا ڕیتمی کامێرا لەدیمەنی سەرەتاییدا دەگاتە تڕۆپ، کاتێ پیرەمێردێکی خاوەن ماتەم لەسەر پشتی قەڕوێلەیەکدا بەڕەو گۆڕستان لێڕ دەبێتەوە.

دەکرێ بڵێین هونەر سەلیم ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەشێوازیکی زۆر سادەو بێتاقەت و ڕێگەی پێ نادات سواری پاسەکە بێت، بەڵام دواتر(هامۆ) ی پیرەمێرد بەهانای دێت و بەبێ ئاگایی بێوەژن هەموو قەرزەکانی بۆ دەداتەوە.

ئەم هەڵوێستەی هامۆن وا لە نینا دەکات زیاتر لێی نزیک بێتەوە و پەیوەندییان لەو کەشو هەوا ساردەدا گەرم بێت.

ڕیتم لەو ساتانەدا ڕیتمێکی ئاسایی نیە ،بەڵکو ئاوێزانی ڕووداوو بزووتنەوەی کامێراو مۆنەسیراتی دیکەی دەنگ دەبێت، ئەو ڕیتمە پڕ لە نهێنییەیە وا دەکات کە وێڕای هێوری و لەسەرخۆیی ڕووداوەکان، بەڵام بینەر لەکەشوو هەوایێکی شەختەبەندی فیلمەکەدا دەستی لە دیمەن و ئاوێتە بوونی ڕووداوەکاندا بەرنەبێ، ئینجا ئەگەر ڕووداوەکان تراژیدی یا سووکە کۆمێدی بن، یاخود ڕۆمانسی وەک ڕۆمانسیەتی ڤۆدگا لیمۆن، ئەوتا ڕیتمی کامێرا لەدیمەنی سەرەتاییدا دەگاتە تڕۆپ، کاتێ پیرەمێردێکی خاوەن ماتەم لەسەر پشتی قەڕوێلەیەکدا بەڕەو گۆڕستان لێڕ دەبێتەوە.



ناهەمواوە وای لێدکرد مالّو هەندێ کەلو پەلی بەنرخی مالّەکەشی بفرۆشێ، لەوانەش دۆلابی مالّەکەی کەهەموو ڕۆژێ بەپشتی خۆی، بەدەم ئەو ڕێگە سەخت و دژوارەی بەفرەوە دەیباتە سەر شەقامەکە بۆ فرۆشتن، خەڵکیش مەزەندەی بێتزار دەبێت و ڕێگەی پێ نادات سواری پاسەکە بێت، بەڵام دواتر(هامۆ) ی پیرەمێرد بەهانای دێت و بەبێ ئاگایی بێوەژن هەموو قەرزەکانی بۆ دەداتەوە.

ئەم هەڵوێستەی هامۆن وا لە نینا دەکات زیاتر لێی نزیک بێتەوە و پەیوەندییان لەو کەشو هەوا ساردەدا گەرم بێت.

ڕیتم لەو ساتانەدا ڕیتمێکی ئاسایی نیە ،بەڵکو ئاوێزانی ڕووداوو بزووتنەوەی کامێراو مۆنەسیراتی دیکەی دەنگ دەبێت، ئەو ڕیتمە پڕ لە نهێنییەیە وا دەکات کە وێڕای هێوری و لەسەرخۆیی ڕووداوەکان، بەڵام بینەر لەکەشوو هەوایێکی شەختەبەندی فیلمەکەدا دەستی لە دیمەن و ئاوێتە بوونی ڕووداوەکاندا بەرنەبێ، ئینجا ئەگەر ڕووداوەکان تراژیدی یا سووکە کۆمێدی بن، یاخود ڕۆمانسی وەک ڕۆمانسیەتی ڤۆدگا لیمۆن، ئەوتا ڕیتمی کامێرا لەدیمەنی سەرەتاییدا دەگاتە تڕۆپ، کاتێ پیرەمێردێکی خاوەن ماتەم لەسەر پشتی قەڕوێلەیەکدا بەڕەو گۆڕستان لێڕ دەبێتەوە.

دەکرێ بڵێین هونەر سەلیم ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەشێوازیکی زۆر سادەو بێتاقە

ئەمڕۆ لە خولی نایابی کوردستان

برایەتی و دەربەندیخان، دهۆک و سیروانی نوێ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە



کارزان کانەبی

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی شازدەهەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان قۆناخی دووەمی خولەکە بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەممە و سبەی هەینی شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت، ئەمڕۆ پێنج شەممە لە شاری هەولێر یانەی برایەتی لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی یانەکە میواندارى یانەی دەربەندیخان دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی یانەی برایەتی دەیانەوێ ئاستی و ئەنجامی شایستە لەم یارییە بەدەست بهێنن، برایەتی لەم قۆناخە ئاستی وەکو پێویستە، دەربەندیخانیش کە دوو یارییە ئەنجامەکانی وەکو پێوست نییە چاوی لەوەیە لەسەر حیسابی یانەی برایەتی بە سێ خاڵی گرنگ بگەڕێتەوە شارەکەی، لە شاری دهۆکیش هەردوو یانەی دهۆک و سیروانی نوێ ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە لە یارییەکی بەهێز بەیەک دەگەن، دهۆکییەکان چاویان لەوەیە بە سێ خاڵ لە یاریگا بێنە دەرەوە هەنگاو بۆ لوتکەی یانەکان بهاوێژن، سیروانی نوێش لە سلێمانیەوە هاتۆتە بادینان چاوی لەوەیە بە ئاست و بەئەنجام بگەڕێتەوە سلێمانی، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری پێویستیان کردووە بۆ ئەم یارییە، سبەی هەینیش سێ یاری گرنگ بەڕێوەدەچێت، لە شاری زاخۆی دەلال هەردوو یانەی زاخۆ و هەندرێن بەیەک دەگەن، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە چاویان لە بەدەستهێنانی سێ خاڵی یارییەکەیە، زاخۆ بۆ سێ خاڵ دەجەنگێ لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی، هەندرێنیش دەیەوێت بە سێ خاڵ لە زاخۆوە بگەڕێتەوە پایتەختی کوردستان، لە سلێمانیش یانەی نەورۆز میواندارى زێرەڤانی دەکات، هەرچەندە کۆرانی نەورۆز بۆ ئەم یارییە ئەرکیان قورسە، بەڵام دەیانەوێ لە شەڕی بەدەستهێنانی پێشەنگی یانەکان ئەم یارییە چارەنووسازە ئەنجام بدات، زێرەڤانیش لە دهۆکەوە بۆ ئەوەی هاتووە شەڕی سێ خاڵ بکات و زیاتر کێبڕکێ خانەکانی پێشەوەی ریزبەندی یانەکان بکات، هەولێریش لە قەزای کەلاری گەرمیان دەبێتە میوانی یانەی شێروانە، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری پێویستیان کردووە بۆ ئەم یارییە، بۆیە هەردوو یانە باشترین ئامادەکارییان کردوە، لە سلێمانیش یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لەسەر یاریگای خۆی میواندارى یانەی سۆران دەکات، بۆ ئەم یارییەش کۆرانی پێشمەرگە چاویان لە بەدەستهێنانی سێیەم سەرکەوتنی لەسەر یەکە لە خولەکە، بۆیە دەرفەتی باشی لە دەستە بە پشت بە ستن بە یاریگا و هاندەران بتوانێ سێ خاڵی تریش بخاتە سەر کۆی خاڵەکانی، سۆرانیش بۆ ئاشت کردنەوەی هاندەرانی ئەم یارییە گرنگە ئەنجام دەدات، بۆیە هەردوو یانە ئامادەکاری پێویستیان کردوە بۆ ئەم یارییە، سبەی هەینیش سێ یاری گرنگ بەڕێوەدەچێت، لە شاری زاخۆی دەلال هەردوو یانەی زاخۆ و هەندرێن بەیەک دەگەن، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە چاویان لە بەدەستهێنانی سێ خاڵی یارییەکەیە، زاخۆ بۆ سێ خاڵ دەجەنگێ لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی، هەندرێنیش دەیەوێت بە سێ خاڵ لە زاخۆوە بگەڕێتەوە پایتەختی کوردستان، لە سلێمانیش یانەی نەورۆز میواندارى زێرەڤانی دەکات، هەرچەندە کۆرانی نەورۆز بۆ ئەم یارییە ئەرکیان قورسە، بەڵام دەیانەوێ لە شەڕی بەدەستهێنانی پێشەنگی یانەکان ئەم یارییە چارەنووسازە ئەنجام بدات، زێرەڤانیش لە دهۆکەوە بۆ ئەوەی هاتووە شەڕی سێ خاڵ بکات و زیاتر کێبڕکێ خانەکانی پێشەوەی ریزبەندی یانەکان بکات، هەولێریش لە قەزای کەلاری گەرمیان دەبێتە میوانی یانەی شێروانە، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری پێویستیان کردووە چاویان لە بەدەستهێنانی سێ خاڵی یارییەکەیە، ئەم هەفتەیەش یانەی پێشمەرگەی هەولێر چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یارییەکانیش لەکاتژمێر 3ی دوای نیوەڕۆ بەڕێوە دەچێت.

-1پێشمەرگەی هەولێر25خاڵ
-2نەورۆز23خاڵ
-3دهۆک 22خاڵ
-4سیروانی نوێ 21خاڵ
-5زێرەڤانی 20خاڵ

لەیارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستاندا

کۆیە و سەیدسادق سەرکەوتنیان تۆمارکرد و یاری چەمچەماڵ و هەڵۆ بۆ کاتێکی نادیار دواخرا



ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین

لەیارییەکانی گەڕی سێزدەهەمینی خولی تۆپی پێی یانەپلە یەکەکانی کوردستان، چەندین یاری گرنگ ئەنجامدرا، لەوانە لەیاریگای یانەی کۆیە، هەردوو یانەی کۆیە و ڕزگاری بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا یانەی کۆیە بەئەنجامی 2-3گۆڵ توانی یاریبەکە لەرزگاری ببات‌ەوە و 3 خاڵی لەسەر دەستی ئەو یانە خستەسەر خاڵەکانی خۆی کەکۆی خاڵەکانی بوو بە 18خاڵ، لەبەرانبەردا رزگاری بەم دوێرانەدە هەر لە 17خاڵ مایەوە لەپلەی چوارەمی ڕیزبەندی خولەکە.

لەیاری دووەمدا، لەیاریگای یانەی سەید سادق ،یانەی سەید سادق میواندارى لەیانەی ئاستۆ کرد، یاریبەکەی هەردوولا هیچ گرینگییەکی نەبوو تەنها یاریبەکەیان ئەنجامدا ، چونکە هەردوو یانە نەک دوورن لەپلەکانی پێشەوە ، بەڵکو ئەم وەرزە هەردوو یانە ئاستێکی باشیان لەخولەکەدا نیشاندا کەجێی دڵخۆشی هاندەرانیان بێت، یاریبەکە لەبەرژەوەندی تیپی خاوەن یاریگا یاریگاکانمان یانەکان تووشی کێشەو گرفت دەبن لەکاتی یاریبەکاندا، بۆیە دەبێت پێداچوونەوەیەک لەکات و وادەی خولەکان بکەن و ئەوەی لەبەرژەوەندی کشتی یە با ئەو پەیرەو بکەن.

دواجار ئەونەزار محەمەد سالح لەبارەی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان قسەی خۆی هەبوو ئەو بەوشێوەیە گوتی: دەستخۆشی لەسەرجەم ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان دەکەین سەرکەوتووانە سالانە خولەکانی کوردستان لەسەر هەموو ئاستەکان بەڕێوەدەبەن، سەرەڕای ئەمەیش کەقەیرانی دارایبە ، بەڵام ئەو یەکێتیە لەکارەکانی دەستەوەستان نەوەستاوە و بەبەردەوام کارەکانی خۆی بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدات.

ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین

لەیاریبەکانی گەڕی سێزدەهەمینی خولی تۆپی پێی یانەپلە یەکەکانی کوردستان، چەندین یاری گرنگ ئەنجامدرا، لەوانە لەیاریگای یانەی کۆیە، هەردوو یانەی کۆیە و ڕزگاری بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا یانەی کۆیە بەئەنجامی 2-3گۆڵ توانی یاریبەکە لەرزگاری ببات‌ەوە و 3 خاڵی لەسەر دەستی ئەو یانە خستەسەر خاڵەکانی خۆی کەکۆی خاڵەکانی بوو بە 18خاڵ، لەبەرانبەردا رزگاری بەم دوێرانەدە هەر لە 17خاڵ مایەوە لەپلەی چوارەمی ڕیزبەندی خولەکە.

لەیاری دووەمدا، لەیاریگای یانەی سەید سادق ،یانەی سەید سادق میواندارى لەیانەی ئاستۆ کرد، یاریبەکەی هەردوولا هیچ گرینگییەکی نەبوو تەنها یاریبەکەیان ئەنجامدا ، چونکە هەردوو یانە نەک دوورن لەپلەکانی پێشەوە ، بەڵکو ئەم وەرزە هەردوو یانە ئاستێکی باشیان لەخولەکەدا نیشاندا کەجێی دڵخۆشی هاندەرانیان بێت، یاریبەکە لەبەرژەوەندی تیپی خاوەن یاریگا یاریگاکانمان یانەکان تووشی کێشەو گرفت دەبن لەکاتی یاریبەکاندا، بۆیە دەبێت پێداچوونەوەیەک لەکات و وادەی خولەکان بکەن و ئەوەی لەبەرژەوەندی کشتی یە با ئەو پەیرەو بکەن.

دواجار ئەونەزار محەمەد سالح لەبارەی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان قسەی خۆی هەبوو ئەو بەوشێوەیە گوتی: دەستخۆشی لەسەرجەم ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان دەکەین سەرکەوتووانە سالانە خولەکانی کوردستان لەسەر هەموو ئاستەکان بەڕێوەدەبەن، سەرەڕای ئەمەیش کەقەیرانی دارایبە ، بەڵام ئەو یەکێتیە لەکارەکانی دەستەوەستان نەوەستاوە و بەبەردەوام کارەکانی خۆی بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدات.

پایسکلسواڕێکی یانەی نەورۆز لە دیمانەیەکی خەباتدا

سۆزی دڵشاد: گرفتی سەرەکیمان نەبوونی ڕێگاوبانێکی باشە بۆ ڕاهێنان لەگەڵ پایسکل بۆ پاڵەوانێتییەکان



دیمانە: کەوسەر سەرکەوت

ئەگەرچی سۆزی دڵشاد پایسکلسواری یانەی نەورۆز ماوەیەکی کەمە رووی کردۆتە دونیای پایسکلسواری، بەڵام توانیویەتی شوێنی خۆی لەم بوارەدا بکاتەوە و ئەنجامی باش لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان و عەرەب بەدەست بهێنێت، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات سەبارەت بە کاروانی وەرزشی و خەونەکانی ئەو کچە پایسکلسواڕە دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام داوە.

لە نەورۆز بەردەوامم

سەرەتا سۆزی دڵشاد ی تەمەن 23 ساڵ لەبارەی چوونی بۆ نێو ئەو یاریبە گوتی: لە ساڵی 2019 هاتمە نیو دونیای وەرزشەوە لە ڕێگای پایسکلسواری کە لە منداڵییەوە حەزم لەو وەرزشە بووە، و بەهۆی خۆشم تەنها لەو یاریبەدا بینیوەتەوە، بێگومان لەمەشدا خانەوادەکەم زۆر هاوکار و هاندەرم بوون، سەرەتا لە یانەی نەورۆز بۆ ماوەیەک بەردەوام بووم دواتر چوومە یانەیەکی عەرەبی، ئینجا جاریکی تر گەڕامەوە یانەی نەورۆز و تا ئێستاش لەو یانەیە بەردەوامم.

خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتی عێراق

دواتر ئەوکچە پایسکلسوارە گوتی: ڕۆژانە ئیمە دوو تا پێنج کاتژمێر ڕاهێنان لە ڕێگای ڕاپەڕین و دووکان دەکەین ئەویش بۆ خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتی قۆناغی یەکەمی پایسکلسواری عێراق، بەڵام بەداخەوە ئێمە وەک پایسکلسوار گرفتی زۆرمان هەیە لەوانە نەبوونی ڕێگاوبانێکی باش بۆ ئەنجامدانی ڕاهینانەکانمان، هەروەها نەبوونی پایسکلی باش بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیتییەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوارۆژی ئەم وەرزشە بەباشی دەبینم چونکە ئێستا کچانمان لەچاو ساڵانی ڕابردوو زیاتر ڕوو لە پایسکلسواری دەکەن، لێرەوە پەیامم بۆ دایک و باوکان ئەوەیە کە دەرفەتی زیاتر بدەنە کچەکانیان لە هێنانەدەی ئامانجەکانیان لەو بواڕە وەرزشەی کە حەزیان لێیە و هانیان بدەن.

لە کۆتاییدا سۆزی دڵشاد دەڵێت: دەتوانم بڵێم نیوەی خەونەکانم هاتوونەدی، ئەویش بەدەستهێنانی میدالیای زێر لە پاڵەوانێتی عەرەب و خەونی داهاتووشم بەدەستهێنانی میدالیای ئاسیایە.

نزار محەمەد کاپتنی یانەی شەقلاوە بۆ خەبات:

بەهۆی هەڵەی ناوبژیوانەوە ئەنجامی زۆربەی یاریبەکان گۆڕانکاری بەسەرەوە هات



دیمانە: سەرهەنگ ئەحمەدین

ئەم وەرزە خولی یانەپلەیەکەکانی کوردستان بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان سەرکەوتووانە بەڕێوەدەچێت، ئەم هەفتەیە دوا گەڕی خولەکەیە بۆ سەرجەم یانەکان، بۆ تیشک خستنە سەر خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەگشتی و یاریزانی یانەی شەقلاوە بەتایبەتی لەدیمانەیەکی تایبەتدا یاریزان نزار محەمەد سالح کاپتنی یانەی شەقلاوە لەبارەی ژیانی وەرزشی دڵی خۆی بۆ خەبات کردەوە و بەوشێوەیە هاتەئاخاftن: بێگومان سەرەتا لەبنکە وەرزشییەکانی شەقلاوە دەستم بەوەرزش کرد ،پاشان بۆ ماوەیەک یاریم لەتازەپێگەیشتووانی یانەی شەقلاوە کرد وهەروەها هەر لەتەمەنی لاویەتی ڕوومکردە تیپی یەکەمی یانەی شەقلاوە، ماوەی 16 ساڵە بەبەردەوامی لەم یانەیە یاری دەکەم، لەوتەی لەو یانەیە یاری دەکەم بۆ هیچ یانەیەکی دیکە یاریم نەکردووە .

هەر لەبارەی ئاستی یانەکەیان لەخولی یانەپلەیەکەکانی کوردستان نزار بۆ ئەم پرسەیش گوتی: بێگومان هیواو وئاواتی یانەکەمان سەرکەوتن بوو بۆ ڕێزی یانەپلەنایابەکانی کوردستان، بەڵام بەهۆی خراپی بارییە دارایی و نەبوونی هاوکاری پێویست لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان ، ئاستی تیپەکەمان وەک پێویست نەبوو کەرکابەری پلەکانی پێشەوەی خولەکە بکەین، جگە لەمەیش یانەکانی دیکەیش هەر بەهەمان هۆکارەوە ئەنجامی باش وبەرچاویان لەخولەکەدا دەستەبەر نەکرد .

سەبارەت بەئاستی ناوبژیوانانەکانیش نزار بۆ وەڵامی ئەم پرسەیش ڕاشکاوانەی گوتی: لەڕووی ڕێکخستنەوە خولەکە سەرکەوتوو بوو ، بەڵام بەهۆی هەڵەی ناوبژیوانەوە ئەنجامی زۆربەی یاریبەکان گۆڕانکاری بەسەرەوە هات ، کەئەمەیان حالەتێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ خودی یانەکان.

هەر لەبارەی باشترین و خراپترین یاری یانەی شەقلاوە لەم وەرزدا ئەم یاریزانە بۆ ئەمەیش گوتی: خراپترین یاریان بەرامبەر یانەی ئاستۆ بوو ، باشترین یاریشمان بەرانبەر هەردوو یانەی کۆیە و هەڵەبجە بوو کەبەئەنجامی 0-3 گۆڵ یاریبەکەمان بردەوە.

گوتیشی: یەک داواکاریم هەیە لەیەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، حەقوایە ساڵانە سەرجەم خولەکان لەکاتێکی گونجاو ئەنجام بدەن، کاتەکانی دەستپێکردنی خولەکان هەمووی دەکەوێتە نێو وەرزی زستان، ئەم وەرزەیش بەهۆی خراپی





لاهۆز کلاسیکۆی زەوی بەڕێوەدەبات



یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا رایگەیاند کە ماتیۆ لاهۆزی ناوبژیوانی نیودەوڵەتی یاریی کلاسیکۆی نێوان بەرشلۆنە و ریال مەدرید بەڕێوەدەبات، کە بڕیارە یەکی ئاداری داهاتوو لەسەر یاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆ بەڕێوەبچێت.

بەرشلۆنە و ریال مەدرید لە جەولەی 26ی لالیگا لە یارییەکی گرنگ و چارەنووسساز و بۆ رکابەری لەسەر پێشەنگی لالیگادا رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، ئەو ناوبژیوانەش کە یارییەکەی بەڕێوەدەبات دیارترین ناوبژیوانە کە تا ئێستا 30 کلاسیکۆی بەڕێوەبردووە و زۆرترین کارتی سووری بەرزکردۆتەوە لەوانە 4بەرامبەر بەرشلۆنە و 3 کارت بەرامبەر ریال مەدرید.

کۆرۆنا خولی کۆڕیای باشووریشی وەستاند

ئاژانسی یونهابی کۆریای باشوور بڵاوی کردەوە کە یەکێتی تۆپی پێی ئەو وڵاتە بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بڕیاریدا بە دواخستنی خولی کۆڕیای باشوور، کە بڕیاربوو یارییەکانی وەرزی نوێ لە شەممەی داهاتوو بەڕێوەبچووبوایە.

لەلایەکی دیکەوە کۆریای باشوور داوای لە هەر چوار نوێنەرەکەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا کرد کە یارییەکانیان بەبێ ئامادەبوونی جەماوەر ئەنجام بدەن،

بۆ یەکەمجار پایسکلسوارانی ئیسرائیل بەشداری پاڵەوانێتییەک دەکەن لە ئیمارات



وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل رایگەیاند کە تیپی پایسکلی ولاتەکەی بەشداری پاڵەوانیتی پایسکلسواری دەکات کە لهم مانگەدا لە ولاتی ئیمارات بەڕێوەدەچێت.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو راگەیاندنەی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل کە یەکەمین جارە تیپی پایسکلی ئیمارات بەشداریەکی پاڵەوانێتییەک لە ئیمارات دەکات، لایەنی ئیماراتی هیچ ڕوونکردنەوە یان ڕەتکردنەوەیەکی لەمبارەیەوە نەداوە.

ئەندامێکی ئەو تیپەی دەچێتە ولاتی ئیمارات لەمبارەیەوە بە کەنالی (کان)ی ئیسرائیلی ولاتەکەی راگەیاندووە کە ئەو زۆر خۆشحاڵ دەبن بۆ سەردانی ئیمارات و زیاتر دەڵێت کە خەڵکی ئیمارات خەڵکێکی خۆشەویست و دڵنیاین لەوێ باوەشیان بۆ دەکەنەوە.

ڤایرۆسی کۆرۆنا هەڕەشە لە یورۆی 2020 دەکات



ئۆفا میکیلیلی جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپی ڕوونی کردەوە کە تا ئێستا دیار نییە کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، ئایا پاڵەوانێتی ئەوروپای 2020 بەڕێوەدەچێت یان نا ؟

ئیتاڵیا یەک لەو 12وڵاتەیە کە هاوینی داهاتوو میوانداری کۆتاییەکانی پاڵەوانێتی ئەوروپا دەکات، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەم وڵاتە دیارنییە کە یورۆی 2020لەکاتی دیاریکراوی خۆی بەڕێوەدەچێت یان دوادەخرێت.

جێی باسە هەر بەم هۆیەوە چەندین چالاکی جۆراوجۆری وەرزشی لە ئیتاڵیا دواخراون و هەندێ لە یارییەکانیش بەبێ ئامادەبوونی جەماوەر بەڕێوەدەچن.

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە
چەند یارییەکی خولی ئیتاڵیا بەبێ جەماوەر بەڕێوەدەچن



سوارن سلێمان

فینچێنزۆ سبادافۆرای وەزیری وەرزشی ئیتاڵیا رایگەیاند کە ئەو ناوچانەی ڤایرۆسی کۆرۆنای تیادا تەشەنەی کردووە، یارییەکانی بەبێ ئامادەبوونی جەماوەر بەڕێوە دەچن و هیچ هاندەرێک بۆی نییە بۆ سەیرکردنی یارییەکان ئامادە بێت. وەزیری وەرزشی ئیتاڵیا راشیگەیاند کە چەند یارییەکی تۆپی پێ و چەند یارییەکی تریش دوادەخرێت بە هۆی ڤایرۆسەکەوە و بەرچاوترینیان یاری نێوان یۆڤێنتۆس و ئینتەرمیلانە، هەروەها سبادافۆرای دووپاتیشی کردەوە دوای کۆبونەوە و دانیشتنی وەزارەتی تەندروستی و دوای داواکردنی دەستەی وەرزشی دەکرێت بۆ کەمکردنەوەی چالاکییە وەرزشییەکان لە دەرەوە، چونکە ئەوان 6جێگەیان دەستنیشانکردووە کە کەش و هەواکەی زۆر پیسە، ئەوانیش دەکەونە باشوری ئیتاڵیا و بریارە یارییەکان لە یاریگا داخراوەکان ئەنجام بدرێن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.27. Feb. 2020 No: (5942)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دەرهێنەرەکان ئەوەندەی بەدوای ڕوخسار و پارەوەن بەدوای کاری باشەوە نین!

پەروین شازادە: پەچوار ساڵە دوو گۆرانیم پێ تەواو ناکرێ، چونکە هیچ پشتگیریەک نەکراوم لەوەزارەتی ڕۆشنبیریەوە



دیمانە- پەریهان عومەر

هونەرمەند پەروین ئەنوەر عومەر ناسراوە بە (پەروین شازادە) ناوی شازادە لە ناوی هونەرەکەیەوە دروست بووە لە ساڵی1960لەشاری سلێمانی لە دایکبووە ئێستا لە شاری هەولێر دەژی. شانازی بە شاری هەولێر و خەڵکی هەولێر دەکات ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و ئێستا خاوەنی سێ منداڵە دووکچ و کوڕێک. لەئێستایە لە ڕادیۆی نەورۆز کاردەکات و سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیریە.

زۆر گلەیی دەکرێت لەتێکەڵکردنی هونەری بیانی لەگەڵ هونەری کوردی بۆتە هۆی کاڵبوونەوەی ڕەسەنایەتی لە ناوهونەردا؟

لەبەرئەوەی هەرکەتەماشای تەلەفزیۆن دەکرێت یان کۆریە و یان هەر گۆرانی تورکیە یان بیانیە.

چی بکرێت بۆئەوەی ڕەسانایەتی هونەر لەناو نەچێت؟

گەرمانەوێ ڕەسانایەتی هونەر بپارێزین لە لەناوچوون ،پێم باشە بگەڕێینەوە سەر نەریتی بابو باپیرانمان سەر ڕەسەنی کوردی هەم لەڕووی جلوبەرگ هەم لەڕووی مایکئەپ و وابکەین ڕەسەنایەتی کورد لەناونەچێت تەقالیدەی خۆمان بپارێزینەوە.

جگە لەبواری هونەر بە چ پیشەیەکی تر سەرقاڵی؟

من ئێستا لە شاشە دوورکەوتوومەتەوە لە ڕادیۆی نەورۆز کاردەکەم یەکشەم و سێشەم و پێنجشەم بەرنامەم هەیە.

جگە لە هونەری گۆرانی بەشداریت لە هونەری درامار فلمیش کردووە لە کامیان سەرکەوتوترە؟

سەرەتا من بەگۆرانی دەستم پێ کردوو بە گۆرانی ناسرام هاتمە ناو هونەری کوردی. 12 تراکم هەیە بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ تەلەفزیۆنێک دای نەبەزاندووە چونکە بەجلی کوردی دەرکەوتووم و بە گۆرانی بوومە پەروین شازادە. هەروەها لەبواری فیلم و درامادا من سەرەتا لەگەڵ حەمکۆ فەرهاد اسماعیل و حەسکۆ دەرکەوتم. من لە بواری سەرکەوتوترینوم قوتابی مامۆستا فوئاد ئەحمەد و هەشداریە لە هونەری درامار فلمیش کردووە لە کامیان سەرکەوتوترە؟

سەرەتا من بەگۆرانی دەستم پێ کردوو بە گۆرانی ناسرام هاتمە ناو هونەری کوردی. 12 تراکم هەیە بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ تەلەفزیۆنێک دای نەبەزاندووە چونکە بەجلی کوردی دەرکەوتووم و بە گۆرانی بوومە پەروین شازادە. هەروەها لەبواری فیلم و درامادا من سەرەتا لەگەڵ حەمکۆ فەرهاد اسماعیل و حەسکۆ دەرکەوتم. من لە بواری سەرکەوتوترینوم قوتابی مامۆستا فوئاد ئەحمەد و

چ هونەرمەندێکی ئافرەت بەسەرکەوتووەزانی لە بواری هونەردە؟


هونەرمەند مەرزیە فەریقی لەگەڵ هونەرمەند چۆپی فەتاح.

چ گلەیەکت هەیە وەکو هونەرمەند لەوەزارەتی ڕۆشنبیری؟

چوار ساڵە دوو گۆرانیم پێ تەواو نەکراوە چونکە هیچ پشتگیریەک نەکراوم لەوەزارەتی ڕۆشنبیریەوە جەماوەریش هەردەواى گۆرانیبەکانم دەکەن من چۆن پێشکەشیان بکەم، گەر پشتگیریم نەکەن دەرهێنەرەکانی ئێستا تەنها بەدوای ڕوخسار و پارەدا دەگەڕێن تائێستا هیچ دەرهێنەرێک نەهاتووە بڵێ وەرە بەشداری فیلمێک بکە، چونکە ئەوان پەروین شازادە دەناسن دەزانن چۆنە ئەوان مایکئەپ و جلوبەرگ یان دەوێ نەک کاری باش.

ئایا پەروین شازادە ڕەخنەو سەرنجی لەسەر چی هەیە؟

ڕەخنەم لەوپەیجانەیە کەقسەی ناشرین دەکەن و جنێو بەیەک دەدەن. چونکە کەسانیتر لە وڵاتانی دیکەوە تەماشامان دەکەن، دەبێ ئێمەی کورد هەم ئاگاداری هونەرەکانمان بین هەم وابکەین شانازی بەکورد بوون بکەین و ئەو موبایلانەی لەبن دەستمانە بەجوانی بەکاریان بێنین.



ئەو کەسە کێیە لە ئاگرین دڵشاد تێناگات؟

ئا: هێمن ئاری

گۆرانیبێژ ئاگرین دڵشاد، بەیەکێک لە دەنگە نوێیانە دادەنرێت لەم چەند ساڵەی دوایدا لەڕێگەی چەند بەرنامەیەکەوە خۆی بەکوێگران بناسێنێت و وەک دەنگێکی تازە لە گۆڕەپانی هونەریدا دەربکەوێت. ئاگرین،لەتازەترین کاریدا بەنیازە ئەلبومێکی گۆرانی بەناوی (تێناگەی) بڵاودەکاتەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش ئەوەی ئاشکرا کرد "بەرهەمی ئەلبومی (تێناگەی) لەدوای ماندووبوون و هیلاکییەکی زۆر دێت کەکارم تێداکردووە، ئاماژە بەوەش دەکات کەکاری بەشێک لە گۆرانییەکانی لە ساڵی 2016کراوە، بەڵام دەستپێکردن بۆ بڵاوبوونەوەی ئەلبومەکە ماوەی شەش مانگە کاری بۆ دەکرێت.

هەروەها ئاگرین دڵشاد گوتیشی: ئەم ئەلبومە پێکهاتووە لە 12گۆرانی، یەکێک لە گۆرانییەکانیش گۆرانییەکی فۆلکلۆرە و گۆرانییەکانی دیکەش خۆم کاری میلۆدیم بۆ کردوون و بەشێوازێکی تازە ، هەروەها هێمای بۆ ئەوەشکرد تێکستی دوو لە گۆرانییەکان ئەلبومی تێناگەی خۆی نووسیوویەتی.

لەبارەی کاری قیدیۆ کلیپیش بۆ گۆرانییەکانی ئەو ئەلبومە. ئاگرین دڵشاد دەڵێت: گۆرانی تێناگەی بەناونیشانی ئەلبومەکەمە بەنیازم قیدیۆکلیپی بۆ بکەم. کە ئەلبومەکەشم هەر بەناوی ئەو گۆرانییەوەیە و تێکست و میلۆدی هی خۆمە.

هۆکاری مردنی قوربانییەکانی جگەرەی ئەلیکترۆنی ئاشکرا دەکرێت

ناوەندە تەندروستییەکانی ئەمریکا بڵاویانکردەوە: "دوای تۆپژینەوە و لێکۆڵینەوە، گەیشتوونەتە دەرەنجامی هۆکاری مردنی ئەو کەسانەی کە جگەرەی ئەلیکترۆنی دەکێشن. هۆکارەکە پەیوەندیی بە نەخۆشییەکی نادیاری سیستەمەکانەوە هەیە". ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت نووسیویەتی: "سەنتەرێکی خۆپاراستن و کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان لە ئەمریکا ڕایگەیاندووە تۆپژەرەکان ڤیتامین (ئی)یان لەناو هەموو ئەو شلەمەنیانەدا دۆزیوەتەوە کە لەناو سیستەمەکانی 29نەخۆش کۆدەبێتەوە، لەوانەش 10 کەسیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە". ڕۆژنامەکە بەیاننامەیەکی دەستەی تەندروستیی ئەمریکای بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە: "ئەمە یەکەمجارە ئەو مادە کیمیاییە بدۆزرێتەوە و جێگەی مەترسییە لە ناو بایۆلۆجی ئەو کەسانەدا کە نەخۆشیی سیستەمەکانیان هەیە". ڤیتامین ئی جۆرە زەیتێکە و وەک مادەیەک لە بەرهەمەکانی جگەرەی ئەلیکترۆنی-دا بەکاردێت.



گۆشتی سوور
مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ زیاتر دەکات

لە ڕاپۆرتێکی مالپەڕی هێڵس هارڤارد ، بابەتێکی زانستی بە ناونیشانی " خواردنی گۆشتی سوور زیانی بۆ تەندروستی هەیە .."، بڵاوکراوەتەوە، کە لە چەند بەشێکدا هاتووە:ئەنجامی دوایین تۆپژینەوەکان پیشانی داوە کە خواردنی گۆشتی سوور و بەرهەمەکانی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ وخوێنبەرەکان زیاتر دەکات . لەو بارەیەوە " نورینا ئالێن "، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە تۆپژەرە لە زانکۆی نۆرس وستەرن شیکاگۆ، گووتی : ئەو کەسانەی کە گۆشتی سوور و هەموو ئەو بەرهەمانەی کە گۆشت بەرهەم دێن بە شێوەی ڕێک بەکارناهێنن بە شێوەی زیاتر لە دوو ژەم یا خود زیاتر لە هەفتەیەکدا ئەو تووشی نەخۆشییەکانی دڵ و مردنی ناواده دەبنەوە.لە ساڵی2015 ڕێکخراوی تەندروستی جیهان بە پێی بەڵگەنامەکانی بەردەست گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە گۆشتی سوور و بەرهەمەکانی هۆکارن بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە . ئەو تۆپژینەوە نوێیە لە ئەنجامی 6 تۆپژینەوەیە لە سەر نزیکەی 30 هەزار کەس. بەشداربووان بۆ ماوەی 30ساڵ لە ژێر چاودێری دابوون. ئەنجامی تۆپژینەوەکان پیشانی دا ئەوانەی کە زیاتر لە دوو ژەم گۆشتی سووریان لە ماوەی هەفتەیەکدا خواردبوو ، بەڕێژەی حەوت لە سەدا زیاتر لە مەترسی نەخۆشییەکانی دڵ و جەڵتە دا بوون . بەرهەمەکانی گۆشتیش بریتین لە سوسیس و کالباس و هەمبەرگەر.ئەو تۆپژینەوەیە لە بارەی خواردنی گۆشتی مریشک و ماسییەوە پێچەوانە بوو . هەرچەندە خواردنی ڕێژەی گۆشتی سوور زیاتر بێ ، ئەوا مەترسی نەخۆشییەکانی دڵ ، جەڵتە و مردنی لە ناکاو زیاتر دەبێ. تۆپژەران هۆکارەکەی بۆ بوونی ڕێژەیەکی زۆر چەوری تێتر وسۆدیۆم دەگەڕێنەوە .

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا
ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:
ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبووەوە بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لوونەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:
جیاکەرەوە و ئاسەرەوەی ئاسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەنآوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەنآوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.
ئەخۆشیەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەسالآچوان و ئەو کەسانە هەیە کە ئەخۆش (وەک ڕەبۆ و شەکرە و ئەخۆشیەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان



ئەنگە ئەفەسی (حاڵەتی نووندی ئەخۆشیەکە)

چارەسەرییە پزیشکییەکان

ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.
ئەگەر لەو ماوەیە یاری ئەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگرێت.


خۆپارێزی لە دەرەوە

لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:
- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێڵ
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لوونت دابپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشیەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە

ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتایبت هەبە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:
- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنیەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.

سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی



ڤایبەر ئەم خزمەتگوزارییەی کردە خۆڕایی

هەردەوان: خزمەتگوزاری پەیوەندیی خێرا Viber بەردەست کردنی پەیوەندی بەخۆڕایی ئاشکراکرد بۆ بەکارهێنەرانی لەوانەی بەهۆی بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپەوە زیانیان لێ کەوتووە، کەهاوڵاتی ٦ وڵاتی عەرەبین. بەو جۆرە هەر پەیوەندییەک کەلەڤایبەرەوە بکرێت لەئەمریکاوە بۆ هەرکام لەو شەش وڵاتە یان بەپێچەوانەوە بێ بەرامبەرە.بەکارهێنەران دەتوانن تایبەتمەندی Viber Out بکەنەوە و پەیوەندیی قیدیۆیی بکەن بەخۆڕایی لەنێوانی مۆبایل و نۆرماڵدا لەئەمریکا و بەکارهێنەرانی ئێران و عێراق و یەمەن و لیبیا و سوریا و سۆمال و سۆدان.